# هاواری کچانی نیشتمان

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

چاپی یەکەم
٢٠١٩

| | | |
|---|---|---|
| اقليم كوردستان - العراق<br>رئاسة مجلس الوزراء<br>وزارة الثقافة والشباب<br>المديرية العامة للمكتبات العامة<br>شعبة ايداع الكتب | Kurdistan Regional – Iraq / Council of Ministers<br>Ministry of Culture & Youth – G.D. of Public Libraries | هەرێمی کوردستان - عێراق<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان<br>هۆبەی سپاردنی کتێب |

ژمارە: ٤٠٦٢
رۆژ ١٤/گەلارێزان/٢٧١٩ کوردی

العدد:
التاريخ ٥/١١/٢٠١٩

بۆ/ چاپخانەی سەنگەر لە پارێزگای هەولێر

ب/ ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی ساڵی ٢٠١٩ درا بەم کتێبەی کە لە خوارەوە ناوی هاتووە لە چاپخانەکەتان چاپ بکرێت بە تیراژی (١٠٠٠) دانە بۆ کتێبەکە، بە مەرجێک (٥) دانە بۆ بەشی سپاردن ڕەوانە بکەن.

لەگەڵ ڕێزماندا....

| ژمارە | ناوی کتێب | نووسەر /وەرگێرانی | بابەت | ژ سپاردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هاواری کچانی نیشتیمان | ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی | سیاسی | ٢٤٧٧ |

سەرباز جەوهەر محمد
ج/بەڕێوبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
٥/١١/٢٠١٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
هۆبەی ژمارەی سپاردن
G.D. of Public libraries

تێبینی:
١-نووسراوی سەرەوە، دەقەکەی لە پەڕەی دووەمی کتێبەکە وەکو خۆی دادەنرێت، بەشێوەی سکان.
٢-هەرچاپخانەیەک پابەند نەبێت بەناردنەوەی (٥)دانە لە کتێبەکە، جارێکی تر ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.
وێنەیەک:
-کارگێری خۆیەتی
-هەڵگرتن
-خولاو

هەرێمی کوردستانی عێراق – هەولێر – شەقامی کوردستان – پشت وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
اقليم كوردستان العراق – أربيل – شارع كوردستان – خلف وزارة الثقافة و الشباب
library.kurdistan@yahoo.com
Iraq - KRG – Erbil – Behind MOCY

تێبینی: لیژنەی هەڵسەنگاندن لەوەزارەتی رۆشنبیریو لاوان/بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ناوەرۆك و بابەتی کتێبەکەمانی بە (بابەتی - سیاسی- لەقەلەم داوە) بەڵام من کتێبەکەم بەدیدگایەکی (کۆمەڵناسیانە) لە چوارچێوەیەکی"مێژوویی و دیکۆمێنتاری و نەتەوەیی" نوسیووە، نەك بەدیدگایەکی (سیاسی) یەوە.

ئەم كتێبە لە سەر ئەركی كاك ( هیوا نەجار )

بەڕێوەبەری ( كۆمپانیای نیازی ) هەژار چاپكراوە


ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: هاواری کچانی نیشتمان

نووسین و بەرهەڤکرن: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

بابەت: سۆسیۆلوجی و مێژوویی و دیکۆمێنتاری

تایپ: ڕێزان سالح بارزانی و توێژەر

هەڵەچنین: ڕێزان سالح بارزانی و توێژەر

هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: توێژەر

ساڵی چاپ: ٢٠١٩- چاپی یەکەم   تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپخانەی: سەنگەر


لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان- هەرێمی کوردستان- ژمارە سپاردنی (٢٤٧٧)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە.

شوێنی نووسین: - هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان

ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١



مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر

**پێشەکی**

ڕەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.

شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە سەر کچان و ژنانی ئێزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەڵاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکردوون، ئەو خەلافەتە لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.

داعش بە ڕاکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییەو کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی تەمەن و جوانی لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گەڕانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قێزەونترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.

تیرۆریستانی داعش بە چەندین شێوازی دڕندانە و جیاواز مامەڵەیان لە گەڵ ئافرەتان کردووە، وەك؛ (ڕفاندن، هەتککردن، کۆیلەکردنی بە ئاشکرا، جیهادی نیکاح لە گەڵ کچان و ژنان و دەستدریژی سیکسی و دەسبازی و... هتد) ئەم ڕەفتارانەش نەك هەر تەنها پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤە بەڵکو ژێرپێنان و شکاندنی شەریعەتێکی ئاسمانییە، ئیسلام و گشت ئاینەکانی تریش ئەوەیان پێ قبووڵ ناکرێت.

لە یەکێک لە نوسراوە فەرمییەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشدا بەم شێوەیە نرخیان بۆ ئافرەت داناوە و بە دەستکەوتی شەڕ لە قەڵەم دراون، نووسراوە:"پێمان گەیشتووە کە بازاڕی مامەڵەکردن بە

ئافرەت و دەستکەوتەکانی شەڕ لاوازی تێکەوتووە و ئەوەش کاری کردووەتە سەر داهاتی دەوڵەتی ئیسلامی و خەرجییەکانی هەڵمەتی موجاهیدانمان، بۆیە دەستەی بەیتولماڵ بە باشی زانی کە ڕێکاری و نرخی فرۆشتنی ئافرەت و دەستکەوتەکان دیاری بکات و هەموو ئەو کەسانەشی کە مامەڵە بەو بابەتەوە دەکەن پابەندبن بەو ڕێنمایی و ڕێکاریانە بە پێچەوانەوە سەرپێچیکار لە سێدارە دەدرێت".

داعش لە ڕێگای گۆڤاری"دابق"کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت و گۆڤارێکی ئەلکترۆنی داعشە، پاساو بۆ ڕفاندنی ئافرەت و کچە ئێزیدییەکان دێنێتەوەو لە ژمارە(٤)ی گۆڤارەکەدا بەشێکی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە و ڕێ و شوێنەکانی ڕەوایەتی دان بە هەڵسان بە کڕین و فرۆشتن و سەوداکردن بەو ئافرەت و کچە ئێزیدییانەی شیکردووەتەوە.

ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی چەند نامیلکەیەکی تایبەت بە ڕێنمایی سێکسی و دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتە بەدیل گیراوەکان، وەک نامیلکەی" دلیل نكاح الاسيرات" دواتریش نامیلکەی "سؤال و جواب السبى و الرقاب"یان بڵاوکردووتەوە، ئەو نامیلکەیە وەڵامی ٣٢ پرسیاری تێدایە، سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتە بە دیل گیراوەکاندا، هەروەها چەندین فەتوای تێدایە دەربارەی شێوازی مارەکردنی دیلەکان، داعش ئەوەی کردووەتە بەڵگە لەسەر ڕەوایی ئەتك کردنی ئافرەتە دیل کراوەکانی بەردەستی.

هەموو وردەکارییەکانی سێکس کردن لەگەڵ دیلەکاندا بۆ چەکدارەکانی داعش ڕوون دەکاتەوە، ڕێگە ئەدات بەوەی ئافرەتی ناموسوڵمان بکرێتە کەنیزەك. هەروەها باسی ئەو ژنانەش دەکات کە لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە.

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە دەڵێت: ئایا ڕەوایە ژنە دیل کراوەکان بفرۆشرێن؟ نامیلکەکەی داعش دەڵێت:ڕەوایە بفرۆشرێن و بکڕدرێن

و وەك دیاریش ببەخشرێن، چونکە تەنها موڵکن. تەنانەت ئەتوانرێ لەناو ببرێن ئەگەر زانرا لەناوبردنیان زیانی نابێت بۆ نەتەوەی ئیسلام. هەروەها لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا: ئایا دەکرێ، سێکس بکرێت لەگەڵ کچێکی نابالق دا؟ داعش دەڵێت: دەگونجێت ئەگەر کچەکە لەباربێت بۆ سێکس کردن. بەڵام ئەگەر لەبارنەبوو بۆ سێکس کردن، ئەوا دەستبازی لەگەڵ بکەن و چێژی لێ وەربگرن، بەبێ جووت بوون.

دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە پێچەوانەی ئاین و هەموو پێوەرو یاسا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، سووکایەتی بە مرۆڤ دەکات و بە زەبری هێز و ترس و تۆقاندن.

لە بارەی ئاماری کچ و ژنە رفێندراوەکان لەم بارودۆخەدا دوا ئامار و ئامارێکی تەواو ئەستەمە وهیچ بەڵگەیەکی ڕاست و دروست و سەرژمێریەکی تەواو نیە چونکە تا ئێستاش ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و ڕۆژانە لەم لاو لەولا ئافرەتێك رزگاری دەبێت لە دەست چەکدارانی داعش بۆیە ئاماژەمان بەهیچ ئامارێك نەکردووە، چونکە بە بەردەوامی ئاماری جۆراو جۆر و جیاواز بڵاودەکرێنەوە.

تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش بە هەزاران ژن و کچی کورد و کوردستان لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدان، بۆیە لەم پەرتووکەدا ئاماری رفێندراوانی تێدا نیەو لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فرۆشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخو چەندین ئافرەتی تر رزگاریان دەبێت، چونکە ڕۆژانە هەواڵی رزگاربوون و کڕینەوەی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.

ئەمانە زنجیرە کتێبێکن لەم بارەیەوە بڵاویدەکەمەوە ( تایبەتن بەو کچ و ژنە ئێزیدیانەی رفێندراوان و پاشان کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکسییان کراوەتەوە سەر و ئەشکەنجە دراون و دواتر رزگاریان بووە). زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ

لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە رزگاربووەکان و بابەت و ڕاپۆرتی کەناڵەکانی راگەیاندن (بینراو و بیستراو و خوێندراو) بەستووە و وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە راستیەکان گوێزراونەتەوە.
کتێبەکان بە زمانەکانی (کوردی، عەربی، فارسی و ئینگلیزی و تورکی و فەرەنسی و ئیسپانی و یابانی و سینی) تۆمارکراون و بڵاوکراونەتەوە.
لە کتێبەکاندا جگە لە وێنەی رزگاربووان کە لە ژێرەوەیان ناویان نووسراوە، لە گشت لاپەرەکان وێنەی تر هەیە کە پەیوەندی بە خودی باسەکەوە نیە بەڵام پەیوەندی تەواوی بە جینۆساید و کۆمەڵکوژی و ئاوارەبوون و نەهامەتی و دەردەسەری و ژیان و کولتوور و داب و نەریت و ئاین و نزا و بیرو باوەری ئێزیدەکانەوە هەیە.
مەبەستیشمان ناساندنی رووی راستەقینەی ئەم تاوانانەیە کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەسەر ئێزیدیەکاندا هاتووە، جینۆسایدێك لە سەرووی هزری مرۆڤەوە. قیزەونترین تاوان لەم جینۆسایدەدا ئەنجامدراون، وێنەکان خۆیان دەدوێن، ئێمە هیچمان لە ژێر وێنەکان نەنووسیووە، وێنەکانیش وەك چیرۆکە پڕ لە ئازارەکانی ناو کتێبەکە بەڵگەیەکی حاشاهەلنەگرن. بۆ ئەوەی بڕوای تەواو بێنین کە هەموو داعشییەك لە هەموو بەهاو ئەخلاقێك داشۆراوە، ئەو ناموسپارێزییەی باسی دەکەن درۆیەکی ڕووتە، دەبێ گوێ بۆ ئەو ژن و کچە ڕووسوورە ئێزیدییانە بگرین کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوەو ئێستا گەڕاونەتەوە.
ئەسڵەن ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی ورد بۆ داعش دابنێین دەبێت بڵێین:"داعش گردبوونەوەی ئەو هوڤیە بێ بەها و چەپێنراوە هیچ نەدیتکانەیەیە کە ئامانجیان تەنیا و تەنیا ئافرەتە و هیچی دیکە نییە، لەو پێناوەشدا هەموو تاوانێك ئەنجام دەدەن".

سەرەرای گێڕانەوەی ئازار و مەینەتیەکان لەزاری قوربانیانەوە کە لە چوارچێوەی نووسین وەك دیکۆمێنت و میموری چیرۆکەکانیان ئەرشیف و تۆمارکراون. پرۆژەیەکی تریش بەرهەمی ئەم کتێبانەن:

مۆزەخانەیەکی خنجیلانە وەك بەرهەمی ئەم کتێبانە لە مۆزەخانەی ماڵەوەمان زیادکراوە، کەرەستە و کەل و پەل و جل و بەرگی ئەو ئێزیدیانەی لە دۆزەخی داعش رایان کردووە خۆیان گەیاندوتە چیای شنگال و ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها هندێك لەو کەرەستەو جل و بەرگانەی ئەو کچ و ژنە ئێزیدیانەی رفێندراوان و دواتر کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و پاشان دەستدرێژیان کراوەتە سەر، بەدەستمان کەوتوون و لە مۆزەخانەی ماڵەوەمان دانراون، وەك پاشکۆی کتێبەکان.

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
٢٠١٩
گوندی بازێ - دەڤەری بارزان

بۆ ئەوەی بڕوای تەواو بێنین کە هەموو داعشییەك لە هەموو بەها و ئەخلاقێك داشۆراوە، ئەو نامووسپارێزییەی باسی دەکەن درۆیەکی ڕووتە، دەبێ گوێ بۆ ئەو ژن و کچە ڕووسوورە کوردە ئێزیدییانە بگرین کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە و ئێستا گەڕاونەتەوە.

ئەسڵەن ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی ورد بۆ داعش دابنێین دەبێت بڵێین: داعش گردبوونەوەی ئەو هوڤییە بێ بەها و چەپێنراوە هیچ نەدیتکانەیەیە کە ئامانجیان تەنیا و تەنیا ئافرەتە و هیچی دیکە نییە، لەو پێناوەشدا هەموو تاوانێك ئەنجام دەدەن. دواجار تا هیچ گومانمان نەمێنێت کە یەك لە بنەماکانی درووستبونی داعش، دژایەتیی کورد و کوردستانە، تا بزانین داعشییەکان چۆن سەیری کورد و هەموو شتێکی کوردی دەکەن، دەبێت گوێ لە چیرۆکە نەبیستراوەکانی ڕزگاربووانی ژێر دەستی داعش بگرین.

## (١)
## لە خەلافەتەکەی داعشدا جوانیی بەڵا بوو



"ئەمیرەکان کە لێمان بێزار دەبوون پێشکەشی چەکدارەکانیان دەکردین"

مرۆڤ دەتوانێ بیرۆکەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی رێ لە رووخانی شاخێك بگرێ، بەڵام ساڵەکان لە رەققە هێندە شووم بوون، هەموو شاخەکانی دونیا نەیاندەتوانی رێ لە رووخانی ئەو بگرن. من گوێم لە مرۆڤێکی رووخاوی سەدەی بیست و یەك گرتووە کە پێیوایە دادپەروەری سێوێك بوو، بەرلەوەی پێبگات گەنی.

کچێکی تەمەن ٢٥ ساڵ، لە خێزانێکی دڵخۆش و ماڵێکی قەرەباڵخی پڕ لە خوشك و برادا، رۆژەکان هەر چۆن هاتبان، بۆ ئەو خۆش بوون. ئەوان دوو ماڵیان هەبوو، یەکێك لە گرعوزێر و یەکێکی دیکە لە نێو باخ، ئەو رۆژانە دڵیان وەك ئاسمان روون و ساماڵ بوو.

بەڵام لەناکاو هەموو شتێك گۆڕا.. خەڵکی دەبینی پەشۆکابوون، پەشۆکانێکی سەیر بوو. هەواڵەکە بە خێرایی بڵاوبووەوە.. هەواڵی هاتنی هێزێکی چەکدار.

عائیشه پێشتر له بارەی ئەو چەکدارانەوە زۆری بیستبوو که دەچنه هەر شوێنێك وێرانی دەکەن "من نەمدەزانی داعش چییه و چییان دەوێ"، بەڵام ئێستا ئاسەوارەکانی سەر جەسته و دەروونی بەڕوونی پێتدەڵێن داعش چییه.

لێدەگەڕێم عایشه هەندێك فرمێسکی دیکه بۆ ئەو ساتانه بڕێژێ که بەبەرچاوییەوە یەك لەدوای یەك جەستەی باوك و برا و مام و ئامۆزاکانی کەوتن.

عایشەش باسی رۆژی سێی ئابی ٢٠١٤ دەکات، ئەو رۆژه زۆربەی خزم و کەسوکارەکەی له ماڵی ئەوان میوان بوون، بەڵام یەکێك له براکانی لەماڵ نەبووه "هەر لەوێ باوکم و مامم و براکانم و ئامۆزاکانمیان برد، ٣٣ له کەسوکاره نزیکەکانم لەوێ کوژران، پاشان ئێمەیان برده بەعاج، چەکدارێکی داعش هەواڵی هێنا که ئێمه لەوێ نەمێنینەوه و هەر ئەو ئێوارەیه له بەعاجەوه بردینیانه مووسڵ، نزیکەی مانگێك به دەستبەسەری له موسڵ مامەوه."



-ئەو مانگەی سەرەتا رەوشەکه چۆن بوو؟

-هەوڵیان لەگەڵ دەدواین ببینه موسوڵمان، نوێژیان پێدەکردین، لەگەڵ ئەوەشدا دەستدرێژی هەر هەبوو.

-پێیاندەگوتن بە موسوڵمانبوونتان دۆخی ژیانتان باشتر دەکەن و دەستدرێژیتان ناکەنە سەر؟
-دەیانگوت ئێوە سوپاسگوزار بن کە ناچارتان دەکەین ببنە موسوڵمان، کەسانی دیکەتان بە کافری کوژران.




"بەڵام دوای ئەوە ڕەوشەکە گۆڕا بۆ دەستدرێژیی زۆرتر و چەوساندنەوە و ئازاری زۆرتر. ئینجا هەر چەکدارێك دەهات و کچی خۆی هەڵدەبژارد و دەیبرد، هەمیشە بۆ جوانەکان دەگەڕان".
ناشیرینی لەو ڕۆژانەدا نیعمەتێك بوو. جوانەکان و منداڵکارەکان زۆرتر بەرەوڕووی دەستدرێژی دەبوونەوە و ئەوان خواردنی ئەمیرەکان بوون.
ئەوەی چاوی دەگێڕا بەنێو کچ و ژنەکاندا، کڕیارێکی باڵابەرزی گەنم ڕەنگ بووە. چەکدارێکی عێراقی کە هەر بە جلە تەپوتۆزاوییەکانییەوە نەیدەویست بە دەستی خاڵی بگەڕێتەوە. ئەو عایشەی کڕی "سێ مانگ لە ماڵێك مامەوە، یەکەم ڕۆژ مامەڵەیان هێندە ناخۆش نەبوو، وا دەرنەدەکەوت من کەنیزەك بم، بەڵام بەچەند

ڕۆژێکی کەم ماڵەکە بووە جەهەنەم، من هەرچۆن هەڵسوکەوتم کردبایە، هەر هاواری لەسەر دەکردم، دواتر هەر بەڕاستی بەندکرام، ئەوەی هات و لە زیندانەکە دەریهێنام، پێیگوتم دەڕۆین بۆ سووریا، بۆ مەیادین."



مەیادین بۆ ئەو هیچ نەبوو جگە لە چارەنووسێك کە لیستی درێژی کڕین و فرۆشتن دیارییان دەکرد: "دامیانە کەسێك ناوی ئەبوو عوبەیدی سووری بوو، دواتر ئەبوو خەتاب عێراقی کڕیمی، دیسان ئەبوو عوبەید لە ئەبوخەتابی کڕیمەوە، پاشان ئەبوو خەتاب لە ئەبوو عوبەیدی کڕیمەوە. پاشان پیاوێك بەناوی ئەبوو مەجحەل جزراوی کڕیمی. دوای ئەو ئەبوو ڕەواحە منی برد، دواتر ئەبوو جیهاد جزراوی، پاشان ئەبوو خالد جزراوی، ئینجا ئەبوو مازن سعودی، دواتر ئەبوو ساڵح و پاشان ئەبوو ئەحمەد، ئیدی ئەبوو ئەحمەد منی دایە برایەکی خۆی بە ١٥ هەزار دۆلار."

عایشە، جارێك بۆ ماوەی ١٥ رۆژ لە نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی ژنە ئێزدییەکان ماوەتەوە.



هەرچەندە لەو جێگایەدا زڵلەیەکی لێنەدراوە، بەڵام زۆرترین ئازاری چوار ساڵی ژێردەستەیی لەوێ چەشتووە "ئەوانەی دەهاتن، برسیی سێکس و توندوتیژی بوون، بەشێوازی زۆر ناشیرین ژنەکانیان هەڵدەبژارد، بیرمە یەکەم کەس کە منی کڕییەوە کەسێك بوو بەناوی رەسوڵ، بەڵام داعش بە موهەندیس بانگیان دەکرد و عێراقی بوو". ئەوانەی وا بە بەرچاویەوە سوکایەتی بەخۆی و کچ و ژنەکانی دیکە دەکەن، دەستیان بۆ دەبەن و دەستدرێژییان دەکەنە سەر و رووتیان دەکەنەوە و پەلاماریان دەدەن، هەر ئەوانەن کە چەند رۆژێکە ٣٣ کەسی هەرە نزیکیان کوشتووە. ئەوانەن کە تەنیا دەیانەوێ خۆیان لە جەستەی برینداری ئەواندا خاڵی بکەنەوە. من ئێزیدی نیم و کاری منیش نییە دادوەریی بکەم، بەڵام بیر لە مرۆڤێك دەکەمەوە بە هەموو ناسۆر و زامەکانی رۆحیەوە، جەستەشی وەك ئەو کاخەزانە دەدڕێنرێ کە ئاڵێنراونەتە خواردنە خێراکان.



-هێشتا شتێك هەبوو دڵخۆشت بكات؟
-باشییەكەی تەنیا ئەوەبوو، ئەوانەی دەیانكڕیمەوە ڕێگەیان نەدەدا چەكداری دیكە دەستدرێژی بكەنە سەرم.
-ئەوە حاڵەتێكی بڵاو بوو؟
-زۆر ژن گیرۆدەی دەستی ئەوە بوون كە لەیەك كاتدا كەسێك دەیكڕینەوە و دوای خۆی چەكدارانی دیكەش دەچوونە لای.

**كچانی موهاجیر**

خەلافەتەكە خۆرەی گیانی ژنان بوو، بەڵام بۆ ژنانێك كە دەوڵەتەكە بژارەی خۆیان بوو، مامەڵەیەكی دیكەی هەبوو. هاوڕاییەكی زۆر لەنێو كچانی بەكەنیزەككراودا هەیە لەبارەی ئەو میوانخانانەی داعش لە شارەكاندا شكۆیەكی زیاتری پێبەخشیبوون و تایبەتی كردبوون بە

شوێنی ئەو ئافرەتانەی بۆ خۆیان پەیوەندییان بە داعشەوە دەکرد و ناونرابوون ژنانی موهاجیر.
کچانی سەڵت، لەوێ دەمانەوە تاوەکو ئەوکاتەی هاوسەرێکیان بۆ پەیدا دەبوو.




یاسا و رێساکان لەوێ جیاواز بوون و ئەوانەی دەچوونە میوانخانەکە کڕیار نەبوون، بەڵکو لەوێ فۆڕمێکی پڕ لە پرسیاریان پڕ دەکردەوە کە زۆربەی پرسیارەکان لەبارەی ئەوە بوون ئەو کەسەی دەیەوێ ببێتە هاوژینی، دەبێت تایبەتمەندییەکانی چۆن بن، هەموو جارێکیش وەڵامی کۆتایی "بەڵێ" نەبوو.
هەر ئەوەندە نا، لەو شارانەی کە داعش دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبوو، شوێنی دیکەشی تەرخانکردبوو بۆ ئەو ژنانەی هاوژینەکانیان لەشەڕدا دەکوژران.
دەبوو ئەوانیش بە رێسا و یاسای پەسەندکراوی خەلافەت، جارێکی دیکە هاوژینیان بۆ بدۆزرێتەوە.



**ئەو فڕۆکانەی دڵخۆشییان بەردەدایەوە!**

ئەگەر کەسێك دڵخۆش بێت بەوەی فڕۆکەکان زوو زوو بێنە سەر ئاسمانیماڵەکەی و بۆمب بەربدەنەوە، دەبێت چۆن پێناسەی دۆخی بکرێ؟ عایشە، لەوانە بووە کە حەزی دەکرد فڕۆکە جەنگییەکان ئاسمان چۆڵ نەکەن، چونکە هەر نەبێت دەیبینی ئەوەی ڕۆژانە دەیچەوسێنێتەوە، ترس وەك پەچەی سەپێنراوی سەربالای ژنان، روخساری داپۆشیون :"هەر کە فڕۆکە دەهاتن، ئەوان رایاندەکردە نێو ماڵەکان بە پەشۆکاوی، زۆر لە فڕۆکە دەترسان، بەڵام من بۆ خۆم هیچ ترسم نەبوو، چونکە دەمگوت ئەگەر بۆمبێکیش بەربێتەوە لەو ژیانە رزگارم دەکات. لە راستیدا داعشەکان لە هیچ نەدەترسان تەنیا لە فڕۆکە نەبێت."

دوای زیاتر لە ٣ ساڵ، سێ ساڵی پڕ لە فرۆشتن و ئازاری بێبڕانەوە، ئەو توانی پەیوەندی بە براکەیەوە بکات: "گوتم من لە رەققەم و دەبێ رزگارم بکەن، تەنیا رێگاش ئەوەیە بمکڕنەوە، دواتر گەیشتمەوە ماڵەوە". بەڵام ماڵێك کە جارێکی دیکە قەرەباڵغی

بەخۆیەوە نابینێتەوە. ئەو ژیانەی ئەوی بۆ گەڕاوەتەوە، پڕە لە وێنە و یادگاریی کەسانی لەدەستچوو. دڵی کەسێکی رووخاو دەدەمەوە بەوەی ژیان هێشتا دەتوانێ بە تێپەڕینی کات بیرەوەرییە ناخۆشەکانی کاڵ بکاتەوە. ئەو زەردەخەنەیەك دەکات کە هەرگیز ناتوانم بڕوا بکەم زەردەخەنەیەکە لە دڵەوە.




**قسەیان دەکرد و هیچیان نەدەبیست**

کاتێك داعش ئەویان برد، تەمەنی ١٤ ساڵان بوو، ئێستا(٢٠١٨) خیتام بووەتە ١٨ ساڵ، ئەو کەوتە دەست کەسانێك کە شتێك بەناوی سۆز و بەزەیی لە ناخیاندا نەبوو .

کاتێك هەواڵی پەلامارەکەی داعش گەیشتبووە شنگال، خیتام و کەسوکارەکەی پەنایان بۆ چیای شنگال برد، بەڵام ئەمجارە چیاش ئەو تاکە هاوڕێیەی کورد نەبوو کە زۆربەی جار پشتی گرتوون "من لە چیای شنگال گوتم تەواو. من رزگارم بوو، بەڵام سەعات

چواری سەر لەبەیانی، هێندەم زانی چەکدارەکان لەناومان بوون و دەستگیرکراین."




ئەو هەشت رۆژ لە مووسڵ بووە، دەبوو دەست لە ئاینەکەی هەڵگرێ و لەماوەیەکی کەمدا فێری نوێژکردن ببێ و وەك کەسێکی تەواو گوێڕایەڵ خۆی ئامادە بکات لەگەڵ کاروان بەڕێبکەوێ بەرەو سووریا.

"دڕندایەتی لەنێو ئەواندا کارێکی سرووشتی بوو، بە کچەکانم دەگوت خۆتان ماندوو مەکەن، چونکە ئێمە هەرچی بکەین و هەرچۆن هەڵسوکەوت بکەین، ئەوان هەر ناڕازین و بیانووی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی بمانچەوسێننەوە، خواردنەکەیان فڕێدەدایە سەرزەوییەکە، ئێمە هێشتا خەریکی نانخواردن بووین، ئەوان دەهاتن و دەستدرێژیان دەکردە سەرمان، لەکاتی دەستدرێژیدا هەرچیمان

بگوتایە نەیاندەبیست و ئەو ئیشی خۆی هەر دەکرد، تاوەکو ٥ مانگ ئەوە حاڵمان بوو."

خیتام، پوختەی بەسەرهاتێکی ئازارچن و رەشدامانە. هەر چەکدارێك ئەوی کڕیبێ، پێشتر چەند کچێکی ئێزدیی دیکەی لابووە .
ئەمیرەکان، ئەو دەستەبژێرانە بوون کە بە فەرمانی خەلیفەی دەوڵەتە ئیسلامییەکەی داعش بەرپرسیارێتی ناوچەیەك یان بەڕێوەبردنی ژمارەیەك چەکداریان پێدرابوو. ئەوان راستەوخۆ فرمانیان لە والی وەردەگرت، بەپێی گێڕانەوەی ژنانی کوردی ئێزدی، ژیانێکی تایبەتیش جیای دەکردنەوە لە چەکدارە ئاساییەکان.



-ژیانی ئەمیرەکان چۆن بوو؟
-خۆشتر و باشتر دەژیان.
-ئەوە بڕیاری خەلافەت بوو یان بۆ خۆیان سنوور و چوارچێوەیان دیاری دەکرد بۆ ژیانی خۆیان؟
-نازانم. بەڵام لەبەر ئەوەی من لەلای ئەمیر و چەکداری ئاسایی بووم، دەزانم ئەوان جیاواز دەژیان.

"کچە جوانەکان، یان ئەوانەی شوویان نەکردبوو، دەدرانە ئەمیرەکان. ئەمیرەکان کە تێریان دەخوارد، ئێمەیان دەدایە چەکدارەکان و خۆیان کچ و ژنی تازەیان بۆ دەهات . کە چەکدارەکانیش لێمان بێتاقەت دەبوون، دەیانفرۆشتین بە چەکدارانی دیکە ."

لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەمیرو چەکدارە بیانییەکانی داعش لە سووریا بوون، هەمیشە کچ و ژنە جوانەکان لە پایتەختی خەلافەتەوە دەبرانە سووریا.



**وریابە دووگیان نەبی**

ئەمیرەکە تاقەتی لە خیتام چووبوو، ئەوی وەك دیارییەك دایە چەکدارێکی خۆی و ماوەی ١١ مانگ لەگەڵی بوو. ئەوە باشترین دیاری بوو بە چەکدارەکەی بدات و پێی بڵێ کە دڵسۆزیی ئەو بۆ پارێزگاری لە خەلافەت لەبەرچاو دەگیرێ :"ئەو چەکدارە لە

ماڵەکەیدا ژنی هەبوو، بەپێی مامەڵەکردن لەگەڵی کە زۆر نەرمونیان و جیاواز بوو، تێگەیشتم هاوژینی راستەقینەی خۆیەتی. ئەو ژنە وەك من نەبوو کە هەمیشە بە داری ماسیحە و سۆندە مامەڵەم لەگەڵ دەکرا، هەر جارێکیش ئەو پیاوە دەهاتە لام و ئیشی خۆی دەکرد، کاتێك دەچووە دەرەوەی ماڵ ژنەکە بە دارێکەوە دەهاتە ژوورەوە و تێر و پڕی لێدەدام."

جگە لەوانەی وەك کەنیزەك چوونەتە لای خیتام، بە نافەرمی بووەتە هاوژینی ئەمیرێك و دوو چەکداری داعش. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەوانەی چوونەتە لای ئەوە بووە "پێش ئەوەی دەستدرێژم بکەنە سەر، دەیانکێشا بەسەرمدا و دەیانگوت وریابە دووگیان نەبی، ئەوان نەیاندەویست ئێمە لەوان دووگیان ببین."



**کچ و ژنانی رۆماش دەکەینە کەنیزەك**

با ناوی ئەو تەنیا دوو پیت بێت (ج.ت) یان هەرنەبێت. لەڕاستیدا وەك خۆی دەڵێ، ئەو هەر نییە و لەڕۆژی سێی ئابی ٢٠١٤ بەدواوە مردووە :"خەڵکی شنگالم. لەوانە بووم هەرزوو رەوانەی مووسڵ کرام. یەکێك بووم لەوانەی هەموو ئامادەکارییەکیان کردبوو بۆ لە

سێدارەدانمان و تەنیا مەرجی هەڵوەشاندنەوەی فرمانەکەشمان بەپێی بڕیاری ئەبوبەکر بەغدادی، موسوڵمانبوونمان بوو."
تاوەکو ئەوکاتەی لە مووسڵ بووە، بەدەست چەکدارێکی داعشی تورکمانەوە گیرۆدە بووە. پێیوایە خەڵکی تەلەعفەر بوو "زۆر داخ لەدڵ بوو بەرامبەر ئێمە". دواتر چارەنووس ئەوی فڕێدایە سووریا و ماوەیەك درایە چەکدارێکی بیانیی داعش کە ئەڵمانی بوو. بە کەسێکی بێبەزەیی و تووڕە وەسفی دەکات. ئەوە داعش بوو کە دەیتوانی تورکمانێکی تەلەعفەری و ئەڵمانییەك و چیچانییەك لە تووڕەیی و دڕندەییدا وەك یەك لێبکات.



(ج) دەڵێت: "چەکدارە ئەڵمانەکە کە دەیویست ئیشی خۆی بکات، هەندێك نەرمونیانتر دەبوو، لەو کاتانەدا باسی خۆی دەکرد کە چۆن لەڕێگای ئینتەرنێتەوە پەیوەندی بە داعشەوە کردووە و ناسیونی و خۆی گەیاندووەتە سووریا. ناوی خۆی گۆڕی بوو بە ئەبوو سالْح. هەندێکجار پرسیارم لێدەکرد.

-بۆچی لەناو ئەو هەموو ژنە مەسیحی و گاورەدا ئێوە تەنیا کچانی ئێزیدی دەکەنە کەنیزەك، خۆ ئەوانیش موسوڵمان نین؟
-ئێوە کافرن و کچان و ژنانی کافران دەبنە دەستکەوتی جەنگ (سەبایا)، بەڵام کچان و ژنانی مەسیحی و جوو، دەتوانن جزیە بدەنە بەیتولمال.
-بەڵام ئەوە دادپەروەرییە ؟
-(بە تووڕەییەوە) تۆ ئێمە فێری دادپەروەری دەکەی؟ بەم نزیکانە دەبینی کچان و ژنانی ڕۆما وەك دەستکەوتی جەنگ دێنینە شام و عێراق .خەلافەت دەکشێ و دوای ئازادکردنی ڕۆما، بەرەو چین و وڵاتانی دیکەی جیهان دەڕۆین.



ئەو هەرگیز ناتوانێ یەکەم شەو لەبیربکات. ئەو شەوە تووشی خوێنبەربوونێك بوو، بەڵام چەکدارەکە نەیبرد بۆ نەخۆشخانە. کاتێك ویستوویەتی بڕواتە دەرەوە، خوێنساردانە ئاوڕێکی داوەتەوە و گوتوویەتی "خۆت خاوێن بکەرەوە با نێوماڵەکە پیس نەبێت ."

لەو رۆژانەدا پاڵەوان کەسێك نەبوو دەستبگرێ بەسەر رۆمادا، بەڵکو ئازایەتی ئەوە بوو دەستبگرێ بەسەر دڵێکی شکاودا و پێی بڵێ لەگەڵ هەموو ئەو ئازارانەی هێناومەتە سەر رێگات، مرۆڤبوونت شیاوی ئەوەیە چەند خولەکێکیش میهرەبانی ببینی. ئەو هەرگیز ئەو جۆرە پاڵەوانانەی نەبینی. ئەو کچێکی جوان بوو، بەڵام جوانی بووە بەڵای گیانی.







ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

## (٢)

## چیرۆکی ڕزگاربوونی باران و سۆزانی کچی لە دەستی تیرۆریستانی داعش

## باران: پێشمەرگەکە پێی گوتم بەخێر بێنەوە، پێڵاوی کچەکەت دەوڵەتەکەی داعش دێنێت



لەچیرۆکی هەر منداڵ و ئافرەتێکی ڕووسووری ئێزیدی ڕزگاربووی دەستی نەگریسی داعش ورد بینەوە، دەمانتاسێنێت.
هەر چیرۆکێکیان، فیلمێکی تراجیدیی دڵتەزێنی ناخهەژێنی واقیعییە کە ئەگەر ناونیشانێکی ڕاستەقینەیان بۆ دابنێین، سەرلەبەریان برێتین لە باجی ئێزیدیبوون و کوردبوون. لایەنی سەرنجڕاکێش لە چیرۆکی ڕزگاربووانی چنگی دەوڵەتی تیرۆریستی داعش ئەوەیە کە لەگەڵ بیستنی هەر یەکێکیاندا، لە دڵی خۆماندا دەڵێین، مەحاڵە لەم چیرۆکە کارەساتبارتر هەبێت، کەچی هەر گوێ لە یەکێکی دیکەیان دەگرین، نەخێر، ئەویان لە چاو ئەمیاندا خۆشی و سەیرانە.

ئەم چیرۆکەمان، تاوانی گرتن و ڕفاندنی خاتوو باران (٣٨ ساڵ) و خێزانەکەیەتی. لە کاتێکدا گرتن و ڕفاندن و مانەوەیان لای تیرۆریستانی داعش، تاوانێکی واقیعی ئینسانیی پڕ چەرمەسەرییە، چیرۆکی هەڵاتن و ڕزگاربوونەکەیان، زیاتر لە خەیاڵ و مەحاڵ نێزیکترە. پاش ئەوەی گوێمان لە خاتوو باران گرت، یەك ڕاستینەمان زیاتر و زیاتر لا چەسپی: ئەو ئازایەتی و چاونەترسیی و مەردایەتییە تەنیا لە ئافرەتانی ڕووسووری کوردی ئێزیدی دەوەشێتەوە.



**لە چیای شنگالەوە تا مینبج**

خاتوو باران-ی ماندوو و شەکەتی دەستی تیرۆریستانی داعش و نەبوونی و دەربەدەریی، دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی و خێزانەکەی کرد: "ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣، ڕۆژی داگیرکردنی شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، لەگەڵ ئەو خەڵکەدا خۆمان گەیاندە چیا، تا ئێوارە لەنێو ئەو حەشاماتەداماینەوە، درەنگانێکی شەو، ناچار هاتینەوە خوارەوە بۆ نێو شاری شنگال، چونکە خەسووم باری تەندروستیی زۆر خراپ بوو، ڕاستییەکەشی نەشماندەزانی داعش

وامان پێ دەکات و جیا لەوەی هێشتا جووڵە لە شنگالەوە بەرەو چیا بەردەوام بوو و خێزانگەل پەیتا پەیتا دەهاتن و دەچوون، هەر گەیشتینە دەروازەی شار، چەکدارانی داعش گرتیانین و بردیانینە نێو بینایەی یەکێك لە فەرمانگە حکومەییەکانەوە.



لەوێ دەیان خێزانی دیکەی ئێزیدی تێدابوو. هەر بۆ سبەی، پیاوەکانیان لێ جیا کردینەوە کە ژمارەیان نێزیکەی ٤٠ پیاو دەبوو، بردیانن و ئێستاش(٢٠١٧) نەمانبینیونەتەوە. منداڵ و ئافرەتەکان ماینەوە، ئێمەشیان بارکرد و بردیانین بەرەو تەلەعفەر. یەك دوو هەفتە لەوێ ماینەوە و شەو لەناوێك سواری پاسیان کردین بەرەو مووسڵ و لەوێوە بۆ بەندیخانەیەکی گەورە کە دوایی زانیمان بەندیخانەی بەدناوی بادووشە. لە بادووش، فڕۆکە کەوتنە لێدانی پێگە و بنکەکانی داعش لە دەوروبەری بەندیخانەکە.“ لە خاتوو بارانم پرسی: هەستت چی بوو کە گوێت لە دەنگی فڕۆکە و بۆمبارانەکەیان دەبوو؟ وەڵامی دامەوە:”ڕاستییەکەی دەترساین بەتایبەتی ڕۆژانی یەکەمی بۆمبارانەکە، ئاخر لەگەڵ هەر بۆمبێکی دەوروبەری بەندیخانەکەدا، خەریك بوو جەرگ و هەناومان دەهاتە دەرەوە، بەڵام چونکە دەمانزانی لە داعش دەدەن، زۆرمان پێ خۆش

بوو، ڕاستییەکەی ورەشمان بەرز دەبووەوە، بەتایبەتی هەستمان دەکرد کە بۆمبارانەکان زەبری چاکی لە داعشان دەدا و دەرکیشمان دەکرد چۆن هەر هەموویان ڕۆحیان لە فڕۆکەکان چووبوو.“

خاتوو باران گەڕایەوە سەر گێڕانەوەی نەهامەتیەکانی خۆی: ”پاش بیست ڕۆژێك، ئەڵبەت بیرم نەچێت کە لەو بیست ڕۆژەدا، ژمارەیەکی زۆر لە کچە جوان و ئافرەتە گەنجەکانە بردیانن و ئیدی نەهاتنەوە. ئەمە جیا لە برسێتی و تینوێتی و ڕەزالەتی پیسیی بەندیخانەکە. ئاخری بەیانییەکی زوو دیسان سواری ترۆمبێلانیان کردین و گێڕایانینەوە بەرەو تەلەعفەر. ئەمجارە بردیانینە، گوندە چۆڵەکانی تورکمانە شیعەکانی تەلەعفەر.



له گوندی قزلقیو، نێزیکەی مانگێك زیاتر کەمتر ماینەوە، ژیانێکی تا بڵێی پڕ چەرمەسەری و هەرچی شتی خراپ بوو له داعشەکانمان بینی. کاتێك لەوێش دەستیان کرد به بردنی کچ و ئافرەتانی گەنج. ڕۆژی ١٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٤، هاتن ژمارەیەکی زۆر ئافرەتیان برد، لەنێویاندا، پیزارۆی براژنم (که ئیدی نەمبینیوەتەوە) و ئیڤای کچه گەورەکەم که دووگیان بوو. داوام له داعشەکان کرد منیش لەگەڵ ئەوان ببەن، پێیان گوتم تۆ گەنج نیت نابێت بچیت لەگەڵ ئەوان. من سوور بووم لەسەر ڕۆیشتن لەگەڵ ئیڤای کچم. داعشەکه لێی پرسیم تەمەنت چەندە؟ گوتم ٣٨ ساڵ. گوتی باشه سەرکەوە و وەره لەگەڵمان دەبێت تۆش بفرۆشین. کەوتینه ڕێ، نۆ سەعات بەڕێوە بووین تا گەیشتینه شارۆچکەیەکی سووریا. نزیکەی دووسەد و پەنجا کەس دەبووین و له ماڵێکی گەورەدا دایان بەزاندین و کردینینه ژوورەوە. شەوێ لەوێ هێشتیانینەوە، ئیڤای کچم ژانی لێ هات، بۆ ڕۆژی دوایی، کوڕێکی بوو، که خۆیان ناویان لێ نابوو خەتاب. ئیڤا، حاڵی زۆر شڕ بوو، خەریك بوو شێت دەبووم بەدیارییەوە، دەسەڵاتیشم نەبوو، به هەزار پاڕانەوە بردیان بۆ نەخۆشخانه و کچێکی خەڵکی کۆچۆ خوێنی پێ بەخشی دەنا دەمرد.





هەر دوای ئەوە هاتن ئیڤا و منداڵەکەیان برد و ئیدی ئەوانیشم نەبینییەوە و خۆم و سۆزانی کچە چکۆلانە حەوت ساڵانەکەم ماینەوە. نزیکەی هەفتەیەك ماینەوە، تا فرۆشتیانم بە داعشێك. کاتێك داعشەکە هات، گوتم بشمکوژن نایەم ئەگەر سۆزانی کچیشم لەگەڵدا نەبێت. تێشمگەیاند کە سۆزانی کچم کەڕولاڵە. بۆ ڕۆژی دواتر من و نۆ ئافرەتی دیکە بە منداڵەکانمانەوە بردیانین بۆ ماڵێکی دیکە. هەر گەیشتین هێندەی نەبرد، جەڵبە داعشێك هاتن و حەوت ئافرەتیان برد، تەنیا من و سۆزانی کچم و ئافرەتێکی خەڵکی کۆچۆ ماینەوە. ئێمەشیان گواستەوە ژێرزەمینی کۆگایەکی هەشت نهۆمی کە

کردبوویانە نەخۆشخانە. داعشییەك کە ناوی عەبدولڕەحمان بوو، هات من بکڕێت، تا ببمە کارەکەر لە ماڵەکەیدا، گوتم دەبێت کچەکەم لەگەڵدا بێت. ئەویش دەیگوت دەبێت بە تەنیا بێیت. مشتومڕێکی توندمان بوو، کاتێك پەلاماری تفەنگی دەستی پاسەوانەکەیم دا ڕاستییەکەی ویستم خۆم بکوژم. کەچی داعشەکە گوتی: ئەوە دەتەوێت بمکوژی؟ کەوتنە لێدانم زۆر خراپ دارکاریان کردم و جەستەیان شین و مۆر کردمەوە، سۆزانی کچیشم بەدیارمەوە زارەترەك بووبوو. ئاقیبەت هەردووکمانی برد. کە گەیشتینە ماڵەکەی کردینییە ژوورێکەوە و دەرگەی لەسەر داخستین. پێنح ڕۆژ و پێنج شەو من و سۆزانی کچمی بە برسێتی و تینوێتی بەند کرد. کە بەریشی داین، هەر لە ماڵەکەدا، کچەکەمی لێ جیا کردمەوە.




ڕۆژێك داعشێك هات کە ئەبو (عەبدولڕەحمانی تورکی)یان پێ دەگوت، منی کڕی. لە ماڵەوە پێی گوتم، باپیرە گەورەم ئێزیدیی کوردستانی تورکیا بووە و موسڵمان بووە. ڕۆژێك لە ماڵەکەیدا بووە هەرا هەرا، گوێم ڕاگرت تەماشا دەکەم، داوا لە کوڕەکەی و بووکەکەی دەکات ببنە چەکداری داعش، ئەوانیش ڕازی نەبوون،

چوو شکاتی لێ کردن و هەردووکیان بەندکران ئیدی نەمبینینەوە لە ماڵەکەدا. پاش نێزیکەی مانگێك، منداڵێکی ئێزدی کە لەگەڵ دایکی لە ماڵی داعشێکی دیکەی هاوسێی ماڵی ئەبوعەبدولڕەحماندا بوو، هات بۆ لام و بەنهێنی پێی گوتم: گوێم لێ بوو تەلەفۆنی دەکرد بۆ داعشێکی دیکە و تۆی فرۆشتووە. تەنانەت ژنەکەی پێی گوتبوو کچەکەشی با بڕوات لەگەڵیدا، ئەویش دەیگوت: نا کچەکە با مێنێتەوە و ماوەیەکی دیکە بە پارەیەکی چاك دەیفرۆشمەوە.



بۆ ڕۆژی دوایی، من و سۆزانی کچمی برد بۆ مقەڕێکی داعش. لەوێ ئەمیرێکی داعش هات و ئێمەی کڕی. دەرکەوت ئەمیرەکە چینییە. تا بڵێی پیاوێکی توند و تووڕە و دڵڕەق و تاوانبار بوو. پێنج ڕۆژ لە ماڵی داعشە چینییەکەدا ماینەوە، شەوێکی باوبۆرانی قایم بوو، ئەبو عەبدولڕەحمانەکە هات بۆ ماڵی کابرای چینی، گوتی: ئاگات لەم ژنە بێت، ڕادەکات. چونکە کچێکی دیکەی لە ڕەققە ڕایکردووە. داعشە چینییەکە، یەکسەر بڕوای کرد و تەلەفۆنی

داعشێکی کرد و گوتی وەرەو بۆ ماڵی ئێمە. پاش کەمێك دووان هاتن تا کچەکەم بەرن. زۆر هەوڵم دا و پاڕامەووە لێیان بیخەنە سبەی بەیانی و بەو باوبۆرانە نەیبەن، ئاخری ڕازیم کردن و ڕۆیشتن. هەر ڕۆیشتن، بڕیارم دا خۆم و کچەکەم هەڵێین و ڕزگارمان بێت لێیان و کچەکەشمم تێگەیاند.



ڕێکەوت، ئەو ڕۆژە تا ئێوارەیەکی درەنگ، ماڵەکەیان کاشی دەکرد، لە دەرەیشەوە باوبۆرانێکی بەخوڕ بەردەوام بوو، هەموویان زۆر ماندوو بوون و هەر شەو داهات هەموویان خەویان لێ کەوت. کچەکەم خەبەر کردەوە و بەو بارانە بەسەر پەرژینی ماڵەکەدا بازمان دا و هەڵاتین. لەو نێزیکانەی ماڵەکە، لە دەرگای هەر ماڵێکمان دەدا، کاتێك دەیانکردەوە، دەیانزانی لە کابرای چینی هەڵاتووینت، دایان نەدەکردین و دەیانگوت: ئەو چینییە زۆر تاوانبار و دەستڕەشە، بەخوا پێمان بزانێت ئێمە و ئێوەش پارچە پارچە دەکات. بۆیە ناوێرین هاوکاریتان بکەین. وایان دەگوت و دەرگایان دادەخستەوە. ناچار بەو باوبۆران و سەرمایە هەر ڕۆیشتین تا دوو سێ کۆڵان لە ماڵی داعشە چینییەکە دوور کەوتینەوە. لەوێ، لە

دەرگای ماڵێکمان دا، گەنجێك کردییەوە، کاتێك زانی ئێمە ئێزدین و هەڵاتووین، گوتی: باوەڕ بکەن ئامۆزاکەم لە ماڵی ئێمە خەوتووە و داعشە، بۆیە ناوێرم یارمەتیتان بدەم تکایە زوو بڕۆن با پێتان نەزانێت و تەسلمیتان بکاتەوە. گوتم: براکەم باشە هاوکارییەکمان بکە و تەگبیرێکم بۆ بکە چی بکەین بەم شەوەزەنگ و سەرما و سۆڵەیە؟



گوتی: باشە بڕۆن بۆ ئەو گەڕەکانەی سەرەوە، ئەوانە داعشیان تێدا نییە و یارمەتیتان دەدەن. ڕۆیشتین. ئەڵبەت هەموو گیانمان ئاوە و زۆر سەرمامانە. لەوێ، لە دەرگایەکم دا. پیاوێك کردییەوە کە وەزعی جلوبەرگ و کچەکەمی بینی، یەکسەر گوتی وەرنە ژوورەوە. گوتم قەیدی ناکا، لەم هەیوانەدا ڕێگەمان بکەن. پیرێژنێك هاتە لامان گوتی: نا کچم وەرنە ژوورەوە کە زانیان لە دەستی داعشە چینییەکە هەڵاتووین، پیرێژنەکە گوتی: هەزار نەفرەتی لێ بێت، دەی ڕۆڵە گەرماویان بۆ ئامادە بکەن با خۆیان پاك کەنەوە و نان بخۆن و یارمەتیان بدەن لەم ناوە دوور کەونەوە با ئەو داعشە چینییە نەفرەتییە دەستی نەیانگاتێ. دواتر بە دەم نانخواردنەوە پیرێژنەکە دادوبێدادی خەڵکی مینبجی لە دەست ئەو هۆڤییە بۆ

دەگێڕامەوە. دواتر پیرێژنە مەردەکە، بە کوڕەکەی گوت، دەی کوڕم هەستە بیانبە بۆ ماڵی قڵان لە فیسارە گوندی دەرەوەی مینبج. یەکسەر دوو گەنج لەتەکماندا بە خۆیان و لایتی دەستییەوە هاتن لەگەڵمان و دەرچووین. لە ڕێگا ئەو دوو گەنجە هەر باسی تاوانەکانی داعش بەتایبەتی ئەو داعشە چینییەیان دەکرد. پاش سەعاتێك ڕێ، بەو بارانە گەیشتینە گوندێك. لەوێ چووینە ماڵێك.



ماڵ چ ماڵ. ژوور و هەیوانێك، هەژار و ڕووت و ڕەجاڵ. هێندە بێ وەزع بوون، لەو حاڵەی خۆمدا بەزەییم بەواندا دەهاتەوە. ناچار لێم پرسین: باشە بۆ وەزعتان وایە؟ گوتیان ئێمە خەڵکی ناوچەی سفێرییەین و سێ ساڵە ئاوارەی ئەم ناوچەیە بووین. بۆ بەیانی داوام لێ کردن یارمەتیم بدەن و بیمگەیەننە گەراجی گوندەکە تا بەرەو شاری باب بڕۆین و لە داعش دوور کەوینەوە. ماڵەکە گوتیان: کچم ئێستا ئەو داعشە چینییە هەموو دنیای تێ گەیاندووە ئێوە


ڕاتانکردووە، دوایی دەتانگرنەوە. بۆیە کەمێك دان بەخۆدا بگرە با بزانین چۆن دەبێت ئەوکات یارمەتیت دەدەین بڕۆی. پاش نیوەڕۆ ژنی ماڵەکە چووە بازاڕ تا بزانێت دەنگوباس چییە، پێش ڕۆژئاوا هاتەوە و گوتی: وەڵا چینییەکە دنیای تێکداوە و لەنێو شارۆکەدا باس بڵاو بووەتەوە کە سەبییەك خۆی و کچەکەی هەڵاتوون، بۆیە جارێ دانیشن. گوتم: باشە چارە چییە؟ گوتی: شەو کوڕەکانمان دەتانبەن بۆ شارۆکەیەکی دیکەی بەڵکوو ترۆمبێلێکتان لەوێ دەستکەوێت، ئەوێ باشترە چونکە لە بن فەرماندەی ئەو داعشییە چینییە تاوانبارەدا نییە.




شەو بردیانین. بەو گوندە، لە دەرگای ماڵێکم دا. ژنێك کردییەوە، هەر کە زانی کوردی ئێزدیین، زۆر تاسا و هەرچەند پاڕامەوە نەیوێرا ماڵەکەیمان بۆ بکاتەوە و یارمەتیمان بدات و پێی گوتم، بڕۆ بۆ مزگەوتەکە بمێنەرەوە، تەبعەن منیش نەموێرا بچم. بەڵام بەرانبەر ئەو ماڵە کۆمەڵێك کەلاوە هەبوون چووینە کەلاوەیەکەوە. هێندەی نەبرد، دوو گەنج هاتن لێیان پرسیم تۆ کێیت و چی دەکەی لەم

کەلاوەیەدا؟ گوتم: خەڵکی سفێرییەین و لێمان قەوماوە و تەنانەت پێناسەکانیشمان تیاچووە. یەکێکیان گوتی: باشە کچەکەم نەخۆشە دەیبەمە لای نەخۆشخانەو دەگەڕێمەوە، دوایی دەتانبەمە ماڵی خۆمان، خۆ نابێت تا بەیانی لەم کەلاوەیەدا بن. پاش نیو سەعات هاتەوە و پێی گوتم: تکایە ڕاستییەکەم پێ بڵێ تا بتوانم هاوکاریتان بکەم. گوتم: نا قەینا تا بەیانی لێرە دەبین و دەڕۆین. گوتی: دەترسم سەبییەی ئێزدی بیت و ڕاتکردبێت؟ گوتم ئەگەر وابوایە نەدەهاتمە ئەم کەلاوەیەوە. گوتی: کەواتە با تەلەفۆنی باوکم بکەم با ئەو بێت تا بڕۆین بۆ ماڵی خۆمان. کە گەیشتینە ماڵەکە، باوکەکە لێی پرسیم: خەڵکی کوێی بەڕاستی پێم بڵێ؟ گوتم: عفرین. دەرچوو ئەوانیش عفرینین و کەوتە پرسیار لە کام گەڕەکین و کێ دەناسین و لە کام عەشیرەتین. ناچار گوتم: خاڵە گیان من ئێزدیم و لە مینبجەوە هەڵاتووم. یەکسەر گوتی: بەخێر بێی سەرچاو کچی خۆم.





کاتێك وام گوت، چوار پێنج میوانیان هەبوو هەر هەموویان ئەوق بوون. یەکسەر باوکەکە گوتی: دەی هەمووتان سوێند بخۆن ناپاکی نەکەن و خەبەر لەم ئافرەتە و لە ئێمەش نەدەن. هەمووان سوێندیان خوارد، یەکێکیان نەبێت، زۆریان لەویش کرد تا سوێندی خوارد. سەرەڕای ئەوە من ترسام و بەو باوبۆرانە دەستی کچەکەمم گرت و گوتم دەڕۆین، چەند زۆریان لێ کردم گوتم زۆر سوپاس دەڕۆیین. ڕۆیشتین، لە سێ دەرگامان دا نەیانکردەوە. تا گەیشتینە بەر ماڵێك ماتۆڕسیکلێکیان لەبەر دەرگا ڕاگرتبوو، سۆزان ئیشارەتی بۆ کردم بەڵکوو بەم ماتۆڕە یارمەتیمان بدەن، لە دەرگام دا. کچێکی کەمئەندام کردییەوە، چوو دایکی بانگ کرد. چووینە ژوورەوە و زۆپای داریان بۆ گەرم کردین. ژنەکە لێی پرسیم: کچەکەم چیرۆکی تۆ چییە؟ گوتم ئێزیدیم و هەڵاتووم و خەڵکی شنگالم.




کوڕەکەیان هەڵی دایە گوتی: من شۆفێری تاکسیم بەداخەوە دوێنی ترۆمبێلەکەم فرۆشت دەنا یارمەتیم دەدان. ئەڵبەت لە ڕۆژی گیرانەکەمەوە من سێ ملیۆن دیناری عێراقیم لەنێو جلەکانمدا

شاردبووەوە هەر پێم مابوو. گوتم: چەند دەڵێن شۆفێرێك بۆ بدۆزنەوە بمگەیەنێتە شاری باب.
ئاخری شۆفێرێکیان بۆ دۆزیمەوە کە داوای سێ ملیۆن و ملوانکەی کچەکەمی کرد تا بمانگەیەنێت. منیش ناچار ڕازی بووم. کاتێك گەیشتینە باب و لەوێوە بۆ سنووری تورکیا، تەنیا سەد هەزار دیناری عێراقیم پێ مابوو. کە داخڵی تورکیا بووین، ئیدی ترس نەما، هەرچۆنێك بوو بەو پارەیە و بە هاوکاریی خێرومەندان گەیشتمە سلۆپی و لەوێشەوە بۆ خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیل.
کاتێك گەیشتینە لای پێشمەرگە و ئاسایش یەکێکیان داوای بەڵگەنامەی لێ کردم. گوتم: هیچم پێ نییە، چونکە من شنگالیم و لە مینجەوە لە دەستی داعش ڕامکردووە، پێشمەرگەکە بە خۆشییەوە هاواری کرد: بەخێر بێنەوە خوشکی بەڕێز، پێڵاوی ئەو کچەت دەوڵەتەکەی داعش دێنێت.. فەرموون.




AHMAD AL-RUBAYE via Getty Images



## ( ٣ )

## زۆرەدەسگرتەکردنی ژنانی ئێزیدی: چیرۆکی بەهار




خاتوو کازیوە سالْح نووسەر و چالاکوان دەنووسێت:
بە ڕاوێژ لە گەڵ بەڕێز مامۆستا حەمەفەریق حەسەنی نووسەر، وشەی'زۆرەدەسگرتەی' م هەڵبژارد بۆ دەستدرێژی سێکسی، ئەمە وشەیەکی هەورامی کۆنە. ئەم جۆرە دەستدێژییە  کە بە عەرەبی پێیَ ئەوترێت (اغتصاب) و بە ئنگلیزی (رەیپ)، هەردوو وشە عەرەبی و ئنگلزێکە بۆ ناونانی ئەو پرۆسەیە گونجاوە چوونکە زۆرە ملْی وبە زۆر کردارکردنی تێدایە. بەم دواییە بە کوردی وشەی ' لاقە ' هاتوەتە ناو زمانی کوردییەوە، نازانم کێ و بە چ واتایەک ئەم وشەیە داتاشراوە، ڕەچەڵەکی وشەکە نازانم، بەڵام ئاوازەکە و واتاکەی هیچ بە زۆرێکی پیوە دیار نیەو زیاتر پێ ئەچێت واتای' لاق کردنەوە' بکات ئەمەش پێناسەی تاوانەکە نادات. لە هەمان کاتدا ئێمە ناتوانین هەموو جار دەسترێژیکردنی سێکسی بەکار بهێنین چونکە ئەو کات

لە بری چەمک ئەبێت بە ڕستە بۆیە لە ئیستادا' زۆرەدەستگرتەی' بە کار ئەهێنم، خوازیارم لە داهاتوودا وشەیەکی ئاسانتر و پڕ ماناتر بدۆزینەوە.



– بۆچی بەهار؟
– کە لای داعش گیرابووم زوو زوو بیرم لە لاپاڵی سەوزی دێیەکەمان ئەکردەوە لە بەهاردا، لە خۆمم ئەپرسی بکرێت ڕۆژێک بیبینمەوە.
ڕوخساری زەرد ولاشە لاواز و بچووکەکەی بەهاری سیازدە (١٣) ساڵ، وێنای ئاسکێکی برینداری دەم ڕەوە گورگی بیابانی ئەنەخشان. کاتێک داعش گوندەکەیان 'کۆچۆ' داگیر ئەکات، ئەو بۆ پۆلی دووی ناوەندی دەرچووبوو، لە نسێی ماڵە گەورەکەیاندا کە بیست وهەشت (٢٨) کەس، منالی دوو ژنی باوکی و ماڵی مامەکانیشی لە خۆ گرتبوو بەختەوەرانە ڕۆژەکانیش وەکو پۆلی قوتابخانەکەی پڕ قەرەباڵغی و هاورێ و بزوێ بوو. لەو بیست و هەشت کەسە دە کەسیان تا ئێستا بێ سەرو شوێنن بە برا گەورەکەی خۆشییەوە کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە دایک بووە، هەژدە کەسیشیان گەڕاونەتەوە بۆنێو 'نیوە' ژیان. بەهار وتی:"هەرگیز کێشەمان

نەبوو، نازانین باوەژن و دایکی ڕاستەقینە مانای چیە، جوونکە دایکم و ژنی دووەمی باوکم زۆر باش بوون بە یەکەوە... ئێمە { ئێزیدیەکان}خەڵکێکی بێ کێشەین، ماڵی وامان هەبووە تا چل کەسیشی تیا ژیاوە بە بێ کێشە و ئاژاوە”.



ڕۆژی ٣-٨-٢٠١٥ کە دەنگۆی گەیشتنی داعش دەگات پێیان بڕیار ئەدەن کە دێیکەیان بە جێ بهێڵن و ڕووبکەنە شاخی شنگال، بەڵام پێیان ئەوترێت کە ڕێگەی دەرچوونیان لاوازە، چوونکە داعش زۆر نزیکە لە دێیکەوە و لە ڕێگە ڕووبەڕوویان ئەبنەوە. زۆر بە سەر ئەم کێشمەیەدا تێ ناپەڕێت داعش دەگاتە گوندەکەو پێیان ئەڵێت نەترسن و نەچن بە هیچ لایەکدا ئاسایشیان دەپارێزن. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەچنە لای شێخی دێ یەکەیان و داوای لێ ئەکەن خەڵکەکەی رازی بکات واز لە ئاینی خۆیان بهێنن وبچنە سەر ئاینی ئیسلام. ئەویش لە وەڵامدا داوای دوو ڕۆژ مۆڵەتیان لێ ئەکات بۆ ئەوەی

پرس بە خەڵکەکەی بکات و نیازی داعش بە ئەوان بگەیەنێت وئازادیان بکات لە بڕیاردان و پاشان وەڵامیان لێ بگەڕێنێتەوە.
دوو ڕۆژ ئاوا دەبێت و داعش لە نیازی خەڵکەکە تێ دەگات ”مردنمان پێ باشترە لە واز هێنان لە ئاینی خۆمان“ داوا لە خەڵکەکە ئەکات کە هەرچی پارە شمەکی گرانبەهایان هەیە لە گەڵ خۆیان بیبەن بۆ قوتابخانەکەی کۆچۆ، وە داوا ئەکەن ئەوانەی ئۆتۆمبیلیان هەیە بە ئۆتۆمبێل بڕۆن، ”چوونکە لەوێوە دەتانبیەن بۆ شاخی سنجار بۆ لای ئێزیدیەکانی تر، بۆ ئەوەی ئەگەر شەڕ لە ناو دێیەکەدا ڕوویدا خەڵکی مەدەنی نەکوژرێت“.
لە حەوشەی قوتابخانەکەدا هەموویان ڕائەگرن، سەرەتا داوا ئەکەن هەرچی پارەو شمەکە گرانبەهاکانیان دابنێن، لەگەڵ کلیلی ئۆتۆمبێلەکانیان، تەنانەت ئەڵقەی هاوسەرگیریشیان لە دەست ئەکەنەوە، لە مۆبایل و کۆمپیوتەر دایانئەماڵن ئەمەش ڕێگەی هەموو پەیوەندێکیان لە گەڵ دنیای دەرەوە ئەپچڕیت. پاشان پیاوەکان ئەکەنە نهۆمی یەکەم و ژن و منداڵەکانیش ئەکەنە نهۆمی دووەمی قوتابخانەکە. پاش تاوێک گوێیان لە دەستڕێژی گوڵلەباران ئەبێت کە لە نهۆمی خوارەوە دێتە گوێ، تێ ئەگەن کە پیاوەکانیان کوشت.





لەو قوتابخانەوە ژنەکان و منداڵەکان دەبەنە پەیمانگایەکی نوێ کە هێشتا بونیادنانی تەواو نەبووە، بۆیە ناویشی لە سەر نەبوو. کاتژمێر (٨) هەشتی شەو"هەموو ژنە جوانەکان و کچەکان لە تەمەنی نۆ (٩) ساڵی بۆ سەرەوە جیاکردەوە، کوڕەکانیش لە تەمەنی شەش ٦ بۆ ١٥ پازدە ساڵی لە دایکیان وەرگرتن و بردنیان بۆ تەلەعەفەر و ئێستا کە گەڕامەتەوە تێگەشتم کە کورەکان ڕاهێنانی { داعشیان} پێکراوە " بەهار وتی:کاتژمێر(١١,٣٠) یازدەو نیوی شەو کچەکان دەبن بۆ شاری موسڵ و لە خانویەکی سێ نهۆمی گەورەدا دایان دەنێن کە نزیکی مزگەتی گەورەی شاری موسڵ دەبێت و لەو خانوەدا ١١٤ سەد و چواردە کچی ئێزیدی دیکەی تێدا دەبێت. پاش دوو ڕۆژ ٥٧ پەنجاو حەوت کچیان، یەکێکیان بەهارە دەبەن بۆ سوریا و لە نێو هۆڵێکی گەورەدا دادەنرێن کە کەوتوەتە نێو دارستانێکی گەورە و جەنگەڵ، پشتەوەشی شاخە، چری دارەکان دیمەنێکی ترسناکی و ئومێد بڕی پێ ئەبەخشێت کاتێک بەهار بیر لە ئەگەری ڕاکردن ئەکاتەوە. کاتێک ئەمان ئەگەن ٢٠٠ دوو سەد

کچی دی لەو شوێنەدا ئەبێت، بە هەموویان یەک خۆشۆرو و یەک تەوالێتی تێدا ئەبێت. لە دەرەوە دەرگای هۆڵەکە بە کلێکی گەورە دائەخەن کە بە زنجیریەکی ئەستورەوە بەستراوە بە ئۆتۆمبێلێکەوە لە بەر دەرگاکەدا بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت دەرگاکە بشکێنێت و ڕا بکات. لە دەرەوەش چەند ژوورێکی بچووک دەوری هۆڵەکیان گرتووە و لەو ژوورانەدا پاسەوانەکانی ئەو هۆڵە دژین. هەتا ئێرە بەهار زیاتر چاوانی دەبڕێ سەقفی ژوورەکەوە وەکو ئەوەی لە سەر تەختە سپی ئەو ژوورە یادەوەریەکان بە هێڵێکی رەش نووسرابنەوە. هەر جارەی بە دەستێکی پەنجەکانی دەستەکەی دی ڕادەکێشاو دەتەقێنێت وەک بیەوێ هەرچی سەهۆڵی دوودڵی و دڵەراوکێیە لە ژێر پەنجەکانیدا ورد بکات.



"هەموو ڕۆژێک پیاوێک یان چەند پیاوێک ئەهاتن، دارێکی درێژ بە دەستی چاودێرەکەوە بوو دەیخستە ژێر چەناکەمان و سەری پێ بەرز ئەکردینەوە بۆ ئەوەی پیاوەکان دەم و چاومان ببینن، چەند

جوان بوایە ئەوەندە زیاتر و زووتر ئەکرا  من و کچە مامەکەم و کچێکی دی ئێزیدی خەڵکی کۆچۆ بردنینیان بۆ بنکەی " ئیفتدا" پڕی بوو لە پیاو. لەوێوە داعشێکی سعودی ناوی ئەبوو مالک بوو کڕیمی، تەمەنی لە سەروو چل ساڵ دەبوو، ڕیش و قژی درێژ و چڵکن و ڕوخساریەکی زۆر ناشرین. بردمی بۆ ماڵی هاوڕیەکی، چوونکە خۆی ژن و منالی هەبوو لە ماڵی خۆیدا... لە ماڵی هاوڕێکەیدا دوو ژنی داعشی هەبوون، ئەوان لە ماڵ دەرچوون و لە ماڵ دەرچوون و.."



نیگاکەکانی بەهار لە سەر سەقەفەکە ئەگوێزرێنەوە بۆ سەر زەوێکە، قاچەکانی ئەنووشتێنێتەوە بۆ ژێر کورسێکەی و هەوڵدەدات لە ژێرەوە گرمۆڵەی بکات و لە زەویان ببڕیت، بە دەستەکانی بەردەوام قۆڵی کراسەکەی ڕائەکێشیت بە سەر دەستیا وەکو ئەوەی بیەوێ لەشی لە کەلێپەی ژەهراوی بشارێتیەوە، تۆنی دەنگی ئەگۆڕێت بۆ غەمبارتر، نزمتر و هەناسەکانی کورتر دەبن و بەردەوام ئەبێت، "پاش ئەوەی ژنەکان ڕۆشتن، لاقەی کردم، لە بەر ئەوەی هەڵمدا بەرگری لە خۆم بکەم ئەوەندەی لێدام بورامەوە."



بەهار لە پاڵ لاقەکردندا ڕۆژەکانی بە گریان، خزمەتکاری و پاڕانەوە بۆ ئەوەی ببیەن بۆ لای خوشکەکانی دی بە ڕێ ئەکات.

ئەوان داوای لێ ئەکەن خواردن دروست بکات، جل بشوات و ماڵ خاوێن بکات، بەهاریش ئەو کارانەی پێشتر نەکردووە و نەیزانیوە، بۆیە ژنە داعشیەکان زۆرجار لە پیاوەکان خراپتر چەوساندویانەتەوە و لێیانداوە هەتا فێر بووە. ئەو کاتانەی ئەو داعشە ئەچێت بۆ کۆبانی ئەیباتە لای خوشکەکان و کچە ئێزیدیەکانی دی، لەوێش ماڵەکانی دی ڕۆژانە ئەیانبەن بۆ خزمەتکاری ناو ماڵ هەتا داعشەکە لە شەڕ ئەگەڕێتەوە. بەهار چوار مانگ و دە ڕۆژ لە ماڵی هاوڕێ کەی ئەبو مالک ئەمێنێتێتەوە، ئەبو مالکیش هەموو ڕۆژێک ئێواران ئەچێت بۆ ئەوێ بەر لە گەڕانەوەی بۆ ماڵی خۆیان. هەتا ڕۆژێک کە ئەبو مالک ئەچێت بۆ شەڕ و ئەویش لە گەڵ کچێکی دی ئێزیدا ئەبرێن بۆ ماڵێک بۆ خزمەتکاری. کاتێک ژن و پیاوەکە دەر ئەچن لە ماڵ هەلی ڕاکردنیان بۆ هەڵئەکەوێت، بۆیە پۆشاکی داعش لە بەر ئەکەن

و ڕائەکەن، ماوەیەکی زۆر بە پێی ئەڕۆن، پاشان داوا لە شۆفێرێەک ئەکەن بە ئۆتۆمبێلەکەی بیانبات بۆ سنوری تورکیا، کچە ئێزیدیەکەی دی هەندێک پارەی پێ ئەبێت داوا لە شۆفێرەکە ئەکات مۆبایلێکی بۆ بکڕیت. ئەو پێی وایە ئەوان داعشن، بۆیە کارەکانیان بۆ جێ بە جێ ئەکات و هەتا سنووری تورکیا ئەیانبات. شاخەکانی سنووری تورکیا بە پێێ پەتی و چوار کاتژمێر ئەبڕن و لە سەر سنوور خێزانێک ئۆتۆمبیلێک بۆ خۆیان ئەگرن بۆ ناو شارەکانی تورکیا هاوکاری ئەوانیش ئەکەن وجێگەیان ئەکەنەوە و لەویشەوە پەیوەندی بە کەس و خەڵکی خۆیانەوە لە کوردستان ئەکەن. بەر لە جینۆسایدی ئێزیدیەکان لە لایەن داعشەوە، بەهار خەونی بوو ببێت بە پزیشکی گشتی، ئێستا پێی خۆشە ببێت بە پزیشکی ژنان، بەڵام لە مانگی ١ی ٢٠١٥ وە گەڕاوەتەوە و من مانگی ٨ی ٢٠١٥ دیدارم لە تەک ساز کردووە، پاش هەشت مانگ هێشتا نەگەڕابووە بۆ خوێندن، چوون خزمەتی خوێندن و گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان کە بەشێکی گەورەی چارەسەرکردنی گرفتە سایکۆلۆژیەکانی پاش تازانی دەستدرێژی سێکسیە هێشتا نەبووبوو بە غەم.




- تێ بینی: بە هۆی پابەند بوون بە لایەنی یاسایی و ئەتیکی لێکۆڵینەوە وێنە و ناوی ڕاستەقینە ئاشکرا ناکرێن و هەر کچێک داوام لێکردووە ناوێکی خوازراو کە خۆی پێێ خۆشە هەڵبژێرێت.

## (٤)

## بوچی هەدیە بە پاڵەوان ناسرابوو پاش ڕزگار بوونی لە دەستی داعش؟



سەرکێشیەکانی هەدیە لە ناو داعشدا وایکردووە ئێزیدیەکانی دەوری بە پاڵەوان بانگی بکەن. بۆ یەکەم جار پاڵەوانێکی غەمبار، بێ ئومێد و بەهێزم لە مانگی ٨ هەشتی ٢٠١٥دا بینی. غەم و بێ ئومێدی کاتێک دەست بە سەر مرۆڤێکی بەهێزدا ئەکێشێت کە دۆڕانی هێزی کەرامەتی مرۆڤ ئەبێت بە نۆرم و جۆرە مرۆڤی بێ پرەنسیپ ڕابەری ئەو کارەکتەرە نایابانەی مرۆڤ ئەکات، کە خۆی نیەتی. زۆر جار گومانم ئەکرد پێستی گەنمی هەدیەی ٢٥ بیست وپێنج ساڵ تارای غەم نەبێت بووبێت بە ڕووپۆش.

لە خێزانێکی هەشت کەسی، خەڵکی کۆچۆ تەنها خۆی و خوشکێکی چواردە ساڵانی لە دەستی داعش ڕزگاریان بووە و دایک و باوک و سێ خوشک یەکێکیان لە خۆی گەورەترە و برایەک تا هەنووکە

نادیارن. هەدیە ئەڵێت، ”ژمارەی خەڵکی لادێکە نزیکەی ١٨٠٠ کەس بوون، ئەمانویست بڕۆین بۆ شاخ خۆمان بشارینەوە، داعش لە ڕێگە گرتینی و وتیان بگەڕینەوە بۆ ماڵی خۆتان و ئێمە هیچ ناکەین و گەراندینیانەوە بۆ ماڵی خۆمان. پاشان وتیان هەرچیتان هەیە بهێنن و ئەتانبەین بۆ شاخ، بەڵام بردینیان بۆ قوتابخانەیەک پیاوەکان لە خوارەوە، ژنەکان لە نهۆمی سەرەوە، هەرچێکمان هەبوو بردیان تەنها جلەکانی بەرمان مایەوە”



شەربەتەکەی بە دەستەوەیە و پەرداخەکەی هێشتا نیوەیەو دادنێتەوە سەر مێزەکە و هەناسەیەکی قوڵ هەڵئەکێشێت و بەردەوام ئەبێت ”گویمان لە دەنگی تەقە بوو، زانیمان پیاوەکانیان کوشت، تەنها نزیکەی پەنجا پیاوێکیان مابوو، خرانە ئۆتۆمێلەوە و بران، نازانم بۆ کوێ... پاشان هاتنە لای ئێمە وتیان هەرچی کچێک شووی نەکردووە ئێستا جیا بێتەوە لەوانی دیکە، بە زۆر جیایان کردینەوە و بردینیان بۆ سوریا لە مەزرعەیەکدا دایان ناین، نزیکەی ٢٥٠ کچ تەنها ٥٠ دانەیان ئێزیدی دێ و ناوچەکانی دی بوو، ئیتر ٢٠٠ سەد

کچەکەی دیکە خەڵکی کۆچۆ بوون. کارەبا نەبوو، قاعەکە زۆر تاریک بوو، جلی داعشیان بۆ هێناین و بە زۆر پێیان لە بەرکردین، ئەو کچانە کەسیان شووی نەکردبوو، هەموو ڕۆژێک چەند کەسێک ئەهات ژمارەیەک لە کچەکانی ئەکڕی.”



- وەکو پێشتر بۆم باسکراوە ئەو دارستانە پڕ بووە لە داری هەناری گەورە، ئایە ئەکرا لە چری ئەو دارانەدا خۆتان بشارنەوە و ڕابکەن؟ یان بە حوکمی ئەوەی زۆر بوون هەمووتان ببن بە یەک هێز و ڕووبەڕووی ئەو کەسە بوونایەتەوە کە ئەیفرۆشتن، یان ئەیکڕین و بە زۆر ئەینابردن؟.

”نا نەمانئەتوانی، چوونکە راستە مەزرەعەکە چڕ بوو بەڵام چواردەورمان بە پاسەوان گیرابوو، ئەوان بەردەوام لە سەر نەڕۆشتن و خۆ پسکان لە دەستیان بە چەک و دارەکانی دەستیان لێیان ئەداین و جاری وا هەبوو ئەوەندەیان لە کەسێک ئەدا هەتا ئەبوورایەوە ئنجا ئەیانبرد.“

هەدیە لە گەڵ خوشکەکانی دی، چوار خوشک ئامۆزایەک لە ژمارەی سێ ئامۆزا دەبەن بۆ بنکەی تیرۆرستەکان لە حەلەب،

لەوێش داعشێکی عێراقی درێژی قژ درێژ تەمەنی دەگات بە ٥٠ پەنجا ساڵ هەدیە و خوشکە بچووکەکی و لە گەڵ ئامۆزا دوازدە ساڵەکەی ئەکڕیت و" خۆی و پاسەوانەکانی بە زۆر ڕایانکێشاینە ناو ئۆتۆمبێلەکەیە و بردینیان بۆ مەزرعەکەی خۆی."



لەم قۆناغەدا ئەوەی هەدیە ئەپارێزێت ئەوەیە دووانەکەی دی منداڵترن. لە رووی مێژوویە سەلمێنراوە کە زۆرەدەستگرتەکردن لە ئیسلامدا لە منداڵەوە دەست پێ ئەکات، ئەکرێت هەشت ساڵ یان تەنانەت شەش ساڵ بێت واتە هەتا منداڵتر بێت زووتر زۆرەدەستگرتە ئەکرێت، پارەی زیاتریش ئەدرێت بۆ کڕینیان، لای داعشیش بە هەمان شێوە بووە. هەتا ئەم قۆناغە هەدیە زۆرەدەستگرتە ناکرێت و پارانەوەی بەردەوامیان کە بیانبەنەوە بۆ ئەو هۆڵەی خوشکەکان و ئامۆزاکانی دی لێیە ئەم داعشە عێراقیە ماندوو ئەکات و ئەیانباتەوە بۆ ئەو هۆڵەی لێی کڕیون بەڵام کاتێک ئەگەنە ئەوێ ئەبینن کەسی لێ نەماوە، تەنها پێنچ کچ ماوە و ئەوانی دی هەموویان فرۆشراون

وخوشک و ئامۆزاش لەوێ نەماون. لەویش جاریەکی دی ئەندامێکی داعش و شەڕکەریەکیان تەمەنی شەست ٦٠ ساڵ ئەبێت هەدیە ئەکڕیت، ئەویش ئەیکات بە گریان پاڕانەوە کە خۆی بە تەنها نەبات وخوشکەکەشی لە تەک ببات، داعشکە داواکەی جێبەجێ ئەکات و خوشکە بچوکەشی ئەکڕیت و جاریەکی دی لە سوریاوە ئەیانباتەوە بۆ عێراق. ”بردمی، وتمان بۆ کوێمان ئەبەن، وتیان مەپرسن. بردینی بۆ ماڵێک کچێکی تری ئێزیدی لێ بوو، وتمان چیت لێ ئەکات، وتی فێری نوێژت ئەکات و بە زۆر نوێژت پێ ئەکات و بە زۆر ئەتکات بە موسڵمان و هەموو ڕۆژێکیش پاش نوێژکردنەکەت زۆرەدەستگرتەت ئەکات، وتم کەواتە ئەبێت ڕێگەیەک بدۆزمەوە ڕا بکەم.”



لەو ماڵەدا سێ ژنی داعشی و پیاوەکە و کچە ئێزیدیەکە و هەدیە و خوشکەکەی ئەژین، ئەو ڕۆژە ، ”هەتا ئەوان خەویان لێ کەوت، ئێمە هەر خەریکی جل شتن و پاککردنەوە بووین، شەوێکماینەوە لە گەڵ ژنەکانیاندا و بەڵام شەوی دووەم ٦ی بەیانی ڕامانکرد”. لە بەر ئەوەی بە پێی پەتی ڕائەکەن خوێن لە قاچەکانیان ڕێچکە نیشان

ئەدات. ئەگەن بە پردێک و دەیانەوێ بە پەردەکەدا بپەڕنەوە دەدۆزرێنەوە و دەدرێنە بەر گوللە، کەسیان بەر ناکەون و ڕا ئەکەن بۆ ئەو بەری پردەکە و داوای هاوکاری لە شۆفێری ئۆتۆمبێلێک ئەکەن لە شەقامی ئەو بەرەوەی پردەکە ئەویش سەریان ئەخات، بەڵام داعشەکان ئەگەنە سەریان و ئۆتۆمبیلەکە رائەگرن و”لە شۆفێرەکە تۆڕە بوون، تەمەنی نزیکەی سی ٣٠ ساڵ ئەبوو، وتیان بۆ هاوکاری ئەم هەڵهاتوانە ئەکەیت، ئەویش وتی من نازانم هەڵهاتوون و وامزانیوە خەڵکی ئاساییێن، ئێمەش وتمان ئەو ئاگای لە هیچ نیەو ئێمە هیچمان پێ نەوتووە سەبارەت بە خۆمان. ئەو جارەش گیراینەوە چونکە ژنی ئەوان لە گەڵ پیاو ئەڕواتە دەرەوە نەک خۆیان بە تەنها، بۆیە بە ئاسانی دەدۆزراینەوە.“




لە سەر ئەو کارەی کردبوویان بڕیاری سزادانیان ئەدەن و دەیانبەن بۆ زیندانی ‘قائم‘ بە وێنەی قوربانیە ئەنفال کراوەکان ماوەی ٤ چوار ڕۆژ جگە لە ڕۆژی بوتڵێک ئاو هیچ خواردنیان نادەنی، بە

ئاستێک ئەگەر زۆرەدەستگرتەش بکرێن هیچ وزە و جۆڵەیەکیان نەماوە بەرگری لە خۆیان بکەن. هەدیە وتی، ”کچە ئێزیدیەکەی تر لە ئامۆزاکەشم منالٌتر بوو تازە پێی نابووە یازدە ساڵییەوە و زۆریش جوان بوو، جەستەی زۆر لاواز و بچووک بوو، بە تایبەت پاش چوار ڕۆژ نان نەخواردن بە ئاستەم هەناسەی دەدا، پیاوێکی پیری سعودی هات، ئەوی بردە ژوورێکی تەنیشت ئەوەی ئێمەی تیا زیندان بووین بۆ ماوەی دوو کاتژمێر، قیژەی کچەکە ئەگەشتە ئاسمان، کاتێک هێنهایەوە و فڕێیان دایە ژوورەکەی ئێمە بە بێ هۆشی هەموو گیانی خوێنی لێ ئەچۆڕا، جگە لە زۆرەدەستگرتەکردن ئەوەندەشی لێ دابوو هەموو جەستەی شین بووبووە.“ ڕۆژێک پاش ئەو تاوانە کەسێکی لە بنەمادا خەلیجی لە حەلەبەوە دێت بۆ کڕینی هەدیە.“



ڕوخساری زۆر ترسناک بوو، لە سەروو پەنجا ساڵەوە بوو نازانم بە چەند فرۆشتمیان چونکە لە بەردەمی ئێمەدا پارەکەیان نەئەدا، وتی ئەتبەم بۆ ماڵێک کارێکم هەیە لە قائم ئەیکەم و دوای ئەتبەم بۆ

سوریا، مالەکە ژنیک و پیاوێکی داعشی تیا بوو، ٨ی هەشتی شەو ژن و پیاوەکە ڕۆشتن و وتیان ١٠دەی شەو ئەگەڕێنەوە، کارەبا بڕاو لەو ماڵە تاریەکدا نە ئەوان هاتنەوە و نە کارەبا، زۆر زۆر ترسام. لە پەنجەرەکەوە ڕۆشتمە خوارەوە بۆ ناو حەوشەکە لە سەر دیواری حەوشەکەوە چوومە سەرەوە هەرچی عەبا و جل و بەرگی داعش هەبوو بردم، ڕۆشتم بە نێو ماڵەکاندا، هەمووی ماڵی داعش بوون، نزیکەی کاتژمێرێک بە پێ ڕۆشتم. زانیم لە ماڵە داعشەکان دەرچووم، دەستم لە ئۆتۆمبێلێک ڕاگرت و لە شۆفێرەکە پاڕاومەوە هاوکاریم بکات و ڕزگارم بکات، بردمی بۆ ماڵی خۆیان دوو کچی هەبوو وتی کورەکانم لە تورکیا ئەژی و خزمەتیان کردم و یارمەتیان دام و تەلەفۆنیان بۆ کوری مامم کرد. کوڕی مامم وتی سبەی کاتژمێر ٣ سێ تەکسیەک بە پارە دێت بە شوێنتدا ئەتهێنێتەوە، بەڵام لە کاتژمێر ١ یەکدا و دوو٢ کاتژمێر بەر لە گەشتنی تەکسێکە سێ ئۆتۆمبێل بە نزیکەی ٢٠ بیست داعشەوە گەشتنە ماڵەکە. پیاوەکە وتی شتی وا نازانم ونەمبینیوە ئەوانیش وتیان خۆتان و ماڵ و منداڵتان ئەکوژین، منیش وتم ئەوە قبوڵ ناکەم تۆ بە هۆی منەوە زیانت پێ بگات و خۆم تەسلیم کرد و دیسان بردمیان.”



ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

داعشە خەلیجیەکە دەیباتەوە بۆ حەلەب، ”زۆر زۆری لێدام، وتی یان ئەتکوژم یان نابێت ئیتر ڕابکەیت“ لەم کاتەدا هەردوو دەستی لە هەردوو لای کورسێکەوە لەپی دەستی دەخاتە ژێر هەردوو ڕانی و چەند چرکەیەک بێ دەنگ ئەبێت. ئازاری ڕۆح، ئازاری جەستە بیر ئەهێنێتەوە، ئەزانم لەو ساتەدا هەستی بە هەمان ئازار ئەکات کە چەشتویەتی، زیندووکردنەوەی ئازارە تاڵەکان، پاشان ئەڵێت، ”بردمی بۆ ماڵێک، ویستی زۆرەدەستگرتەم بکات، سوێندم خوارد کە سوڕی مانگانەم هەیە و کە تەواو بووم بە بێ شەڕو بەرگریکردن ڕێگەی لێ ناگرم. ئەویش باوەڕی پێ کردم و وازی لێ هێنام زۆرەدەستگرتەی نەکردم، بەڵام وتی متمانەت پێ ناکەم ڕانەکەیت بۆیە هەردوو دەستمی کەلەپچەکرد“.



هەدیە خۆی دەکات بە خەوتوو هەتا داعشەکە ئەخەوێت، پاشان وایەری تەلەفونەکە دەرئەهێنێت وهەوڵی کردنەوەی کەلەپچەکە دەدات و سەرکەوتوو ئەبێت. جاریەکی دی دایدەخاتەوە، بۆ ئەوەی

دڵنیابێت ئەگەر ئەو شەوە دەرنەچوو بتوانێت لە کاتێکی گونجاوتردا ڕا بکات، بەڵام جاری دووەمیش هەر بە وایەرەکە ئەتوانێت کەلەپچەکە بکاتەوە،"هێشتا خەبەری نەبووەو ڕامکرد، دارێکی گەورە لە حەوشەکەدا بوو چوومە سەر دارەکە، خەبەری بووە و هاتە دەرەوەی حەوشەکە زۆر بۆم گەڕا، بەڵام لە بەر ئەوەی لە سەر دارەکە بووم نەیبینیم، بۆیە سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو، ڕۆشت دەرەوەم بۆ بگەڕێت، منیش جلی داعشم لە بەردا بوو، ڕۆشتم، زۆر ڕۆشتم، بەڵام جاریەکی دی لە ڕێگا گرتمیەوە. وتی تۆ بە کەڵکی من نایەیەت، سەر ئێشەم زۆر بۆ دروست ئەکەیت.  ئیتر بەو شەوە گەڕاندمیەوە بۆ هەمان مەزرعەی کە کڕیبوومی لێیان، دوو کچی تیدا بوو، کەسێک هات وتی ئەو دوو کچە هەردووکیان لاڵن بەڵام هەردووکیان بریندارِیش بوون، سەرو دەستیان بریندار بوو."



کە دەگاتە ئەویَ خێرا پرسیاری ماڵ و خوشک و کەسی لیَ ئەکەن و پیێ ئەڵێن ئەگەر نەبیت بە موسڵمان واتە هەر زۆرەدەستگرتە ئەکرێیت، هەدیە ئاگای لە چیرۆکی ئەو کچانە ئەبێت کە نەک هەر

بوون بە موسڵمان بەڵکو پێنج جار نوێژ ئەکەن و فێری قورئان خوێندن کراون، هەر دوای نوێژەکانیش زۆرەدەستگرتە ئەکرێن، بۆیە ئەزانێت تەنها فێڵێکە بۆ بە زۆر موسڵمان کردنیان و ئاین گۆڕینەکەی هیچ دادی نادات و هەتا ئەو کاتەش خۆی پاراستووە تەنها هێز و پشو درێژی خۆی بووە. بەڵام ئەم جارە شوفێری ئەمیری داعش ئەیکڕێت، تەمەنی ٣٥ ساڵە، ئەیباتەوە بۆ ماڵەوە و لەویش کچێکی دیکەی ئێزیدی ١٤ ساڵ لە ماڵەکەیدا دەبێت کە هەموو ڕۆژێک زۆرەدەستگرتەی کردووە. ماوەی مانگ و نیویەک لەم ماڵەدا ئەمێنێتەوە، خواردنەکانیان لە ماڵەدا لە هەموو شوێنەکانی دی باشتر ئەبێت، برنج و گۆشت و میوە و هەموو جۆرە خواردنیەکان پێشکەش ئەکەن. هەفتەی یەکەم هیچ جۆرە شتێک ڕوونادات، پاش نانخوارن و هەرچیەک ئەخۆن سروشتی ئەبن، "بەڵام پاش هەفتەیەک ، دوای نانخوارن ئەبورااینەوە هەتا بەیانی. بەیانی دەمانزانی کە هەردووکمان زۆرەدەستگرتەکراوین لەلایەن سایەقەکەوە ئەگەر خەڵکی تریشی هێنابێت نازانم چوونکە ئێمە هیچ ئاگامان لە خۆمان نەبووە."





لە گەڵ ئەوەی کراسێکی درێژی تا سەر پەنجەکانی لە بەردایە، بەڵام لەم کاتەدا لە سەر ئەژنووە ڕایدەکێشێت و کراسەکە دەکشێت وەکو ئەوەی بیەوێت بەشێکی دەرکەوتوو لەشی بشارێتەوە. لە گەڵ ئەم گەڕانەوەدا چاوی پڕ فرمێسک ئەبێت و هێزیەک ئەیگەڕێنێتەوە ناهێڵێت دابارن، لە پەنجەرەکەوە بۆ دوور ئەڕوانێت، نیگا دوورەکان و فرمێسکە قەتیس ماوەکان چیرۆکی شێرێکی بریندار ئەگێڕنەوە، کە خەڵکێکی نابووت و ترسنۆک لە پشتەوە و بە فێڵ گورزی لێ ئەدەن. بۆ ئەوەی بیخەمەوە سەر دۆخی پێشتری خۆی، پێی ئەڵێم، تۆ بە گاڵتە پێت ناڵێن پاڵەوان ئەو هەموو کاتە توانیت خۆتیان لە دەست بپارێزیت، تۆ ئەوەندە تۆقێنەر بوویت بیر لە چەندین پلان بکەنەوە بۆ دەستەمۆکردنت، دواجاریش ترسنۆکانە و بە فێڵ و لە بێ ئاگایدا دەستیان وەشاندووە، ئەمە گەورەیی تۆ و بچووکی و نابووتی یەک هێزی تەواوی وەکو داعش ئەگەیەنێت بەرانبەر بە تۆ. فرمیسکەکان وشک بوون و بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکە جەرگ بڕەکەی، ”مانگ نیویەک بەو شیوەیە و

لەو دۆخەدا ژیام، نەیئەهێشت خوشکەکەم ببینم، یان  بە هیچ لایەکدا بڕۆم، ئەیووت ڕائەکەیت. منیش وتم هەموو کەس و خێزانم لە لایەن ئێوەوە گیراون تازە بۆ کوێ ڕابکەم و بۆ لای کێ، پاشان من پێشتر ڕام ئەکرد بۆ ئەوەی زۆرەدەستگرتە نەکرێم، ئێستا کە زۆرەدەستگرتەکراوم  ئیتر ڕاناکەم.”




پاش مانگ و نیوەک شۆفێرەکەش ئەیفرۆشێت بە پزیشکێکی نەشتەرگەری میسری، ناوی محەمەد ئەحمەد ئەمین  تەمەنی ٣٠ سی ساڵ ئەبێت. لە نەخۆشخانە نەشتەرگەری بۆ ئەو داعشانە ئەکات کە بریندار ئەبن.  بە هەدیە ئەڵێت من دەستدرێژیت لێ ناکەم، چوونکە لە بنەمایا من هیچ ئارەزوویەکی تۆم نەکردووە و ئەمیری داعش فەرمانی پێکردووم بتکڕم، سێ مانگ ئەمێنێتەوە زۆرەدەستگرتەی ناکات، باوەڕ لە نێوانیاندا دروست ئەبێت ، بۆیە ڕۆژێک پێی ئەڵێت ئەمەوێت پەیوەندی بە مامێکمەوە بکەم کە موسڵمانە و ئێستا لە ناو داعشدایە. کە لە ڕاستیدا ئەو مامەی لە بەر ئەوەی بە سەختی بریندار بووە داعش نایبات و لە کۆچۆ جێی دەمێنێت و نە موسڵمانە و نە داعش. پزیشکەکە ئەیبات بۆ سەنتەرێکی بچووکی تەلەفۆن و لەوێوە تەلەفۆن ئەکات و لە بەر

ئەوەی بە کوردی قسە ئەکات داعشەکە لێ تێناگات هەشت مانگ لەماڵی ئەم پزیشکەدا ئەمێنێتەوە زۆرەدەستگرتەی ناکات، بەڵام پاش سێ مانگ مەرجی زۆرەدەستگرتنەکردنی ئەبێت بە ئاین گۆڕین و بە زۆر ئەیکات بە موسڵمان و بەیانیان ئەڕوات ئێواران ئەگەڕێتەوە و هەموو ئێوارەیەک بە زۆر نوێژی پێ ئەکات. ئەو نوێژکردنە زیاتر متمانە دروست ئەکات و دکتۆر لە ماوەی ئەو هەشت مانگەدا چوار تا پێنج جار، جاری سەد دۆلاری پێ ئەبەخشێت ئەڵێت لەوانەیە شتێکت بۆ خۆت پیویست بیت بیکڕیت، بەڵام هەدیە هیچ ناکڕێت چوونکە بیر لە ڕاکردن ئەکاتەوەو هیچیش پارەی پێ نابێت کە هاوکاری دەرچوونی بکات، بۆیە پارەکانی کۆ ئەکاتەوە و کە نزیکەی ٥٠٠ پێنج سەد دۆلاری پێ ئەبێت، پێی وایە ئەتوانێت پێی دەرچێت.. بەیانیەک کە پزیشکەکە ئەڕوات هەدیە لە ماڵ دەرئەچێت و وەکو ئەندامێکی داعش مامەڵە ئەکات لە گەڵ شۆفێرەکاندا و تەکسیەک ئەگرێت بیبات بۆ "دەوار نەعیم" لەوێ لە دەرگای یەکێک لە ماڵە ئاساییەکان ئەدات و تکایان لێ ئەکات کە هاوکاری بکەن ڕابکات، ئەوانیش تەکسی بۆ ئەگرن و ئەینێرن بۆ سنووری تورکیا، ئەگات بە ئۆرفە. لە ئۆرفەش ئاوارە کوردەکانی لێ ئەبێت هەموو بە کرمانجی قسە ئەکەن، هاوکاری ئەکەن، لەوێوە بە هاوکاری مامی ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.



هەدیە ئەڵێت: ”بەڵام هیچ هەواڵی خێزانەکەم نازانم و نازانم چەندیان ماون، براکانم، ٨ساڵ و ١١ و یەکیک ٥ ساڵ ١٣ ساڵن.
گەڕانەوەم وەکو سەر لە نوێ لە دایک بوونەوە بوو، لە گەڵ ئەوەی کەسم نەماوە و لە ماڵی مام ئەژیم، مامم وتی من سەربەرزم بە تۆ و تۆ کچی منیت وچیت بوێت بۆت ئەکەم. لە ماڵەوە دانیشتووم و زۆربەی کات بە چاوەڕوانی کەس و کارم وگریان بۆ ئەوان بە ڕێ ئەکەم برا ١٥ سالەکەم بەر لە ١٥ ڕۆژ گەڕایەوە و براکەمیان بردبوو بۆ ڕاهێنان، پاش ڕاهێنان بردبوویان بۆ سوریا و ئەویش لەوێوە هەڵهاتووە“.




-تێ بینی: بە هۆی پابەند بوون بە لایەنی یاسایی و ئەتیکی لێکۆڵینەوە وێنە و ناوی ڕاستەقینە ئاشکرا ناکرێن و هەر کچێک داوام لێکردووە ناوێکی خوازراو کە خۆی پێی خۆشە هەڵبژێرێت.
ئەم دیدارانە بە سۆرانی نەکراوە و خۆم بە سۆرانی دامڕشتووە.

## (٥)

## نوورا: داعشێکی تونسی پێی گوتم "زمانی کوردی، زمانی کافرانە"



ئەگەرچی لەو باوەڕەدا نیم کە تا دنیا دنیایە، تاوانی شنگال و تاوانەکانی داعش و قوربانییەکانی، سەرلەبەری دیمەن و تاوانە تراجیدییەکانی لە یادەوەریی و زەینی هیچ کوردێك و ئێزیدییەکدا بسڕێتەوە، بەڵام زۆر پێویستە تەواوی وردەکاریی تاوانەکانی داعش تۆمار بکرێن، خۆ ئەگەر لە زاری شایەتە بەچاودیدەکان خۆیانەوە بێت، ئەوە بەڵگەکان زیندووتر و تۆکمەترن دەبن. خۆ ئەگەر ئەو قوربانی و شایەتانە، ئەو ئافرەتە ڕووسوور و ئەو منداڵە چاوگەشانە بن کەکەوتنە بندەستی تیرۆریستانی داعش و دیارترین قوربانییەکانی ئەو هوڤییانەن، ئەوە چیرۆکەکانیان، یەك لە پڕکارەساتترین تاوانەکانی ئەم سەردەمەی ئێستای ژیانی مرۆڤایەتین. ئاخر لەگەڵ هەر یەکێك لەو قوربانیانە دادەنیشیت، جۆرێکی دیکە لە تاوانکاریی ئاشکرا دەکەیت، زیاتر دەگەیتە ئەو بڕوایەی، داعشەکان لە هیچ

تاوانبارێکی دیکەی پێش خۆیان ناچن، ئەوەی ئەوان دەرهەق بە کوردانی ئێزیدییان کردووە و دەیکەن، لانی کەم لە سەردەمی تازەدا، بێ وێنە و دەگمەنن لە دڕندایەتی و وەحشیگەرییدا. دیکۆمێنتکردنی چیرۆکی ئافرەتان و منداڵانی کوردی ئێزیدی، جیا لە لایەنە مرۆیی و یاسایی و مێژووییەکانی، پێویستییەکی وازلێنەهێنراوە بۆ یادەوەریی نەتەوەیی هەر کوردێك، تا هیچ نەبێت بزانێت، دوژمنانی ئەم نەتەوەیە، چۆن و چەند و بۆچی ئەوەندە ڕقیان لە هەموو شتێکی کوردییە.

چیرۆکی ئەمجارەییان هی (نوورا)یە کە خاتوونێکی دیکەی کوردی ئێزیدییە و چەند مانگێکە (ساڵ ٢٠١٦) لە چنگی ئەو هوڤییانەی داعش ڕزگاری بووە، بەڵگەیەکی زیندووی دیکەیە لەسەر ئەو مەترسییە زۆرەی لەسەر ئێستا و داهاتووی کورد بەگشتی و کوردانی ئێزدی هەیە.





**لە شنگالەوە بۆ ڕەققە**

کاتێك چوومە لای (نوورا خان) کە لەدایکبووی ١٩٨٠ی شاری شنگالە. هێشتا جێدەست و خەم و پەژارەی دوو ساڵ زیاتری دۆزەخی داعش بە ڕووخسارییەوە دیار بوو. داوام لێ کرد ئەگەر دەکرێت چیرۆکی گرتن و ژیانی ئەسارەت و ڕزگاربوونی خۆی و منداڵەکانیم بۆ بگێڕێتەوە. بە حەسرەتێکی قووڵەوە وەڵامی دامەوە: بەسەرچاو .. بەڵام ئەگەر بمتوانیایە بەوردی هەموویت بۆ بگێڕمەوە، باوەڕ بکە هەر ڕۆژەی کتێبێکی دەوێت، بۆیە هەوڵ دەدەم وێستگە سەرەکییەکانی ئەو دۆزەخەت بۆ بگێڕمەوە.

لێرەوە ئیتر نوورا قسە دەکات:

ئەو ڕۆژەی داعش کەوتە نێو شنگالەوە، ئێمە ویستمان وەك ئەو خەڵکە ڕابکەین بەرەو چیای شنگال. بەڵام لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبێلمان نەبوو، خۆم و هەر چوار منداڵەکەم لەنێو قرمەی تەقە و ڕێژنەی

گوولەدا بە پێ بەرەو لۆفەکانی دامێنی چیا بەڕێ کەوتین. هێشتا نەگەیشتبووینە لۆفەکان، دەورەمان گیرا و داعشەکان دەستیان کرد بە دەستڕێژ بەسەرماندا. ناچار لە ترساندا لە شوێنی خۆمان وەستاین، ئەوانیش بە دوو ئۆتۆمبێلەوە گەیشتنە سەرمان. هەر یەکەمین جار بە هاوار هاوار و تۆقاندن دەستیان بە تاڵانکردنمان کرد: مۆبایل، زێڕ و پارە و سەعات و هەرچی هەیە غەیری جلکەکانمان هەر هەموویان لێ سەندین. نەخێر لێگا لێگا خێزانگەلی ئێزیدی دەهاتن، ئەوانیش وەك ئێمە دەستگیر دەکران، تا دەورووبەری نیوەڕۆ ژمارەمان گەیشتە نێزیکەی شەست خێزان. چەند ئۆتۆمبیلێکی کیایان هێنا و هەموویان سەرخستین. لە ڕێگە، لەو سەر ڕێگانە چەندین تەرمی کوژراومان بینی خوێنیان لەبەر دەڕۆیشت، دیارە ئەو دەمە کوژرابوون بردیانینە بینایەك بەرامبەر نەخۆشخانەی گشتیی شنگال. ڕیزیان کردین و هاواریان کرد ئێستا هەمووانتان دەکوژین، بووە زیرە و هاوارهاواری منداڵان و ئافرەتان. دواتر دیارە نەیانکوشتین و یەکێکیان گوتی، ئەم شوێنەتان پێ پیس ناکەین، هەر دەتانکوژین، بەڵام لێرە نا. جا بیرم نەبوو، هەر لە لۆفەکان، داعشێکی کورد بە سۆرانی پێی دەگوتین: هەمووتان دەکەین بە قوربانی دوعا.



جارێكى دیكە سوارى كیاكانیان كردینەوە و بردیانین بۆ نێو فەرمانگەى نفوسى شنگال. لەوێ چەند ڕۆژێك هێشتیانینەوە، وەزعمان زۆر خراپ بوو، گەرما، تینوێتى، برسێتى، گریانى منداڵ و ترس و تۆقاندن. لەوێ ئیدى دەستیان كرد بە بردنى پۆستە پۆستەى كچان. ئەو چەند ڕۆژەى لەوێ ماینەوە هیچ كچیان تێدا نەهێشتین و تەنیا ژن و پیاوەكان و منداڵان ماینەوە. پاش چەند ڕۆژ، بۆمبارانى فڕۆكە دەستى پێ كرد. لێم پرسى: كە گوێتان لە بۆمبارانى فڕۆكە بوو، بیرت لە چى دەكردەوە؟ گوتى: باوەڕ بكە ژیانى خۆمانم لا گرینگ نەمابوو، دەنگى فڕۆكەكان و بۆمبارانیان، هیوایەكى زۆرى پێ دەبەخشین، لە دڵى خۆمدا دەمگوت، هەر هیچ نەبێت، خۆ ئەم دڕندانەش دەترسن، خۆ تۆڵەى ئێمە لەم وەحشیانە دەكەنەوە.



خاتوو(نوورا) لەسەر گێڕانەوەى چیرۆكى ئەسارەتى خۆى بەردەوام بوو: لەژێر بۆمبارانى بەردەوامى فڕۆكەكاندا، گواستیانینەوە بۆ بارەگاى یەكێك لە حزبەكان لەنێو شارى شنگال.
لەوێش دوو ڕۆژ ماینەوە. دواى ئەوە ئۆتۆمبێلیان هێنا و بردیانین بۆ جێگایەك كە دیار بوو سجنێكى گەورە بوو. لەوێ زانیم ئەمە سجنى بادووشە نێزیك موسڵ. كە چووین چیمان بینى خودایە؟ وەك ئەوەى

هەموو ئێزدی لەوێ بن وابوو. جێگایەکی زۆر ناخۆش، گەرما و تینوێتی و برسیێتی و بێ شیر و دەرمانی منداڵان برستی لە هەمووان بڕیبوو. لە بادووش، کوڕەکانیشیان لێ ستاندین، من منداڵە چکۆلانەکانم خستە بن بەتانییەکەوە، وەلێ داخەکەم کوڕە گەورە چواردە ساڵانەکەیان بردم. کاتێکمان زانی لەوێش بۆردومانی فڕۆکە بۆ سەر دەوروبەری سجنەکە، واتە بارەگا و بنکەکانی داعش، دەستی پێکرد. لەگەڵ هەموو ڕمبەیەکی بۆمبەکاندا جەرگمان دادەکەوت و دەترساین، بەڵام چونکە دەمانزانی لەو وەحشییانە دەدا، زۆرمان پێ خۆش بوو، هێز و هیوایەکی زۆری پێ دەبەخشین. پاش ئەوەی هەفتەیەکمان لەو دۆزەخەی بادووشدا بەسەر برد، پاش ئەوەی هەموو ئەو کچانەی مابوونەوە بردیانن، جارێکی دیکە سواری ئۆتۆمبێلیان کردین و بەرەو تەلەعفەر. لەوێ یەك دوو شەو لە حەوشەیەکی گەرمی قوتابخانەیەکدا فڕێیان داین. دواتر گوتیان لەگەڵ مێرد و خێزانەکانتان کۆتان دەکەینەوە. ئەوەبوو بردیانینە قوتابخانەیەکی دیکە، لەوێ منداڵەکانم بینییەوە.




باوەڕ دەکەن کە منداڵەکانم بینی بڕوام نەدەکرد، خەریك بوو لە خۆشیاندا دڵم بوەستێ، نەك هەر من، بگرە هەموو ئەو دایکانەی

منداڵەکانیان لێ ستێندرابوو تووشی شۆك بووبوون. دەمودەست، سواری لۆریان کردین بەرەو گوندی (کسر المحراب) لە نێوان تەلەعفەر و شنگالدا. گوندێکی تورکمانە شیعەکانی تەلەعفەر بوو، چۆڵ بوو، داعش کردبوویان بە یەکێك لە بنکە سەرەکییەکانیان. لەوێ چوار مانگ هێشتیانینەوە، چی خراپ بوو بە هەموانیان کرد.



بەزۆر خوێندنی ئایینی بە هەموومان، مەشقی سەربازی بە منداڵەکان، گەرما نەما ئینجا خەریك بوو لە سەرماندا ڕەق بینەوە. هەر زوو زووش بەناومان دەکەوتن و ئەو ژنەی بیانویستایە دەیانبرد. دوای ئەوە بردیانین بۆ هۆڵێکی گەورە لە موسڵ. لەوێ دوو موسڵاویی زۆر خراپ و بێناموس بەرپرسی شوێنەکە بوون: نافیع موسڵاوی و عەدنان موسڵاوی. هەموو ڕۆژ پشکنین و تێهەڵدان و سووکایەتی و ئەشکەنجە و جنێودان بە کورد و بە ئێزدی و بە کوردستان و بە هەموو پیرۆزییەکمان. پاش مانەوەی نێزیکەی مانگێك جارێکی دیکە هێنایانینەوە بۆ تەلەعفەر. سەرلەبەیانییەك زوو، سواری پاسیان کردین و بەڕێ کەوتین، ئەڵبەت کۆمەڵێك ئۆتۆمبێلی داعش پێش و پاشی کاروانەکەیان گرتبوو. دوو شەو و دوو ڕۆژ بە برسێتی تینوێتی بەڕێوە بووین و زوو زوو کاروانیان

یەك دوو سەعاتێك دەوەستان. تا كاتێكمان زانی گەیشتینە شارێكی گەورە بە تابلۆكاندا زانیمان شاری ڕەققەی سووریایە.



لە ڕەققە، بۆ ماوەی هەفتەیەك لەنێو ژێرزەمینێكی تاریك و نووتەك و پیسدا دایاننابین. وەزعمان زۆر خراپ بوو، هەر بۆ نموونە، یەكێك لە ژنە دووگیانەكانمان كە خەڵكی گەڕەكی (نەسر)ی شاری شنگال بوو، منداڵەكەی لەبار چوو. باوەڕ بكە تەنیا باسی ئەو ساتانەی ئەو كارەساتەتان بۆ بكەم كتێبێكی دەوێت. هەر لەوێ پیاوەكانیان برد (پیاوەكەی من لەگەڵمان نەبوو هەر لە سەرەتاوە لە كوردستان بوو). پاشان بردیانین بۆ سجنێكی پیسی دیكە لە ناوچەی غاباتی ڕەققە، شوێنەكە هێندە پیس بوو، زۆربەمان تووشی نەخۆشی پێست بووین. تەواوی پاسەوانەكانی ئەو سجنە، بیانی بوون. ڕۆژێك داعشێك هات پێیان دەگوت (ئەبو عەزام ئەلجەزراوی) بە عەرەبی قسانی دەكرد، بەڵام زۆر بە كورد دەچوو، گوتی: ژمارەیەك ئافرەت دەبەین بۆ ماڵێك. كەچی درۆی كرد، بردیانین بۆ بنكەیەكی داعش، داعشەكان لە قاتی خوارەوە و ئێمەش ٣٠ ئافرەتی دیل لە قاتی سەرەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر، داعشێکی عێراقی هات، بردینی بۆ گۆڕەپانێك لەنێو فڕۆکەخانەی ڕەققە. لەوێ دەستیان بە هەڕاجمان کرد و هەر داعشێك یەکێکمانی کڕی.



لێرەدا لە خاتوو (نوورا)م پرسی: دەکرێت باسی چۆنێتیی فرۆشتن کڕینەکەمان بۆ بکەیت؟ گوتی: ژنە داعشێك یەك یەك ناوەکانی دەخوێندەوە. ئەوەی ناوی دەخوێندرایەوە دەبا بێتە نێوەڕاستی گۆڕەپانەکە و لەچك و پەچەکەی لا بدات و بەدەوری خۆیدا بسووڕێتەوە، ژنە داعشەکەش بە عەرەبی خەسڵەتەکانی دەژمارد و باسی ئەوەی دەکرد گوایە ئەمە بووەتە مسوڵمان و قورئانی لەبەرە و دەخرایە موزایەدەوە. کێ پارەی زۆرتری بدایە، بەر ئەو دەکەوت. خۆ ئەگەر ئافرەتەکە لاملیی بکردایە، یەکسەر جەڵدەی لێ دەدرا.
من و دوو ژنی دیکە، بەر داعشییەکی پیسی چڵکن کەوتین، هەر زوو بڕیارم دا، خۆم بکوژم. ڕۆژی دوایی چەقۆیەکم هەڵگرت تا لە مەچەکی خۆمی بدەم و بمرم، بەڵام هاوڕێکانم نەیانهێشت و گوتیان ئەی منداڵەکانت چی لێ دەکەیت. گوتم: ئاخر چۆن دەبێت ئەتکمان

بکەن؟ نەخێر داعشەکەی کڕیبووینی و ناوی (ئەبو ڕەحمەی عێراقی) بوو، گوێی لێ بوو. هات وەك وەحشی نەڕاندی. پێی گوتم: ئەگەر خۆت بکوژی، لاشەکەت دەدەمە سەگگەل و منداڵەکانیشت دەبەم بۆ مەشقی سەربازی. بە لاقرتێشەوە پێی دەگوتم: جا تۆ قەڵەویشی سەگگەلی ئەم ناوە هەموو تێر دەکەیت. پاش ماوەیەك، فرۆشتمییەوە بە داعشێکی تونسی و ویستی بمبات بۆ مقەڕێکی داعش، گوتم نایەم بشمکوژی، ئاخر دەمزانی، لەو مقەڕانە ئەتککردنی بەکۆمەڵ دەکرێت. زۆر لێ پاڕامەوە نەمبات بۆ مقەڕەکەی. زۆری جنێو بە من و هەموو کورد و هەموو ئێزدیی دا.



ئاخری بێ ئەوەی ئاگادار بم، منداڵەکانمی برد بۆ سەربازگەی مەشقی داعش. ڕۆژێکیان داوام لێ کرد قسە لەگەڵ خێزانەکەمدا بکەم لە کوردستان. دەهری بوو هاواری کرد بەسەرمدا: تۆ ئێستا ژنێکی مسوڵمانی چۆن قسە لەگەڵ ئەو کافرانە دەکەیت؟ گوتم: نەخێر ئەوانیش و منیش باوەڕمان بە خودا هەیە. گوتی: نەخێر

هەمووانیان کافرن. نایەڵم قسەیان لەگەڵدا بکەیت، لە دنیا خودا موحاسەبەت دەکات و هی منیش. گوتم: باشە با قسە لەگەڵ براکەم بکەم لە ئەڵمانیایە. گوتی: بۆچی؟ هاوکاریت دەکات؟ گوتم بەڵێ وەزعی باشە و دەتوانێت هاوکاریم بکات و چێشتخانەی هەیە، خێرا گوتی: مانای وایە دەوڵەمەندە و دەتوانێت یۆرۆ و دۆلارت بۆ بنێرێت؟ گوتم: بەڵێ. یەکسەر ڕازی بوو، هەر گوێی لە یۆرۆ بوو، ئەو دنیا و ئەم دنیا و موحاسەبەی خودا و ئایینی هەر هەمووی لەبیر چووەوە. بەڵام پێی گوتم بە براکەت بڵێ: من لای ئەو موجاهیدەم و وەزعم باشە.



گوتیشی: باوەڕ ناکەم یۆرۆت بۆ بنێرێت، چونکە تۆ ئێستا مسوڵمانیت و ئەویش کافرە. گوتم هەقت نەبێت ئەوە برامە و یۆرۆم بۆ دەنێرێت. زۆرم تەلەفۆن کرد، براکەمم بۆ وەرنەگیرا، لەتاو یۆرۆ، ئەو گوتی با بچین بۆ بەدالەی سەرەکیی شار. چووین و چەندی هەوڵمان دا، وەرنەگیرا. گوتم: مادام براکەم بۆ وەرنەگیرا، با تەلەفۆن بۆ کەسوکارم بکەم لە کوردستان. تووڕە بوو گوتی: چۆن دەهێڵم قسە لەگەڵ مێردە کافرەکەت بکەیت؟ بە درۆ گوتم: لە یەکەم ڕۆژەوە شنگال گیرا، مێردەکەم کوژراوە. گوتی بەڵام ناهێڵم بە زمانی

کوردی، زمانی کافران قسان بکەیت، دەبێت بە زمانی قورئان، زمانی عەرەبی قسە بکەیت تا منیش تێ بگەم. گوتم: ئاخر کەسوکارم عەرەبی نازانن. گوتی: کێشەی خۆتە ناهێڵم بە کوردی قسان بکەیت، ئەوە زمانی کافرانە. گوتم: باشە کوڕە مامێکم هەیە دکتۆرە و عەرەبی دەزانێت. گوتی: خودایە ئەم بەڵایە چییە؟ خودایە لێم مەگرە ناچارم ڕێی بدەم لەگەڵ کافراندا قسان بکات. ئەڵبەت دەمزانی درۆ دەکات تەنیا گوێی لە یۆرۆ و دۆلار بوو، هیچی بیر نەماوە. تەلەفۆنم کرد بۆ کوڕە مامەمەکەم و وەڵامی دامەوە. تەلەفۆنەکەی لێ وەرگرتم و خۆی قسەی لەگەڵ کرد. ئامۆزاکەم پێی گوت: نوورا کچە مامی منە، هەرچەندت دەوێت دەتدەمێ بەس ئازادی بکە. داعشە نامەردەکە کە گوێی لە پارە بوو، هەموو ئایین و شەرعی بیرچووەوە و گوتی: ٢٠ هەزار دۆلار (دوو دەفتەر)م بۆ بنێرن، نوورا و منداڵەکانی هەموویان ئازاد دەکەم، کوڕە چواردە ساڵانەکەی نەبێت. ئامۆزاکەم لێی پرسی: ئەی ئەو کوڕە بۆ ئازاد ناکەیت. گوتی: ئاخر ئەوم وەك غوڵام فرۆشتووە بە موجاهیدێکی دیکە. ئاخری ئامۆزاکەم ناچار بوو پارەکەی بۆ کرد بە سێ دەفتەر تا هەموومان بە کوڕە گەورەکەشمەوە ئازاد بکات. ئەوەبوو، ڕێك کەوتین. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئێمە هەموومان لە دۆزەخی داعش ڕزگارمان بوو.





ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

## (٦)

## رزگاربوویەك: هەموو دنیادا بگەڕێی لە داعش بەدڕەوشتتر نابینی



ژنێکی رزگاربووی ئێزیدی لە چنگی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، چیرۆکی خۆی لەبارەی هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر ناوچەکەیان، بە تایبەتی کاتێك هێرشیان کردە سەر گوندی کۆچۆ لە باشووری شنگال دەگێڕێتەوە.

کێ لە ئێمە کوشتارەکەی گوندی کۆچۆی لە ٢٠١٤/٨/١٥دا نەبیستووە؟ ئەو کوشتارەی سەدان پیاو و گەنجی گوندەکە، لە پێش هەمووشیانەوە پیاوماقوڵی گوندەکە و کەسایەتیی ناسراوی شنگال، ئەحمەد جاسۆ، تێیدا بوونە قوربانی.

کۆچۆ باجی بەرگریکردنی رۆڵەکانی دا، بەرەو رووی تیرۆریستان وەستانەوە و لەسەر کوردبوون و ئێزیدی بوونی خۆیان سوور بوون.


هەروەها باجی کریڤانیان دا، واتە غەدری ئەو هۆزە عەرەبانەی دراوسێیان بوون، کە ئەوان لە چرکەساتێکدا دەیان ساڵ دراوسێیەتی

و پێکەوەژیان و ئەو ڕێزەیان لەبیر چوو، کە ئێزیدی لە ئەوانی دەگرت، ئەوان چوونە پاڵ داعش و ناپاکییان لەگەڵ ئێزدیدا کرد، دەستیان لەگەڵ تیرۆریستاندا تێکەڵ کرد و بوونە مایەی هاتنی داعش و کوشتنی پیاوانی ئێزیدی و سەبیکردنی ژنانیان.



(ش) با لە ئێستاوە ناوی لێ بنێین (شیرین)، دەگێڕێتەوە، داگیرکەران سەرەتا گوتیان لە ماڵەکانی خۆتاندا بمێننەوە و ئاڵای سپی هەڵدەن و مەترسن، کەس بە لاتانەوە نایەت. داواشیان لێ کردین، موسڵمانبوونی خۆمان ڕابگەیەنین تا سەر و ماڵمان پارێزراو بێت. ئیدی لە ترسی زەبر و زەنگی ئەوان، خۆمان دایە دەست ویستی ئەوان، بەڵام هەر زوو لەو بەڵێنەی سەبارەت بە ئیسلامبوونمان بە ئێمەیان دابوو، پەشیمان بوونەوە. هەستان هەموو ئێمەیان بە ژن و پیاو و منداڵ و پیرەوە لە قوتابخانەکەی گوندی کۆچۆدا کۆ کردەوە. لەو کاتەدا زۆر دەترساین، منداڵانمان زەندەقیان چووبوو، کە ئاخۆ ئەو دڕندانە دەبێ چیمان بەسەر بێنن؟ ژنانیان لە پیاوان جیا کردەوە،

منداڵانی بچووکیش لەگەڵ دایك یان خوشکانیان مانەوە، چونکە هەندێ لە ژنان پێشتر کوژرابوون یان لە ترسان گیانیان لەدەست دابوو. ئا لەو کاتەدا چاوەڕوانی چارەنووسی نادیاری خۆمان دەکرد، بەدەم خەم و پەژارەوە دڵی یەکدیمان دەدایەوە. پیاوەکانیان راپێچ دا، کە تا ئێستا هیچ کامیانمان بە چاو نەبینیوەتەوە.



شیرین درێژە بە گێڕانەوەی تاوانەکە دەدات: پاش ماوەیەکی کەم، بە دوو کەڕەت، گوێمان لە دەستڕێژێکی زۆری گوڵلەبوو لە دەرەوەی قوتابخانەکەدا. ئێمە پێمان وا بوو، کە ئەو دەستدرێژی گوڵلەبارانە هاوسەر و باوك و براکانمان دەکوژێت. ئەو خەیاڵ و بۆچوونەی ئێمەش راست دەرچوو، بەداخەوە ئەوان هەرچی پیاوی گوندەکە بوو، کوشتیانن، گوڵلەبارانیان کردن. ئەوەیان یەکەمین مەرگ و مەرگەساتی ئێمە بوو، پاش ئەوەی دڵنیا بووین کە تێکرای پیاوەکانیان گوللەباران کرد. پاش ئەو کوشتن و مەرگە بە کۆمەڵەی پیاوانمان، ئەم جارەیان هاتنەوە کچانی تەمەن بچووك و هەرزە و ئەوانەی کە شوویان نەکردبوو، ئەوانیان جیا کردەوە و بەرەو شوێنێکی نادیار بردنیان، کە تا ئێستاش نازانین ئەو شوێنە کوێیە.

ئیدی لەو رۆژە رەشەدا چاوەڕوانی دژوارترین چارەنووسمان دەکرد تا کاتێ خۆرئاوابوو. بۆ سێیەم جار کە هاتنەوە، ئەمجارەیان گوتیان ئێوەش بۆ شوێنێکی دی دەبەین. ئەوە بوو ئوتومبیلیان هێنا و ئێمەیان بە چەند جارێك بۆ گوندی سۆڵاغ (لە باشووری شنگال) گواستەوە.
شەو لەنێو کەلاوەیەکی نێو گوندی سۆڵاغدا ماینەوە. هەر ئەو شەوە هاتن کۆمەڵە ژنێکی دیکە و کۆمەڵێ لە کچانی عازەبیان برد، کچە عازەبەکانیان بۆ تەلەعفەر برد. ژنانی پیریشیان برد و گوتیان ئەمانە بۆ شوێنێك دەبەین کە فێنکایەتیی لێ بێت. ئەوانیان بۆ شوێنێکی پشتی ئێمەوە برد، ئیدی نازانین چارەنووسی ئەوان بە چی گەیشت.



کاتێك هەواڵی هاوسەرەکەیم لێ پرسی، ئەو گوتی: هاوسەرەکەم ناوی (ح) بوو، تا ئەم کاتە چارەنووسی نادیارە، ئەویش وەك پیاوانی گوندەکە چارەنووسی نادیارە، هیچ هەواڵێکی نازانم. بۆ شەوی دواتر پاسیان هێنا و ئێمەیان بۆ شاری تەلەعفەر گواستەوە.

لە پاش پازدە ڕۆژ لە ئەشکەنجە و ژیانی ناخۆش و ئازاری لەدەستدانی پیاوان و سووکایەتی، کە بەرەو ڕوومان دەبووەوە، هەروەها بە شەو بردنی کچۆڵانمان لە لایەن ئەمیرانی تیرۆر و جنێو و سووکایەتی و قسەی سووك و ناشیرین دەرهەق بە کورد و ئیزدی، ئێمەیان بەرەو هەردوو گوندی (کەسرل میحراب) و (قزل قیو) برد، کە دوو گوندی چۆڵ بوون، لەبەرئەوەی هی تورکمانی شیعە بوون و لەوێ نەمابوون. ئێمە بۆ ماوەی پێنج مانگ لەو دوو گوندەدا ماینەوە.




لێم پرسی: ئەدی ڕەوشی ژیانتان لەو گوندەدا چۆن بوو؟ (ش) بەدەم فرمێسك داباراندنەوە هاتە گۆ، گوتی: تکا دەکەم باوەڕم پێ بکەیت، تکات لێ دەکەم ئەوە بۆ هەموو کوردێك و ئێزیدییەك و هەموو مرۆڤێکیش بگوازیتەوە. ئەوەی ئێمە لە لایەن ئەو تیرۆریستانەوە بینیمان، باوەڕ ناکەم هیچ مرۆڤێکی سەر ڕووی ئەم زەوییە بینیبێتی، لە ڕووی دڵڕەقی و دڵڕەشی و نامەردی و هیچوپووچییەوە. زۆر بە ئاشکرا دەیڵێم، هەر کورد و ئێزدییەك ئەو سووکایەتییە لەبیر بکات کە تووشی ئێمە هات، ئەوە نە کوردە و نە ئێزیدی.

شیرین لەدرێژەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی گوتی: رۆژێکیان هەموومانیان کۆکردەوە و بەرەو مووسڵیان بردین، ئێمەیان بردە نێو هۆڵێکەوە پێی دەگوترێت (گالاکسی). ئەو ژنانەی کە بێ نێرینە مابوونەوە، بە چەند کاروانێك بەرەو سووریایان بردن، من یەکێك بووم لەوان، بۆ ماوەی چوار مانگیش لە سووریادا مامەوە. لەوێ لە شاری رەققە لە تەلارێکدا بووین بە قوتابخانەیەکی گەورە دەچوو، من هەرسێ منداڵەکەم لەگەڵدا بوون.



شیرین لەبارەی ماوەی مانەوەکەی لە قوتابخانەکەی شاری رەققەوە قسەی زیاتری کرد، گوتی: لەو ماوەیەدا من بە کوڕە بچووکەکەمەوە دووگیان بووم، لەبەرئەوەی دووگیان بووم، لێیان دەپاڕامەوە کە باری من رەچاو بکەن، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە لە دڵی هیچ داعشێکدا زەڕڕەیەك بەزەیی و مرۆڤایەتی بەدی ناکرێت. ئێمە لەوێدا ١٤٠ کەس بووین، ئوتومبیلیان هێنا و بە جیاجیا ئێمەیان سوار کرد. ئێمە و سێ ژنی دیکەیان بەرەو بارەگایەکی خۆیان لە شەددادی (شارۆچکەیەکی سووریایە) برد. بۆ ماوەی سێ مانگیش لەو

بارەگایەدا مامەوە، جاری وا هەبوو بە درێژایی رۆژ نە ئاومان دەبینی نە خۆراك، منداڵەکانمان لەبەر برسێتی و تینوویەتی دەستیان بە گریان دەکرد. ئەوان قبووڵیان نەدەکرد تەنانەت ئاویشمان بدەنێ و دەیانگوت: ئێوە کافرن. تەنیا مەرجیان ئەوە بوو کە وەك کەنیزە بچینە نێو ماڵەکانیان یان شوو بە موسڵمانێك بکەین. وێڕای ئەوەی ئێمە نوێژیشمان دەکرد و وا خۆمان پیشان دەدا کە بووینەتە موسڵمان، کە پێشتر هەر لە گوندەکەمان بۆ خۆ دوورخستنەوە لە دەرد و بەڵای داعش، ئیسلامبوونی خۆمان راگەیاندبوو.



ئێمە لەو بارەگایەدا هیچ کارێکمان نەدەکرد، تەنیا بۆ فرۆشتن داندرابووین. دوو ژنیان برد، ئیدی لەگەڵ پیرەژنێکی تەمەن حەفتا ساڵدا ماینەوە. کەس بە کڕینمان رازی نەدەبوو. ئەوان لەوێدا چەندین بارەگایان هەبوو. هەر شێخێك کە دەهات نزیکەی بیست ژنی دەکڕی و بەسەر جەنگاوەرانی خۆیدا دابەشی دەکردن. شێخێك مووچەی دەداینێ، مانگی دە دۆلار، بەڵام پاسەوانانی بارەگاکە پارەکەیان دەبردو هیچیان بەئێمە نەدەدا، ئێمە هیچمان نەدەویست، تەنیا دەمانویست منداڵەکانمان برسی نەبن. ئەو بارەگایانە تایبەت بوون بە

سەبایا، پێیان دەگوت (مقر السبایا: بارەگای سەبایا)، تەنیا بۆ نمایشکردنی سەبایا بۆ فرۆشتن داندرابوون. جاری وا هەبوو داوایان لێمان دەکرد بارەگاکەیان بۆ پاك بکەینەوە، لەو کاتەدا بەرانبەر بە کارەکەمان بڕە خواردنێکیان بە منداڵەکانمان دەدا. هەڵبەت هەر دە رۆژ جارێك ئەو کارە دەست دەکەوت، رێشیان نەدەدا لە یەك منداڵ زیاتر لەگەڵ دایکی بێتە دەرێ.



لەو ماوەیەی لەوێ بووین، وێنەیان دەگرتین و وێنەکانیان بەسەر بارەگاکاندا دابەش دەکرد، بە ئامانجی ئەوەی کڕیارمان بۆ پەیدا بکەن. کەسێکی خەڵکی گوندی (جرییا)ی سەر بە شاری (میادین)ی سووریا منی کڕی. بۆ ماوەی بیست رۆژ لە لای مامەوە. ژنێك هاتوچۆی ئەوێی دەکرد، داوام لێ کرد مۆبایل لەگەڵ خۆی بێنێ، بۆ ئەوەی تەلەفۆن بۆ کەس و کارم بکەم. ئەو ژنە رازی نەبوو مۆبایلم بۆ بێنێ، دەیگوت دەترسم ئاشکرابێت کە یارمەتیی تۆم داوە.
لەبارەی ئەو بازاڕەوە کە ئافرەتانی ئێزیدیی تێدا دەفرۆشرا و دەکڕدرا، پرسیاری زۆرترم لە شیرین کرد، لە وەڵامدا گوتی: "جاری وا هەبوو نرخی هەریەکەمان دەگەیشتە پێنج ملیۆن دیناری عیراقی، ئەوە ئەگەر کچۆڵەکە جوان و بەرچاو بوایە. جیاوازیی

نرخەکەش بەپێی ئەوە بوو، کە ئاخۆ بە تەنیایە یان کەسی لەگەڵە. ئەگەر منداڵ (خوشك یان برا)ی لەگەڵ بوایە، کاری لە نرخەکەی دەکرد. خۆ ئەگەر ژنێکی بەتەمەن لەوێ بوایە، ئەوا تانە و تاشەریان لێ دەدا و بە تێزەوە دەیانگوت: ئەمە کەس سەد هەزار دینار (نزیکەی ٨٠ دۆلار)ی پێ نادات. یەکی دی دەیگوت: بابە ئەمە چوار قوتووە بیرە ناهێنێ. من ئەو زاراوەی (بیرە)یەم پێ سەیر بوو، لە هاوەڵە بە تەمەنەکەم پرسی: بیرەی چی؟ باشە سەیر لە چیدایە؟ خۆ ئەوان زۆربەیان شەوان بە نهێنی شەرابیان دەخواردەوە و هۆشبەریان دەخوارد.



ئەو خاتوونە بە مکوڕبوونەوە گوتی: "ئەگەر بە سەرانسەری جیهاندا بسووڕێیتەوە و هەموو مێژووی مرۆڤایەتی شەن و کەو بکەیت، لە داعش پووچتر و درۆزنتر و فێڵبازتر و بێ رەوشتتر نابینی".
تۆ هەوڵی هەڵاتنت نەدا؟ ئەم پرسیارەم لێ کرد. ئەو بەرسقی دایەوە: "ئەوەی هەوڵی هەڵاتنی بدابایە و لە هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبایە، ئەشکەنجەیەکی زۆر قورسیان دەدا، گوێم لە کچێك بوو کە

برادەرەکانی بێ ئاگاداریی ئەو هەڵاتوون، ئیدی داعش کەوتنە لێدانی ئەو، هێندە بە سۆندە لێیان دا تا پێستی لە لێدان ڕەش هەڵگەڕا. ئەو کچە ناوی (أ س) و خەڵکی گوندی (...) بوو. تەمەنی تەنیا ١٤ ساڵان بوو، ئەو هێشتا لە سووریا دیلی دەستی داعشە. ئەو کچە بۆمی گێڕایەوە، کە ویستوویانە بە پانکە هەڵیواسن، بۆ سێ ڕۆژ نان و ئاوی نەچووەتە سەر زار. من بە چاوی خۆم جەستەی ڕەشهەڵگەڕاوی و چەندی شوێنێکی ڕووتاوەی سەری ئەوم بینیوە، ئەویش لە ئاکامی ئەشکەنجەدان".



ئەو خاتوونە ڕزگاربووە گوتیشی: من ڕۆژانی ڕەشم بە دەستی ئەوان دیت، ڕێی خۆشووشتنیان پێ نەدەداین، ڕشك و ئەسپێ لە منداڵەکانی داین. کاتێك کوڕەکەی نێو زگم لەدایك بوو، لە بارەگایەکی شارۆچکەی شەددادیەدا بووین. تەنیا ژنانی وەك خۆم دیلی ئێزدیم بە دەورەوە بوون. خوا پاداشتی چاکەیان بداتەوە، ئەوان

لەو منداڵبوونەدا هاوکارم بوون، کەس نەیبردم بۆ نەخۆشخانە، داوام کرد بۆ نەخۆشخانەم ببەن، بەڵام رازی نەبوون. گوتیان پاسەوان لێرە نین و دەرگا داخراون، ناتوانین دەرت بکەین. کلیلەکە بە دەستی یەکێ لە پاسەوانەکان بوو، بەر لە چەند رۆژێك بەڵێنی پێ دابووین کە لە کاتی منداڵبوونەکەدا پەرستار دێنێت، وەك نەریتی هەموو داعشان، بەڵێن دەدەن و نایبەنە سەر. لە رۆژی منداڵبوونەکەشدا، کاتێك ژنەکان لێیان پرسی، گوتیان لێرە لە بارەگادا نییە.

لەبارەی چارەنووسی خێزانە گەورەکەیەوە، وەك شیرین گوتی کە لە ٤٠ کەس پێکهاتبوو، گوتی: من نازانم چییان بەسەر هاتووە. ئەوان تێکڕا یان لەنێو زیندانەکانی داعشدان، یان بە دەستی داعش کوژراون. تەنیا (و)ی براژنم و کچەکانی بەر لە چەند رۆژێك هاتنەوە، بەڵام ئەوانی دی، هیچیان لەبارەوە نازانم، چارەنووسیان نادیارە. براکەم و کەسێکی دی لە گوندەکەمان ئەو فدیەیان دا کە داوایان کردبوو، بۆ ئازادکردنی براژنەکەم. براکەشم ئێستا لە سەنگەری شەڕی دژ بە داعشدایە. ئێستاش لێرە، لە کەمپی ئاوارەکاندا ژیانێکی سەخت و زەحمەت و پڕ لە نەبوونی بەسەر دەبەین.











## (٧)

## جیلان: کاتێ ژنی ئەو ماڵەی لە ڕقە پەنام بۆ برد گوتی کوردم، وامزانی ئەو ساتە لە دایك بووم



بۆ ئەوەی داعش وردتر بناسین، تا لەوە دڵنیا بین کە هەرچی ئەو ئیدیعای خواناسی و بەزەیی و عەدالەتەی کردوویانەتە وێردی سەرزمانیان، سەرلەبەری درۆیە، پێویستە گوێ لەو ژن و پیاوە ئێزیدییە بەتەمەنانە بگرین کە هەرچۆنێك بووە لە دەستی تیرۆریستانی داعش ڕزگاریان بووە. بۆ ئەوەی بڕوای تەواو بێنین کە هەموو داعشییەك لە هەموو بەها و ئەخلاقێك داشۆراوە، ئەو ناموسپارێزییەی باسی دەکەن درۆیەکی ڕووتە، دەبێ گوێ بۆ ئەو ژن و کچە ڕووسوورە کوردە ئێزیدییانە بگرین کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە و ئێستا گەڕاونەتەوە. ئەسڵەن ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی ورد بۆ داعش دابنێین دەبێت بڵێین: داعش گردبوونەوەی ئەو هوڤییە بێ بەها و چەپێنراوە هیچ نەدیتکانەیە کە ئامانجیان تەنیا و تەنیا ئافرەتە و هیچی دیکە نییە، لەو پێناوەشدا

هەموو تاوانێك ئەنجام دەدەن. دواجار تا هیچ گومانمان نەمێنێت کە یەك لە بنەماکانی درووستبونی داعش، دژایەتیی کورد و کوردستانە، تا بزانین داعشییەکان چۆن سەیری کورد و هەموو شتێکی کوردی دەکەن، دەبێت گوێ لە چیرۆکەکانی ڕزگاربووانی دۆزەخی داعش بگرین.



**لە کۆچۆوە بۆ ڕەققە**

کاتێ چووینە لای خاتوو (جیلان شەممۆ)ی تەمەن ٣٠ ساڵ، خەڵکی گوندی کۆچۆ تا چیرۆکی گرتن و فرۆشتن و ڕۆژانی بندەستی داعشمان بۆ باس بکات، دڵنیا بووین، ئەگەرچی وێستگە سەرەکییەکانی چیرۆکی زۆربەی ئافرەتانی ئێزیدی لێکچوونێکیان تێدایە، چونکە دوژمن و تاوانبارەکان یەکێکن، بەڵام لە کارەساتنامەی هەر یەکێکیاندا دەیان وردەکارییان تێدایە.

خاتوو (جیلان) گێڕایەوە: ئێمە خەڵکی گوندی کۆچۆ، تا ڕۆژی ١٥ی ئاب لە گوندەکەی خۆمان ماینەوە، چونکە وەك زۆر جار باسکراوە، نەمانتوانی دەرچین. ڕۆژی ١٥ی مانگ، داعش ئاگاداریان کردینەوە هەر هەموو گوند بچینە بینای قوتابخانەی کۆچۆ. هەر لەوێ پیاوەکانیان جیا کردەوە و بردیانن و ئیدی تا ئەمڕۆ سەروسۆراخیان نازانین، هێندە نەبێت کە ئێمە، ئافرەتان و منداڵان، لە قوتابخانەکەدا گرد کرابووینەوە، گوێمان لە ڕێژنەی گوڵلەو هاوارهاوار بوو، بەڵام نەیاندەهێشت تەنانەت لە پەنجەرەکانیشەوە تەماشای دەرەوە بکەین تا بزانین ئەو دەستڕێژە زۆرە چییە و چی بەسەر پیاو و گەنجەکانمان دێنن.






هەر ئەوکاتە چەند کچێکی جوان و بەرچاوی گوندەکەمانیان برد و ئیدی ئەوانیشمان نەبینیوەتەوە. دواتر بە درۆ گوتیان ئێرە زۆر گەرمە دەتانبەین بۆ شوێنێکی فێنك. پێش سواربوونی ئۆتۆمبێلەکان، ژمارەیەکی دیکە کچیان جیاکردەوە و گوتیان دەیانبەین بۆ گوندی سۆلاغ، ئێمەشیان سوار کرد و ئافرەت و منداڵانی کۆچۆ و بردیانین لە حەوشەی قوتابخانەیەکی تەلەعفەر فڕێیان داین.



لە خاتوو (جیلان)م پرسی ئەی نان و ئاو و شیری منداڵ بەتایبەتی تۆ منداڵێکی شیرەخۆرەت بەبەرۆکەوە بوو؟ لە کۆچۆ هیچیان نەداینێ و ئەسڵەن نازانم چۆن تا ئێوارە لەوبەر گەرمایە گیانمان دەرنەچوو. لە تەلەعفەر حەشاماتی ئێزیدی هەر هەمووی برسی و تینوو و پڕوکاوی بەر ڕۆژ. لەوێش دەستیان بە بردنی کچان و ئافرەتانی گەنج کرد. ناخۆشترین دیمەنەکانی ئەو تاوانکارییە، ئەو ساتانە بوو کە داعشەکان دەهاتنە قاعەکان و بە بەرچاوی باوکە پیرەکانەوە دەستیان دەدایە پەلی کچ و ئافرەتە گەنجەکان و دەیانبردن و بە

لاقرتێیەکەوە ئاوڕیان لە پیاوەکان دەدایەوە. لەوەش سەختتر، جاری وا هەبوو، ئێوارە یان درەنگانێکی شەو ئەمیرێکی بێ نامووس دەهات و چاوی بەنێو ئافرەتەکاندا دەگێڕا و یەکێکی بەزۆر دەبرد و بەیانی دەیهێنایەوە. لەم ساتەدا خاتوو (جیلان) خۆی پێ نەگیرا و گریا و نەیتوانی باسی هەستی ئەو باوك و برا و مێردانەمان بۆ بکات کە سەرلەبەیانی ئافرەتەکانیان دەهێنانەوە بۆ نێو قاعەکە و هەم کچەکە و هەم خێزانەکەی دەیانزانی چ کارەساتێك قەوماوە.




چەند لە تەلەعفەر مانەوە و چۆنتان گوزەراند؟ هەر مەپرسە. ئەوەی ئەو چوار مانگە لە تەلەعفەر چێشتمان و بینیمان ناگێڕدرێتەوە.
گەرما دواتر سەرما، تینوێتی و برسێتی، ئیهانە و سووکایەتیی زۆر. ئەوە باسی نەخۆشی و نەبوونی دەرمان و چارەسەر هەر مەکە. لە هەمووی ناخۆشتر و بەئازارتر، ئەو هێنان و بردنەی ئافرەتان و کڕین و فرۆشتنی ڕۆژانە بوو. ئاخر هەر هێندەمان دەزانی چەند چەتەوڵێکی ڕیشنی چڵکن و ناشیرین لێمان بەژوور دەکەوتن. بە

ئارەزوو و حەزی خۆیان ئافرەتیان هەڵدەبژارد و دەیانبردن. با لێرەدا شتێکتان بۆ بگێڕمەوە تا هەموو کوردێك بیخوێنێتەوە و جوان بزانن داعش چی بە کوردانی ئێزیدی کردووە. کاتێك دەهاتنە ژوورەوە بەوەندە ڕازی نەدەبوون هەر دووراودوور سەیری یەکەیەکەی ئافرەتەکان بکەن و یەکێك دووان هەڵبژێرن و بڕۆن، نەخێر، ئافرەتانیان ناچار دەکرد هەستنە سەر پێ و لەچك و کۆڵوانە فڕێ دەن و بەروپشت بسووڕێنەوە تا بزانن ئەو نامەردەی هاتووە بەدڵیەتی یان نا.



خاتوو (جیلان) لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکی دۆزەخی داعش بەردەوام بوو. ڕۆژێکیان ئەمیرێکیان هاتە قاعەکەی ئێمە و پرسی کامتان خوشکی جەلیلەن؟ گوتم: من. یەکسەر گوتی پێشم کەوە و بردمی بۆ ژوورێکی تەنیشت قاعەکە، ناچاری کردم لەچکەکەم فڕێ دەم، سەروقژم بکەمەوە، چاکەتێکی کورتم لەبەردابوو لاییبەم و دووسێ جار بەدەوری خۆمدا بسووڕێمەوە. گوتی: زۆر باشە دەتبەم بۆ لای خوشکەکەت. ئەڵبەت من بیستبووم کە جەلیلەی خوشکم پێش

چەند ڕۆژێك هەڵاتبوو و ڕزگاریشی بووە، بەڵام لە ترسا نەموێرا هیچ بڵێم. ئاقیبەت، کابرای داعش منی نەبرد، چونکە لەسەر نرخەکە لەگەڵ فرۆشیارەکەم ڕێك نەکەوتن.



مانگی دوازدە، واتە پاش چوار مانگ لە مانەوەی ڕەزالەت و کولەمەرگی لە تەلەعفەر، ڕۆژێك دەمەوبەیان ئۆتۆمبێلیان هێنا و سەریانخستین و ڕۆیشتین. ڕێگەکە زۆر دوور بوو، زانیمان بەرەو سووریامان دەبەن. هەرچۆنێك بوو گەیشتینە نێو شاری ڕەققە، کە گەیشتین شەو بوو، هەموانیان بردین بۆ نێو خانوویەکی کۆن لەنێو

مەزرەعەیەکدا. وەزعەکە زۆر خراپ بوو، ئێمە ژن و منداڵ تۆقیبووین. هەموومان ئەوە یەکەم جار بوو لە شنگال زۆر دوور بین، بۆیە ترسولەرزێکی زۆرمان لێ نیشتبوو. هەمووی چەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوە، دەستیان کرد بە دابەشکردنمان، هەر دووسێ ئافرەت و بۆ جێیەك، من لەگەڵ شەش ئافرەتی خەڵکی کۆمەڵگەی حەردان مامەوە. پاش چەند ڕۆژێك، ئێمەشیان برد بۆ جێیەك، دواتر زانیمان ناوچەیەکە نزیکی فڕۆکەخانەی ڕەققە پێی دەڵێن (تەبقە). کە ڕۆژ بووەوە، ماوەیەکی زۆر بە پێ ڕۆیشتین و لەوێ بردیانین بۆ ژێرزەمینێك و بەزۆر کردیانینە ژوورەوە. شوێنەکە زۆر ترسناك بوو. هێندە نەماینەوە ئەمیرێکی چڵکنی پیس هات و سواری سەیارەی کردین و ڕۆیشتین و کاتێکمان زانی لەنێو شاری ڕەققەین و لە مقەڕی ئەمیرەکە دابەزین. نێزیکە ١٠ ڕۆژێك لەو مقەڕە هێشتیانینەوە.



پاش ١٠ ڕۆژ کۆمەڵێك هاتن و تیروپشکیان کرد بۆ دابەشکردنمان. من و منداڵەکانم، بەر داعشێك کەوتین کە پێیان گوتم ناوی ئەبو

عیمادە، بەڵام لە کاتی تیروپشکەکەدا لەوێ نەبوو. بۆیە خۆم و منداڵەکانم بە تاقی تەنیا لە مقەڕەکە ماینەوە. ئەو بێویژدانانە هیچیان نەدەداینێ، ڕۆژێك گوتم ئەرێ خۆم قەیدی نییە، بەڵام خێرتان دەگات نان و شیرم بدەنێ بۆ منداڵەکانم، کەچی دەیانگوت بشمرن هیچتان نادەینێ، تۆ هی ئەبو عیمادیت، ئەویش لە شەڕە، تا نەیەتەوە ئێمە هیچت نادەینێ. ناچار لە کون و قوژبنەی مقەڕەکە قەراغە نان و پاشماوەکانی ئەوانمان دەخوارد. لەو ماوەیەدا، بەیانییەك سەیارەیەکی داعش هات و سەریانخستم دەبینم دوو ئافرەتی دیکەی ئێزیدی کە دەمناسین لەنێو سەیارەکەدان. بردیانین بۆ یەکێك نەخۆشخانەکانی ڕەققە تا خزمەتی بریندارەکان بکەین. ڕاستتان دەوێت لەوێ زۆر دڵمان خۆش بوو، چونکە بە سەتان برینداری داعشمان بینی دەستوقاچیان بڕابوو و وەزعیان شڕ بوو. پاش ١٠ ڕۆژێك، ئیدی هاتنی کڕیاران دەستی پێکرد.






ڕۆژێکیان ئەمیرێك هات، پێیان دەگوت، ئەمیری ئیتیسالات. گوتی کامتان جیلانە؟ گوتم منم. گوتی تۆ ئەبوعیماد کڕیوتی و موڵکی ئەویت، بەڵام ئەو بەخشیویتی بە من. سواری سەیارەی کردم و بردمی بۆ مقەڕێك پێیان دەگوت، مقەڕی ئیتیسالات کە دەکەوتە نێو فڕۆکەخانەی ڕەققەوە. لەو مقەڕە، شەش داعشی لێ بوو. سێ ڕووسی سێ سووری. بە ئەمری ئەمیری ئیتیسالات بوومە موڵکی هەر شەشیان. ماوەیەك مامەوە تا ڕۆژێك لەنێو خۆیاندا ڕێك نەکەوتن و شەڕیان بوو لەسەر من. گەیشتە ئەوەی ئەمیرێکی تازە هات و منی برد. ئەمیرەکە منی بەناوی جارییەوە بردە ماڵەکەی خۆی. بوومە کارەکەری ماڵەکەی و هەموو ئیشی ماڵەکەی لەسەر من بوو. ئەمیرەکە کە خەڵکی ئیدلبی سووریا بوو، خۆی و ژنەکەی و خوشکێکی لە ماڵەکەدا بوون، نازانم چۆن باسی بکەم کە خۆم و هەردوو منداڵەکەم چ عەزابێکمان لەو ماڵەدا چەشت. بەتایبەتی لەلایەن ژن و خوشکی ئەمیرەکەوە بەتایبەتیتریش لە لایەن ژنەکەیەوە، نازانم زۆر ڕقی لە نەك کورد و ئێزدی، بگرە هەر بە

ناوهێنانی کورد دەهری دەبوو. هەر بۆ نموونە، لە بەیانی زووەوە خزمەتم دەکردن تا نیوەشەو، کەچی ژنەکەی هەر هەستی بکردایە خەوتووم، بە ئەنقەست بەو نیوەشەوە هەڵیدەساندم دەیگوت هەستە قاوەیەکم بۆ بکە هەر بۆ ئەوەی تەعزیبم بدات و پشوو نەدەم. کام ڕۆژ سارد بوایە، ئەو ڕۆژە دەیگوت بڕۆ ڕاخەرەکانی ماڵەکەمان بشۆ. هەرچەند باسی ئەو حەوت مانگە بکەم تەواو نابێت. بەوەشەوە نەدەوەستان، ئەگەر ڕۆژێك ئیش زۆر نەبوایە، هەر بۆ ئەوەی نەحەسێمەوە، دەیانناردم بۆ ماڵی داعشێکی دیکەی هاوسێیان تا خزمەتی ئەوانیش بکەم. لە هەمووی ناخۆشتر، ئەمیرەکە دەیویست منداڵی لە من ببێت، بەڵام من مەجالم نەدا چەندی ئازاری دام هەر مەجالم نەدا.




(جیلان خانم) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ڕۆژێکیان لەتاوا بڕیارم دا هەرچۆنێك بووە هەڵێم و خۆم ڕزگار بکەم. بۆیە ڕۆژێکیان دەرچووم و لەو دەوروبەرەی ماڵی ئەمیرەکە لە دەرگای سێ ماڵم دا، نەیاندەوێرا هاوکاریم بکەن. ماڵی چوارەم گوتیان بەسەرچاو وەرە

ئێستا دەتبەین بۆ جێیەکی ئەمین. کاتێکم زانی تەسلیمی ماڵە داعشێکیان کردم. داعشەکە یەکسەر تەسلیمی ماڵی ئەمیرەکەی کردمەوە لەو ماڵەی لێی هەڵاتبووم. ئەو شەوە وا ڕێك کەوت، نە ئەمیرەکە و نە داعشە پیاوەکانی هیچیان لە ماڵەوە نەبوون، چوار ژنەداعشی لێ بوو، بە هەر چواریان بەستیانمەوە و دەستیان کرد بە لێدان و دارکاریکردنم، تا هەموو جەستەم شین بووەوە و خوێن لە دەمودان و لووتم هات. بۆ بەیانی بردیانم بۆ لای حاکمی شەرعی.



حاکمەکە گوتی تاخاوەنەکەی نەیەتەوە حوکمی نادەم و گەڕاندمیانەوە بۆ ماڵەکە. هەر ئەو ڕۆژە ئەمیرەکە هاتەوە، بە مەسەلەکەی زانی و

بانگی کردم و لێی پرسیم بۆچی هەڵاتووی؟ گوتم، ژن و خوشکەکەت زۆر خراپن لەگەڵمدا بۆیە ناچار بووم ڕابکەم. لە خاتوو (جیلان)م پرسی ئەوانە چۆن باسی کوردانی ئێزیدییان دەکرد. گوتی: توخوا واز بێنە، ئێستا کە دەبیستم دەڵێن لەنێو داعشدا کورد هەن، خەریکە بمرم. باوەڕ بکە سەدان جار پێیان دەگوتم: کورد هەمووی بەرازن و ئێزیدییەکانیش کافرن و هەقی کوشتنیان هەیە. هیچ ڕۆژێك نەبوو ئەمیرەکە و ژن و خوشکەکەی سەدان سووکایەتی بە کورد و ئێزدی و کوردستان نەکەن. نەخێر من بڕیارم دابوو هەر دەبێت لەو ژیانە ڕەزالەتە خۆم ڕزگار بکەم. شەوێکی دیکە فورسەتم هێنا و ڕامکرد. ئەمجارەش دەرودراوسێکان خەبەریان لێ دام و جارێکی دیکە گێڕامەوە. ئەمجارەیان ئەمیرەکە بردمی بۆ مقەڕەکەی خۆی لە شاری (حەما) و لەوێ لە شوێنێکی وەك زینداندا لەگەڵ مندالە گەورەکەم و شیرەخۆرەکەم دایاننایین. تا ئەو ڕۆژەی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئێمەشی لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ ماڵەکەی ڕەققە.



ڕۆژێکیان، ئەمیرەکە و ژنەکەی چوونە دەرەوە، خوشکەکەی لە ماڵەوە مایەوە، تکام لە خوشکەکەی کرد کەمێك ئیزنمان بدا لەگەڵ منداڵەکانم بچینە دەرەوە بۆ باخچەیەکی نێزیك ماڵەکە و باش بوو ئیزنی دام. لەوێ خەڵکی ئاساییم دەبینی و قسەم لەگەڵ دەکردن و داوای یارمەتیم لێ دەکردن و هەوڵم دا ژمارەی براکەمیان بدەمێ تا تەلەفۆنی بۆ بکەن و هەواڵی ئێمەی بدەنێ، هەمووان دەترسان، تا لە کۆتاییدا، پیاوێك ژمارەکەی لێ وەرگرتم و بەڵێنی هاوکاریکردنمی دا، ژمارە تەلەفۆنەکەشی پێ دام. یەکسەر گەڕامەوە ماڵەوە. کاتێك ئەمیرە داعشەکە و ژنەکەی هاتنەوە، خوشکەکەی پێی گوت کە من چوومەتە دەرەوە، هەردووکیان شێت بوون، ئەمیرەکە دەستی کرد بە لێدانم، ژن و خوشکەکەشی وەستابوون پێدەکەنین. خوشکەکەی بێوەژن بوو، مێردە داعشەکەی کوژرابوو، هەر لەو ڕۆژانەدا شووی کردەوە بە داعشێکی دیکە، هێندەی نەبرد ئەویش کوژرا. خوشکەکەی هات بۆ لام، بۆ یەکەمین جار ئیعتیرافی کرد: ئەوە خوای ئێوەیە وام لێ هات، ئەوەندە لەگەڵ ئێوە خراپ بووم ئەوە مێردی دووەمیشم کوژرا.




ڕەمەزان هات بەسەردا. ئەمیرەکە گوتی منداڵەکەت دەبەم بۆ سەربازگەی ڕاهێنانی منداڵانی داعش. زۆر ترسام، بۆیە بڕیارم دا، ئەگەر بشمکوژن هەر دەبێت خۆم و منداڵەکانم ڕزگار بکەم. شەوێکیان پاشێویان کرد، چونکە من نانم بۆ دروست دەکردن، بۆیە بەخەبەر بووم، چاوەڕێم کرد تا نانیان خوارد و نوێژیان کرد و خەوتن. کچەکەمم هەستان و شیرەخۆرەکەشم باوەش کرد و بێدەنگ لە ماڵەکە هاتمە دەرەوە. دەرگاکانم لە دوای خۆمەوە داخست و کلیلەکانم برد. هاتمە کۆڵان، دنیا کپ و بێدەنگ. بڕیارم دا ئەمجارەیان لەو گەڕەکەی خۆمانی لێ بووین، پەنا بۆ کەس نەبەم و نیزیکەی نیو سەعاتێك بە پێ ڕۆیشتم و دوور کەوتمەوە، گەیشتمە گەڕەکێك. لەنێو سەدان ماڵدا، خوایە لە دەرگای کێ بدەم ڕەتم ناکاتەوە و هاوکاریم دەکات؟ نەخێر دنیا تاریك و ڕوون بوو، ناچار لە خۆمەوە لە دەرگایەکم دا. ژنێکی نێزیك ٤٠ ساڵان دەرگای لێ کردمەوە، زۆر ترسا، وەزعەکەی خۆمم تێگەیاند، دەمودەست سەیرێکی ئەملاولای کۆڵانەکەی کرد و گوتی خێرا وەرە ژوورەوە.






هەر لە پشت دەرگاکەوە گوتی: خەمت نەبێت، منیش کوردم و بردمیەوە ژوورەوە. باوەڕ بکەن کە گوتی کوردم، وامزانی ئەو دەقەیە لەدایك بووم. ژنەکە، یەکسەر ئاو و نان و بسکویت و کێکی بۆ خۆم و منداڵەکانم هێنا. بەیانی زوو هەر ڕۆژ بووەوە، مەردانە چوو تەکسییەکی هێنا و کرێکەشی دابوویە و بڕێك پارەشی بە خۆم دا و سوار بووین بەرەو عفرین. لە ڕێگە هەزاران غایلە و ترس بە دڵمدا دەهات. بەڵام چونکە ژنە کوردەکە دەفتەر نفووسی خوشکەکەی پێ دابووم و نەسییحەتیشی کردبووم بێ کێشە گەیشتینە شاری (باب). تاکسییەکەش ڕێنوێنیی کردین و بردینییە گەراجەکەی باب و لەوێ سواری سەیارەی کردین بۆ عفرین. ئاقیبەت بە سەلامەت گەیشتینە عفرین. لەوێ ترس نەما، بەڵام خوایە کەس ناناسم چی بکەم. ناچار خۆم کرد بە ماڵێکدا و باسی خۆمم بۆ کردن و داوام لێ کردن

تەلەفۆن بۆ براکەم بکەن لە کوردستان. ماڵەکە ئێزیدی دەرچوون، زۆر خزمەتیان کردین و ماینەوە تا براکەم گەیشت و هاتینەوە بۆ کوردستان.



14

# Spåren av terrorn bleknar inte

## Samia var sexslav hos IS – flydde utklädd till pojke

**Hon våldtogs, användes som slav och utnyttjades på alla sätt av en familj ansluten till IS.**

**Det är två år sedan Islamiska staten invaderade stora delar av norra Irak och tusentals yazidier utsattes för massakrer.**

**Samia var en av dem.**

**– De har gjort allt med mig, säger hon.**

Nu lever Samia Sleman Kamal i trygghet och kan berätta om den terror hon utsattes för.

Det är tortyr som för alltid finns bevarad i hennes minne, och det är för att bearbeta den och på något sätt gå vidare som hon under ett par veckor har levt i Lidköping, där landsmän och goda vänner ger henne plats att vila, men...

– Jag kommer alltid att leva med det som jag har blivit utsatt för. Det går inte att beskriva den smärta den har orsakat, säger Samia.

När hon togs till fånga i augusti 2014 fick hon lämna sin familj. Då fördes hon till en övergiven skola där hon blev en vara, en sexslav till salu i IS namn.

Priset för Samia var en cigarett.

– Jag var en vara, säger hon.

– Jag och mina medsystrar fanns till försäljning. Kunden valde vad den ville ha och betalade i princip ingenting. Det går att jämföra med torgförsäljningen här i Lidköping en onsdag, men i mitt fall handlade det om människor.

Inte ens monster skulle göra det IS gör säger Samia.

– De grep flera av mina närmaste släktingar och förberedde att skjuta dem. I dag har jag ingen aning om var de finns, eller om de lever.

**Efter sex månader** och tolv dagar i IS fångenskap lyckades hon rymma.

– Det var under en bönestund. Jag klädde ut mig till en pojke, ordnade skägg och klippte mitt hår. Jag tog på en keps och gick, säger hon.

Hon hade vandrat från morgon till kväll, i regn och åska och utan mat när hon fick hjälp av en taxichaufför.

– Jag berättade att jag var en yazidier, och jag var på flykt undan IS. Jag bad honom om hjälp att fly från IS.

Mannen gav henne det, och lät henne bo i hans hem under 25 dagar. Han ordnade ett nytt muslimskt id-kort, gav henne namnet Hiba och lyckades föra henne ut ur Mosul.

**I dag lever** Samia i Tyskland tillsammans med sin mamma. Hon har fått stöd och hjälp på bästa sätt, men det hjälper inte, upplevelserna från IS invasion och följden av den har satt spår som aldrig kommer att blekna.

Samia är samlad och koncentrerad när hon berättar, men hon är samtidigt ansträngd.

Det gör ont i henne säger hon.

– Jag har blivit sexuellt utnyttjad sedan jag var 13 år. Och jag har blivit hänsynslöst misshandlad. Jag kommer alltid att bära med mig det. Jag försöker att koppla av men det går inte.

**Nu får hon stöd** av Haidar Shibli i Lidköping.

– Vi ger henne en möjlighet att koppla av här, säger han.

Det gör han av ren medmänsklighet.

Den brinner även Dawood Khalaf från Stenstorp för. Han är också en av dem som finns vid Haidars sida.

Vi yazidier är behjälpliga. Vi kan inte ge mycket men vi kan ge kärlek. Den [...]pen yazidier, anhängare av yazdanism.

– Den betraktas som världens äldsta religion, säger Dawood.

– En gång hade den tre miljoner anhängare. I dag är det färre än en miljon. Vi blir färre och färre.

**• Hur ser framtiden ut?**

– Jag har inget mål än så länge, säger Samia.

– Jag tänker ständigt på dem där hemma. [...]

> Jag har blivit sexuellt utnyttjad sedan jag var 13 år. Och jag har blivit hänsynslöst misshandlad. Jag kommer alltid att bära med mig det.
>
> Samia Sleman Kamal

Samia Sleman Kamals öde har återgetts i såväl svenska som internationella medier. I dag lever hon i Tyskland, och har i några veckor under sommaren besökt landsmän i Lidköping.

### Förföljd folkgrupp

Yazidierna är en folkgrupp i Mellanöstern som är anhängare av den förislamiska religionen yazdanism.

Yazidier finns främst i norra Irak och i Kaukasus. Många har också utvandrat till Västeuropa. Det saknas tillförlitliga uppgifter om det totala antalet yazidier, men uppskattningar varierar mellan mindre än 100 000 och [...]

[...] mot den yazidiska minoriteten. Många män som inte lyckades fly ställdes inför valet att konvertera eller dö, medan kvinnor togs som gisslan eller såldes som sexslavar i de områden som kontrollerades av IS.

I början av 2016 fastslog Europaparlamentet att IS övergrepp [...]



سامیە، کچە ئێزدییەکی رزگاربووی دۆزەخی داعش




لەمیا حاجی و نادیە موراد لە مانشێتی ڕۆژنامە جیهانیەکاندا

# (٨)

# کچێکی ئێزیدی باسی مامەڵەی داعش لەگەڵ ئەو ئافرەتانە دەکات کە بە لایانەوە جوان نەبوون



بەفرین کچە رزگاربوویەکی دەستی چەکدارانی داعش

کچێکی ئێزیدی لە دیدارێکی تەلەڤیزیۆنیدا چۆنیەتی مامەڵەکردنی داعش لەگەڵ ئافرەتە جوانەکان ئاشکرا دەکات و ئەوانەیشی بە لای سەرکردەکانی داعشەوە "جوان نەبوون" لە "جوانەکانیان" جیاکردوونەتەوە.

ئەو کچە ئێزیدییە کە قسەی بۆ پرۆگرامی "صناعه الموت"ـی کەناڵی العربیه کردووەو ناوی بەفرینە دەڵێت "داعش لەسەر ئاستی جوانی ئافرەتەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن، کاتێك خۆی و خوشکەکەیشی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی رێکخراوەکە، خوشکەکەیان ناردووە بۆ رەقە چونکە گوتوویانە "جوانە" و خۆیشیان ناردووەتە ماڵێك لە شاری مووسڵ، چونکە فەرماندەکانی داعش پێیانوابووە "جوان نییە".

هەروەها روونیکردووەتەوە کە نێردراوەتە ماڵێك لە مووسڵ کە نهۆمەکانی سەرەوەی پڕ بووە لە ئافرەتە ئێزیدییەکان.
ئاشکرایکردووە کە چەکدارانی رێکخراوەکە فەرمانیان بە هەندێك لە ئافرەتەکان دەکرد تا جلی کورت لەبەر بکەن، بەو هۆیەشەوە یەکێك لەو ئافرەتانە لە حەمامی خانووەکەدا شادەماری خۆی بڕیوەو خۆی کوشتووە بۆ ئەوەی رووبەڕووی دەستدرێژی و سوکایەتی نەبێتەوە.
جە لەوەیش زۆر کەسی دیکە هەوڵی خۆکوشتیان دەدا.
هەروەها بەفرین کە ژمارەیەك لە کەسوکارەکەی لە دەستداوەو لە لایەن داعشەوە کوژراوە، باسی ئەو نەهامەتیانەی کردووە کە لەو ماوەیەی لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا بە سەریان هاتووەو باسی جیاکردنەوەی لە کەسوکارەکەی دەکات.



## (٩)
## چەکدارێکی داعش:
## “چوار کچی پاکیزەی ئێزیدی ببون بەبەشێك لەموچەکەم! بۆ شەوێك بە ٢٠٠دۆلار دەمفرۆشتن”



محمد ئەحمەد چەکدارێکی داعشە تەمەنی ٤٠ساڵە، لەکاتی چواردەورە گرتنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە ناوچەی شەنگال کە بە دەیان ژن و پیاو و منداڵ لەناویدا خۆیان حەشاردابوو لەهاوینی ٢٠١٤، ناوبراو دەڵێت: “کاتێ لەناو هۆڵی قوتابخانەکە تەقەم لییان کرد ١٠ بۆ ١٢ پیاوم لێکوشتن و لەناویاندا منداڵ هەبوون، پاشان ئەمیرەکەمان فەرمانی پێدام کە کچە هەرە جوانەکان لەگەڵ خۆیان بگوازنەوە بۆ موصڵ”. چەکدارەکەی داعش بەردەوام دەبێت و دەڵێت: “لەوێ کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرا وەکو کۆیلە وە لەنیوان ئەمیرەکان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا”

هەروەها ‘‘ئەو ٤ کچانە تەمەنیان لە ٢٢-٣٠ ساڵ بوو، ببوون بەبەشێك لەموچەکەم چونکە خۆم تەنها ٦٠هەزار دیناری عێراقی موچەم بوو بەلام هەریەکێکیانم بە ٢٠٠ دۆلار دەفرۆشت بە چەکدارێکی تری داعش بەمەرجی گەڕاندنەوە’’.
ناوبراو دەڵیت:‘‘چوار کچەکەم لە خانوویەکی دورەدەست دانابوون، هەرشەوەو بەجیا لەگەڵ یەکێکیان سێکسم دەکرد، ئەوکاتەی کە بەدەستم هێنان پاکیزەبوون وە هێندە جوان بوون ناتوانریت وەسف بکرێن’’.
لە ئێستادا (٢٠١٧) ئەم چەکدارەی داعش پەشیمانەو داوای لێبوردنی کردووە لەکوردانی ئێزیدی لە دادگا بەلام زۆر درەنگەو سزای خۆی وەردەگرێت وهەروەها بەهەزاران چەکدار و گومانلێکراوی تری داعش دەستگیرکراون و لێکۆلینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.



# (١٠)

# مەریوان کچێکی ئێزیدی لە دەستی داعش ڕزگار کرد و هاوسەرگیری لەگەڵ کرد



هیام و مروان

"هیام" کچە کوردێکی رفێنراوی ئێزیدی هێشتا لەژێر چنگی داعش بوو، کاتێك ئاشقی قائیدی بوو، ئەو کوڕە ئێزیدییەی هەوڵی رزگارکردنی خوشکەکەی دەدا و بە رێگەی پێوەندی تەلەفۆنییەوە هیام دەناسێت و پاش رزگارکردنی هاوسەرگیری دەکەن.



هیام سەبری لە سێی ئابی ٢٠١٤ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی لەلایەن داعشەوە لە شنگال گیران و رەوانەی تەلەعفەر کران، پاشان ئەو کچە لە خێزانەکەی جیا کرایەوە و بۆ "رەقە"ی سووریا گوێزرایەوە.

هیام لە رەقە دەتوانێت متمانەی چەکدارانی داعش بەدەست بێنێت و دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت بە رێگەی مۆبایلەوە پێوەندی بە مامەکانییەوە بکات، کچێکی تری ئێزیدی کە لەگەڵ هیام بووە، ژمارە تەلەفۆنی براکەی بە هیام دەدات بۆ ئەوەی پێوەندی پێوە بکات، ئەو

کوڕە "مەریوان تەعلۆ قائیدی" بوو کە ئێستە لەگەڵ هیام پێکەوە دەژین.



قائیدی دەڵێ، "هیام چەند جارێك پێوەندی پێوەکردم و زانیاری لەبارەی شوێنی خوشکەکەم پێ دام، وردە وردە پێوەندییەکانمان بەهێزتر دەبوو، من لە هەوڵی رزگارکردنی خوشکەکەم بووم، هیام پێی راگەیاندم ئەگەر پارەی بەدەست بگەیەنم، دەتوانێت خوشکەکەم بکڕێتەوە، ٧٥ هەزار دۆلارم نارد و خوشکەکەم لە چەکدارانی داعش کڕییەوە."

پاش کڕینەوەی خوشکەکەی، قائیدی پێوەندییەکانی لەگەڵ هیام زیاتر دەبێت، وەك خۆی دەڵێ، "داوام لە هیام کرد لەگەڵ خوشکەکەم را بکات و ئەویش رزگاری بێت، بەڵام لەبەر هەندێك نەریتی کۆن، ترسی لە گەڕانەوە هەبوو، پێم گوت ئەگەر لەبەر هاوسەرگیریتە من ئامادەم هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم."



قائیدی هاوسەرێکی تری هەیە و خێزاندارە، بەڵام وەك خۆی دەڵێ، "هاوسەرەکەم رەزامەند بوو لەسەر ئەوەی هیام رزگار بکەم و هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم، هاوسەرەکەم هەر خۆی پێوەندی بە

هیامەوە کرد و پێی ڕاگەیاند ئەگەر خۆت دەتەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ قائیدی بکەیت من ڕازیم تەنیا لەپێناو ڕزگارکردنی تۆدا."
هیام و خوشکەکەی قائیدی لە نۆی نیسانی ٢٠١٧ توانییان بە هەوڵی نووسینگەی ڕزگاربووانی دەستی داعش خۆیان لە سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش ڕزگار بکەن، پاش دوو ڕۆژ قائیدی سەردانی ئەو نووسینگەیە لە دهۆك دەکات و بۆ یەکەم جار چاوی بە هیام دەکەوێت.



قائیدی دەڵێ، "ئەوە یەکەم جار بوو چاوم بەو کچە بکەوێت کە لە ڕێگەی پێوەندی تەلەفۆنییەوە خۆشەویستی لە نێوانمان دروست بووبوو، هەستێکی خۆشم بۆ دروست بوو، لە ١١ی ئایاری ٢٠١٧ بە فەرمی هاوسەرگیریمان کرد."
مەریوان تەعلۆ قائیدی دوو هاوسەری هەیە و دەڵێ، "ئاینەکەم ڕێگر نەبووە لەوەی دوو هاوسەرم هەبێت، لەگەڵ هەردوو هاوسەرەکەیشم لە خانوویەکدا دەژین، لە هاوسەری یەکەمیشدا پێنج کچ و دوو کوڕم هەیە."

لەبارەی هەڵوێستی کەسوکاری کچەکە بەرامبەر هاوسەرگیریەکەیان دەڵێن: "کەسوکاری کچەکە لارییان نەبوو، ٧٥ مسقاڵ زێڕیشم بۆ هاوسەرەکەم کردووە."
باوکی هیام و چوار لە ئامۆزاکانی لەژێر دەسەڵاتی داعش ماونەتەوە، هەروەك ١١ ئەندامی خێزانەکەی قائیدی هێشتا لەژێر چنگی داعشدان.
هیام سەبری هاوسەری قائیدی، دەڵێ، "من لەژێر دەسەڵاتی داعش بووم کە قائیدیم خۆش ویست، ئێستەش بەیەك گەیشتووین و ژیانێکی زۆر خۆشمان هەیە."



هیام دوای گرتنی لەلایەن داعشەوە، ماوەی هەشت مانگ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی ماوەتەوە، پاشتر ئەو و کچەکانی تریان جیا کردوونەتەوە و بۆ رەقەی سووریایان گواستوونەتەوە.
ئەو دەڵێ، "لە رەقە دەستدرێژی زۆریان دەکردە سەر کچ و ژنەکان کە لە بیر ناکرێت، بەڵام توانیم متمانەی ئەوان بەدەست بێنم و مۆبایلێکیان بۆ کڕیم و ئەوەش بووە سەرەتایەك بۆ دەربازبوونمان."
مەریوان قائیدی لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٩ و خێزاندارە و حەوت منداڵی هەیە. هاوسەرە تازەکەی (هیام سەبری) لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧و خەڵکی خانەسۆرە نزیك شنگال.



# (١١)

## ئەوەی کە بەسەر بوکە دوو مانگێکە هات



ڕزگاربوو (ف ع ع) لە دایکبووی ساڵی( ١٩٩٩ ) خەڵکی گوندی (ص)، بووکی دوو مانگی بوو، باس لە بەسەرهاتەکانی دەکات و دەڵێت:

بەشێک لە خێزانەکەمان بەو ئۆتۆمبێلەی کە هەمانبوو دەرچوون و من و مێردەکەم و دایک و باوکی لە گرزرک ماینەوە لە ڕۆژی ٣-٨، ئۆتۆمبێلێکمان هەبوو، لەو بڕوایەدا بووین کە هیچ ترسێکمان لەسەر نییە و داعش ناتوانێ نزیکمان کەوێ و کەسانێک هەن کە پارێزگاریمان لێ ئەکەن، لە کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی لە ماڵ دەرچووین، ئۆتۆمبێلی داعشەکانمان بینی بەرەو ڕوومان دەهاتن، گوللە بارانیان کردین بە چەکی چواری بە بێ هیچ پرسیارێ، یەکێک لە گوللەکان بەر سکی مێردەکەم کەوت و دایان لەسەر باوکی و

ڕاستەوخۆ کەوت و هەردووکیان شەهید بوون، منیش بریندار بووم و خەسووم گوڵلەیەک بەر لێوەکانی کەوت

هێزم نەما بە هۆی زۆری خوێن بەربوونی برینەکەم و وێنەی مێردەکەم و باوکی بە کوژراوی لە پێش چاومن و خوێنیان لێ دەچوو و خەسووشم هاواری بوو بە هۆی ژانی برینەکەیەوە بۆیە هەستم بە خۆم نەکرد و چاوم کردەوە لە نەخۆشخانەی بەعاج بووم و کاتژمێر هەشتی شەو بوو.



لە نەخۆشخانە مامەڵەیان زۆر خراپ بوو، دکتۆرەکان داعش بوون، خواردنەکان پیس بوون، برینەکەم زۆر سەخت بوو گوللەکە لە دواوە لێمی دابوو لە پێشەوە دەرچووبوو، ١٧ ڕۆژ لە پێ کەوتم و جێگای خەسووم لە تەنیشت جێگاکەی من بوو، زۆر بریندارى خەڵکی شنگالی لێبوو، دواتر وتیان بریندارەکان لە سێدارە دەدرێن و کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ڕۆژی ٢٠-٨-٢٠١٤یان دیاری کردبوو و خەڵکی ناوچەکەش ئامادە دەبن، زۆربەیان کەم ئەندام ببوون،

داعشەکان ناتوانن ئافرەتە بریندار و کەم ئەندامەکان بفرۆشن، بۆیە لێژنەی سەرپەرشتیار بڕیاریدا لە سێدارەمان بدەن بۆ ئەوەی رزگاریان بێت لێمان، ئامادەکاری سێدارەکەریان کرد و ناوەکانیان تۆمار کرد و کتابیان نارد بۆ خەلیفەی موسوڵمانان بۆ رەزامەندی بە هۆی زۆری ژمارەمانەوە، لەو ڕۆژەدا ئامادەیان کردین بۆ لە سێدارەدان،گریان سوودی نەبوو، ژمارەمان زۆربوو، وەڵامی خەلیفەکە ئەمەبوو ( هەرکەسێ موسوڵمانبوون خۆی ڕا بگەیەنی و واز لە بیروباوەڕی بهێنێ ئەوە خۆی رزگار دەکات لە لەسێدارەدانەکە)، زانای ئاینی موسوڵمانی داعشی ئەمەی پێ وتین لە بەعاج و درێژەی بە قسەکەی دا و وتی: تەنها ئەوەتان لەسەرە شایەتمان بـهێننەوە و لە دوای منا بیڵێنەوە، ئێمەش تەنها لێومان دەجوڵاندەوە، دوای تەواو بوونی و ڕۆشتنی بە نەفرەتمان کرد، بۆیە بڕیاری لەسێدارەدانی بە کۆمەڵ هەڵوەشایەوە.



چووینە تەل بەنات و ٧ ڕۆژ لەوێ ماینەوە، دواتر بۆ گوندی کۆچۆ و ٢ مانگ ماینەوە، کۆچۆ پڕ بوو لە خەڵک کۆکرابوونەوە لە هەموو کۆمەڵگە ئێزیدیەکان، ڕۆژی سێ جار پیاوەکانیان دەژمارد لە دەرگای مزگەوت، هەرکێ ئامادە نەبوایە و نوێژی بە کۆمەڵی نەکردایە بە هەڵگەڕاو دایاندەنا، چارەنووسی هەڵگەڕاو کوشتن بوو، منداڵانیش هەموو ڕۆژ لە مزگەوت فێر ئاینی موسوڵمان دەکران، دیوەخانەکەی ئەحمەد جاسۆیان کردبووە مزگەوت بۆ نوێژکردن، لە حاڵێتێکدا بووین ناخی دەهەژاند، هەموو بەتەمەنەکانیان لە هەردوو ڕەگەز لە ماڵێکدا کۆکردەوە و ژمارەیان ٣٨ کەس بوو، زۆر بە توندی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا ستایش ناکرێ، پاسەوانە داعشەکان هەموو ڕۆژ دەچوونە ئەم ماڵي و میزیان دەکرد بەسەر ئەم بەتەمەنانەوە، بۆیە کەس نەیدەتوانی لێیان نزیک ببێتەوە بە هۆی بۆنی ناخۆشیان، کەس بۆی نەبوو ڕەتی بکاتەوە میز بەسەریا بکرێ چونکە لێیان دەدا و بە زۆر میزیان دەکرد بەسەریا، ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە لە هیچ مێژوویەکدا نەکراوە.



نەماندەتوانی هەڵبێین لە کۆچۆ بە هۆی زۆری پاسەوانەکان لە دەوری گوند، ٨ خاڵی پاسەوانی هەبوو لە هەر خاڵێک کەس بوون، پڕ لە چەک و پێداویستیە سەربازییەکانیتر وەک دووربینی شەوانە بوون.




لە گوند شوێنی کۆمەڵکوژییەکەم بینی کە داعش ئەنجامی دابوو و بۆنی مردوی لێ دەهات، لە نزیک ماڵی ئەحمەد جاسۆ گۆڕێکی گەورەی بەکۆمەڵمان بینی، بە تەواوی نەناشتبوویان بەشێک لە تەرمەکان دیاربوون وەک قاچ و دەست و سەگەکان لەوێ خۆیان تێر دەکرد و دەرەچوون، پاسەوانەکە وتی هەموو خەڵکی کۆچۆمان کوشتووە لەبەر ئەوەی رەتیان کردەوە واز لە بیروباوەڕیان بهێنن.
مەلا ئەبو بەکر رەتی کردەوە کچەکان بە ئەندامانی داعش بفرۆشێ هەرچەن زۆریش ئیلحاحیان دەکرد چونکە گرێبەستی لەگەڵ بازرگانە قەتەرییەکان کردبوو کە بە کۆ پێیانی بفرۆشێ، ئەو پەیوەندی لەگەڵ حوکمەتی قەتەڕ و بازرگانەکانی هەبوو، هەموو پێداویستییەکانمان لە قەتەڕەوە بۆمان دەهات هەتاکو بوتڵێ

غازەکانیش لە قەتەرەوە بۆمان دەهات لەسەری نووسرابوو (صنع في قطر).



سەیری تیڤیمان دەکرد و ڕێگرییان لێ نەدەکردین زۆربەی کاتەکانیش سەیری کەناڵی (ڕووداو)مان دەکرد کە بە زمانی کوردی پەخشی دەکات لە هەولێرەوە لە پایتەختی کوردستان، لە پەیوەندی بەردەوامدابووم لەگەڵ براکەم لە دهۆک بە مۆبایل کە لە نێوان قژم دەمشارتەوە، هەموو کات دەمکوژاندەوە و بە شەو دەرم دەکرد و کاتژمێرێ تەواو لەگەڵ براکەم و باوکم قسەم دەکرد.



دیاربوو کە مەلا ئەبو بەکر نەیتوانیبوو بە کۆ بمانفرۆشێت، بۆیە هەر کۆمەڵەیەکی دەناردە ناوچەیەکی دیاریکراو وەک دیاری بۆ جەنگاوەرەکان، من و هاوڕێکەم (ب) بەختمان (ڕەقە) بوو لە سووریا، پێش خۆرئاوابوون گەشتینە شاری شنگال و لەوێ ١٥ داعشمان لەگەڵ بوو کاریان ئەوەبوو بمانگەیەننە گرتووخانەی (السبایا) لە ڕەقە و خۆیان بڕۆنە لای جەنگاوەرەکان لەوێ، کاتژمێر شەش و نیوی ئێوارە لە یەکێک لە ژوورەکان دەستیان کردە نوێژی بە کۆمەڵ، جگە لە ئینتیحار هیچمان بۆ نەمایەوە، وتیمان: (ئەگەر خوا ڕزگارمانی کرد ئەوە ژیان ئەبەینەوە، ئەگەر کوشتیشیانین ئەوە خۆمان هەر بەرەو مردنێکی لەسەر خۆ ئەڕۆین)، پێڵاوەکەم لە پێش دەرگای ژوورەکە دانا بۆ ئەوەی نەزانن دەرچووینە کاتێ لە نوێژ تەواو ئەبێ، لایتێکیشمان دزی، هەڵهاتین بە هەموو ئەو خێراییەی خوا پێی بەخشیوین، لە نێو ماڵ و جادەکانەوە و پێمان پەتی بوو،


دوای مەودایەک بینیمان بە دوامانا ڕادەکەن و گوللەبارانیان دەکردین، بەڵام شەوەکەی زۆر تاریک بوو بۆیە نەیانتوانی بمانپێکن، بەرەو چیا چووین بۆ ماوەی کاتژمێرێ تەواو ڕامان کرد بێ ترس و خۆڕادەستکردن و بە هاوڕێکەمم دەوت مەترسە و ڕاکە ئەویش هەمان ڕستەی دووبارە دەکردەوە و گوڵلەکان وەک باران بەسەرمانا دەکرا، ڕووناکیمان دەبینی لە چیاکەوە و بەرەو ئەو ڕووناکییە دەچووین و بە هۆی زۆر گوڵلەکانەوە ئەو هێزەی بەرگری لە چیاکە دەکرد هەستی پێکرد کە داعش هێرشی کردووەتە سەریان ئەوانیش دەستیان کردە گوللەباران کردنیان، کەوتینە نێوان دوو ئاگرەوە گوڵلەکان لە پێش و لە پاش دەهاتن و ئێمەش هەر بەردەوامبووین لە ڕاکردن، داعشەکان نەیانتوانی زیاتر پێشڕەوی بکەن بەرەو چیا، جەنگاوەرە ئێزیدیەکان ئێمەیان بە دووربینی شەوانە بینی بۆیە کۆمەڵێک بەرەو لامان هاتن هەتا گەشتینە لایان، ڕاکردنەکە دوو کاتژمێری خایاند لە ژێر گوڵلەباران کردن، چوار ڕۆژ لە چیا ماینەوە و بە فڕۆکە گواسترانەوە بۆ دهۆك.




Welcome
to Lesvos


help The
EZIdIe People





# (١٢)
# زۆرجار من پرچی کەچەکەمم دەبڕی
# تاوەکو لەدەست چەکدارانی داعش رزگارمان بێت



خانێ

خانێ، یەکێك لەو ٣٦ کوردە ئێزیدییە رۆژی هەینی ٢٨-٤-٢٠١٧ لەدەستی داعش رزگارکران، چیرۆکی دوو ساڵ و نیوی ژیانیی لەژێردەستی داعش باس دەکەن. رزگاربووانی دەستی داعش دوای رزگاربوونیان گەڕانەوە لالش، یەکێک لە رزگاربووان دایکی ٦ منداڵە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە مانگی ٨ی٢٠١٤وە لە گووندی سولاخی شنگال کەوتنە دەستی داعش.

دەبێژیت "ئێمە لە سوولاخی شنگال کەوتنیە دەستی داعش، پاشان ئێمەیان بردە تەلەعفەر، لە تەلەعفەرەوە بۆ بادوش و لە بادوشەوە چووینە سووریا و دواتر جارێکی دیکە ئێمەیان هێنایەوە جەزیرەی بعاج لە پارێزگای نەینەوا."



ئەو رزگاربووەی دەستی داعش دەڵێت:"زۆرجار من پرچی کەچەکەمم دەبڕی و دەمگوت کەم ئاقل (شێت)ە، تاوەکو لەدەست چەکدارانی داعش رزگارمان بێت، داعش زۆر مەینەتی بەسەر ئێمە هێناوە ، ئێمە باوەڕمان نەدەکرد رزگارمان بێت، سوپاسی سەرۆکی حکومەت و پێشمەرگە دەکەین ئێمەیان رزگارکرد."

لە بەرەبەیانی ٢٩-٤-٢٠١٧ ، ٣٦ کوردی ئێزیدی لەدەست داعش رزگار بوون کە ٢٧ یان منداڵ بوون و ٩ یان ژن و پیاو بەو پێیە ژمارەی رزگاربووانی دەستی داعش لە سێ هەزار کەس تێپەڕی.




عيد
شنگال

## (١٣)
## ڕزگاربوویەکی ژێر دەستی داعش: بەشێک لە کچانی ئێزیدی لەلایەن حەشدی شەعبییەوە براونەتە بەغدا



کچێکی کوردی ئێزیدیی تەمەن ١٢ ساڵ، لە دەستپێکی هێرشی چەکدارانی داعش بۆ شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری، دوای ڕفاندنی، دەیبەنە سووریا و چەندین جار لەنێوان چەکدار و ئەمیرەکانی ئەو گرووپە تیرۆریستییە کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێ.
ئەو کچە کە ناوەڕاستی ئەم مانگە (٣/ ٢٠١٨) لە سووریا لە دەستی ڕێکخراوی ناوبراو ڕزگار کراوە، سەربردەی ڕفاندنەکەی و چەندین زانیاریی نوێ لەبارەی کچ و ژنە ئێزیدییە ڕفێندراوەکان ئاشکرا دەکات.
بە گوێرەی قسەکانی ئەو کچە ئێزیدییە کە نەویست ناوی ئاشکرا بکرێ، زۆربەی کچە ئێزیدییە ڕفێندراوەکان لە سووریان و بەشێکیشیان بردراونەتە بەغدا، دەڵێت:" داعش بە زۆرداری ئێمەی

ڕفاند و دوای ماوەیەک هێشتنەوەمان لە مووسڵ، بردیانین بۆ سووریا و لەوێش چەندین شوێنیان پێ کردین.”




لەبارەی ڕەوشی ژیانی خۆی و کچ و ژنە ڕفێندراوەکانەوە دەڵێ: “جگە لە من، سەدان کچ و ژنی دیکەم لەگەڵدا بوون، وەک ئەوەی کاڵایەکی هەرزان بەها بین، هەریەک لە ئێمە دەیان جار کڕین و فرۆشتنمان پێوە کراوە، من یەکێکم لەوانەی لەنێوان چەکدارەکان و ئەمیرەکانیاندا (١٣) جار کڕین و فرۆشتنم پێوە کرا، لەو ماوەیەدا سووکایەتیی زۆرمان پێ کرا، گەلێک ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی دراین، بەهۆی خراپیی شوێن و ئازاردانیشمان تووشی دەیان نەخۆشی بووین.”

کچە ئێزیدییە ڕزگارکراوەکە دەشڵێ“ :لە سەروەختی ئازادکردنی مووسڵ، ژمارەیەک کچی ئێزیدی لە دەستی داعش ڕزگار کران، بەڵام ئەمجارە حەشدی شەعبی و سوپای عێراق ئەوانیان بەرەو بەغدا و شوێنەکانی دیکەی عێراق بردووە و پێویستە بە زووترین کات، چارەنووسیان بزاندرێ و کاری جدی بۆ ڕزگارکردنیان بکرێت.”

هەر پەیوەست بەم پرسە، کچێکی دیکەی ئێزیدی خەڵکی گوندی تەل قەسف، کە تەمەنی ١٤ ساڵە و لە ماوەی ڕابردوودا ڕزگار کراوە، گوتی:" لەو ماوەیەی لە دەستی تیرۆریستانی داعشدا بووم ١٦ جار کڕین و فرۆشتنم پێوە کراوە، دۆزەخم بە چاوی خۆم بینیوە، هەرگیز و تا لە ژیاندام سەختی و ناخۆشییەکان، دەستدرێژی و دڕندەییەکانی ئەو تیرۆریستانە لەبیر ناکەم."



لای خۆیشیەوە ڕەغدە حوسێن، کە کچێکی دیکەی ئێزیدیی ڕزگاربووی دەستی داعشە دەڵێت:"سەرەتا کە داعش ئێمەیان ڕفاند، بردنیانین بۆ تەلەعفەر و لەوێ لە قوتابخانەیەک کۆیان کردینەوە و پیاوەکان و ژنە بەتەمەنەکانیان لە ئێمە جیاکردەوە دوای ئەوە جگە لە کچێکی هاوتەمەنمان کە لیمانیان دابڕی، ئێمەیان گواستەوە بۆ مووسڵ و لەوێشەوە بردیانین بۆ شاری ڕەققە لە سووریا."

ڕەغدە کە بەئاسانی ئاماژە و شوێنەوارەکانی ئەو ستەم و کارە دڕندانەیەی تیرۆریستانی داعش لە چاوەکانی و جووڵەکانیدا دەخوێندرێتەوە دەڵێ: "دوای بردنمان بۆ ڕەققە، من و براژنێکمیان بردە شوێنێک و لەوێ فرۆشتنیانین ئیدی هەر ماوەیەک و لە چەکدارێک لەوەی دیکە دەیکڕینەوە و سەرەڕای دەستدرێژیکردنە سەر و سووکایەتی پێکردنمان، لە زۆربەی ئەو ماڵانەشدا دەبوایە کارەکەری و خزمەتکاری بکەین."







**(١٤)**

**كچێكی كوردێكی ئێزدیی رزگاربوو: كاتێک یەكێكمان لێ دەمرد خۆزگەمان بە مردنەكەی دەخواست**

**"كچی یازدە ساڵان هەبوو منداڵی بوو، پازدە ساڵی هەبوو دوو جار سكپڕ كرابوو"**



كچێكی رووخۆش، روخساری پڕلە هیوا و حەزكردن لە ژیان بوو. هەموو جۆری دەستدرێژی و چەوساندنەوەی لەسەر تاقی كرابووەوە، بەڵام ئەو لەسەرەتای گفتوگۆكەمان گوتی: "دەمەوێ بخوێنم و خزمەتی كۆمەڵگەی ئێزیدی بكەم."

تەمەنی كوردە (ناوەكە خوساتراوە) ٢٢ ساڵە. باڵایەكی بەرزو روخسارێكی گەشاوە و جوانی هەیە. سەرەتا چایەكی بۆ هێنام و گوتی: "هەم چا دەخۆینەوە و هەم قسە دەكەین. من زۆر حەزم لە چایە. لەوێ نەیاندەهێشت چا بخۆمەوە."

هاوکات بەدڵخۆشییەوە باسی لەوە کرد کە رزگاری بووە، خێزانەکەی زۆر دڵخۆش بوون و"رێزیان لێ گرتم. هەموویان هاتنە پێشوازیم. دوایی چوومە لالش و لای بابە شێخ."
کوردە لە کاتی داگیرکردنی شەنگال لەلایەن داعش، خۆی و چوار خوشکی بەدیل دەگیرێن. خوشکەکانی یەکیان لەو گەورەتر و ئەوانی تر تەمەنیان یازدە ساڵ و هەشت ساڵ بووە.




کوردە دەگێڕێتەوە: "ماڵمان لە تەل عوزێر بوو.، کاتێک دەمانویست بڕۆینە چیای شنگال، داعش ئێمەی دەستگیر کرد. هەموومانیان ریز کرد و گوتان موسڵمان بن. هەموو پیاوەکان شەهادەیان هێنا و موسڵمان بوون، بەڵام هەر کوشتیانن. دوای ئەوە ژن و منداڵ و کچیان جیاکردەوە. سواری ئۆتۆمبێڵێکیان کردین و بردیانین بۆ سیبا

شێخ خدر، لەوێ تەرمی زۆر ژن و منداڵ و پیاومان بینی لەسەر شەقام و کووچە و کۆڵانەکان کەوتبوون."
کوردە دەڵێت: "ئێمە ٤٠٠ ژن دەبووین، بردیانین بۆ بەعاج، تەنیا یەک سەعات لەوێ رایان گرتین، دواتر بردیانین بۆ مووسڵ، لە نزیک قاعەی فندق نەینەوا، ماوەی ٢٥ رۆژ لەوێ بووین. دواتر بردیانین بۆ ماڵێك، ئەو ماڵە زۆر خراپ بوون لەگەڵمان، بەردەوام برسی بووین، هەروەها گەرمایەکی زۆر بوو، چونکە هاوین بوو. بەو گەرمایە ئاوی گەرمیان دەداینێ. گەیشتبووینە دۆخێک هەمووومان حەزمان لە مردن دەکرد."




سەبارەت بە تەمەنی ئەو ٤٠٠ ئافرەتەی کە کوردە باسی دەکات، گوتی: "هەموو تەمەنێکمان تێدابوو، لە گەنج و پیر و ناوەند. لەگەڵ گەیشتنمان بۆ ئەو ماڵە لە مووسڵ، زۆر ئازاریان داین و کەوتنە لێدانمان، بێ ئەوەی هیچ بکەین و هیچ بڵێین. ئەو داعشانەی ئازاریان دەداین هەموو نەتەوەیەکیان تێدابوو، بەڵام زۆرترینیان

عەرەب بوون. لەوێ گەنج و پیریان جیا کردەوە. گەنجەکانیان برد بۆ سووریا."




وەک کوردە دەگێڕێتەوە، دوای ئەوەی ئەوانیان بردووە بۆ شوێنێک بەناوی شەدادی لە سووریا، تیروپشکیان لەسەر کردوون و هەر کچێک بەر داعشێک کەوتبێ، ئەو داعشە لەگەڵ خۆی بردوویەتی.
کوردە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: "من بۆ پیاوێک دەرچووم ناوی ئەبوو ئەیمەن بوو، خەڵکی سنووری پارێزگای سلێمانی بوو. ژنەکەی ناوی نوورا بوو. ژنەکەشی کورد بوو. ١٥ رۆژ لە ماڵی ئەوان هێشتیانمەوە. کاری من لەوێ هەموو ئیشەکانی ئەو ماڵە بوو. جل شوشتن، چێشتلێنان، شوشتن و جل گۆڕینی منداڵەکانیان. لەگەڵ ئەوەش بەردەوام خۆی و ژنەکەی لێیان دەدام، دەمپرسی بۆ لێم دەدەن؟ دەیانگوت چونکە کافری، کە دەمویست خۆم بشۆم نەیاندەهێشت، کە خۆم نەدەشوشت دەیانگوت خۆتان لەو کافرە مەدەن پیسە."

دوای ئەوە ئەبوو ئەیمەن، کوردە دەداتە ماڵێکی تری داعش، ئەویش بە نیەتی خۆشاردنەوە رادەکات و لە ماڵێك خۆی دەشارێتەوە، بەڵام هەر کاتێك کچێکی ئێزیدی لە دەستیان رایکردبێ ئەو ناوچەیان پشکنیوە، بۆیە دۆزیویانەتەوە:"کاتێک رامکرد سەعات پێنجی بەیانی بوو، بێ عەبا و عەرەبییشم نەدەزانی. بۆیە ئەوەی منی بینیبوایە دەیزانی ئێزیدیم و رامکردووە. کە رامکرد هیچ شوێنێکیشم پێ نەدەزانی، بەڵام لای خۆم دامنابوو کە تووشی هەرچی بم لەوە باشترە لەدەستی ئەوانەدا بم، چوومە ماڵێک ماڵەکە مەدەنی بوون، پێم گوتن مۆبایلم بدەنێ، داعش منی گرتووە، دەمەوێ لەگەڵ خێزانەکەم قسە بکەم، بەڵام کاتێک داعش بەهۆی راکردنی منەوە ئەو ناوچەیان پشکنی، دووبارە دەستگیر کرامەوە. ئەمجارە بردیانمە مەقەڕێک. دوو خوشکی خۆمم لەوێ بینییەوە، یەکیان تەمەنی ١١ ساڵ بوو، ئەوان کڕین و فرۆشتنیان بە کچی منداڵیشەوە دەکرد و هەمان مامەڵەی دەستدرێژیی و ئازاردانیان بەرامبەر ئەوانیش دەکرد."



سزای راکردن بۆ ئەو کچانەی کە هەوڵی خۆرزگارکردنیان داوە، جۆراوجۆر بووە و جۆرەها ئەشکەنجەی نامرۆڤانە پەیڕەو کراوە:

"کە گرتیانمەوە، هەردوو دەستیان کەلەپچە کردم، دوای ئەوە دارێکی بە چقڵ و قەڵەمیان هێنا، لێیان دام، دوای ئەوە داعشێکی تر هات کێبڵێکی گرێ دا، دوای دارەکە بەو کێبڵە لێی دەدام. هەردوو دەستیشم لەدواوە بەسترابوونەوە، چونکە لێدانەکەیان بەهێز بوو، لەگەڵ هەر لێدانێک بەدەمدا دەکەوتمە سەر زەوی و هەموو دەم و رووخسارم دەبوو بە خوێن. دوای ئەو ئەشکەنجانە ئینجا مەنەجەڵێک ئاوی کوڵاویان هێنا پێیاندا کردم، هەموو گیانم سووتا، کاتێک بە نۆرە لێیان دەدام، ئەوانی تر بەدیار لێدانی منەوە کەیفیان دەکرد."



کوردە یەک لەو کچانەیە کە زۆرترین ئەشکەنجەی جۆراوجۆر دراوە، هۆکارەکەیشی بەوە دەخاتە روو، کە هەر کاتێک ویستوویانە دەستدرێژیی بکەنە سەر، بەرگریی زۆری کردووە و ویستوویەتی لە داعشەکان بدات، ئەو جارانەش کە توانیویانە دەستدرێژیی بکەنە سەر، هەردوو دەستیان بەستووە.
کوردە جارێکی تر بە داعشێکی کوردی خەڵکی ناوچەی سلێمانی دەفرۆشرێتەوە: "دوای ئەوەی سزایەکەم تەواو بوو، دیسان منیان بە

داعشێکی خەڵکی ناوچەی سلێمانی فرۆشت، ناوی هاوڕێکانی ئەبو خەتاب و ئەبو ئەحمەد بوو، ئەو بردمیە تەل حەمیس، ٤٠ رۆژ لە لای مامەوە، کاتێک لێی دەدام جەمەدانییەکەی دەکردە ملم دەیگوت دەتخنکێنم، جارێک وا توند رایکێشا قرچەیەک لە گوێم هات، هەروەها دڵۆپە خوێنێک لە چاوم دروستبوو. تا ئێستا هەم گوێم دێشی و هەم ئەو خاڵە لە چاومدا ماوە."



لەبەرئەوەی کوردە بەرگریی زۆری لەخۆی کردووە، ئەو داعشەش لێی بێزار دەبێت، بە داعشێکی تری خەڵکی لیبیای دەفرۆشێت، کە باسی ئەو داعشە لیبیاییەی کرد، دەستی راستی خۆی پیشان دام، کە پەڵەی سووتانی پێوە بوو، گوتی: ''ئەوە شوێنی سووتاندنی ئەو داعشەیە و زۆر شوێنی تری لەشیشم تا ئێستا شوێنەواری ئەشکەنجە و سووتانی پێوەیە، دوای ئەوە منی دایە داعشێک خەڵکی لیبیا بوو. رۆژی سێ کلکە ماسیحەی پێدا دەشکاندم، لەگەڵ ئەویش زۆر بەرگریم کرد و لێدانم دەخوارد تا رێگە نەدەم دەستدرێژیی بکاتە سەرم، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم. دوای ئەوە پیاوە لیبیەکە دەستی

سووتاندم، تا خۆم تەسلیم بکەم، چاویشی بەستم. ماوەی شەش رۆژی رێک بێ نان و ئاو و خواردن زیندانی کردم، بە کەرەڤانەی نەوتەوە بەستمیەوە. کە داهاتە لام پێمی دەگوت، بۆ ئەوەی عاقڵ بی لەمەودوا هەوڵی بەرگریکردن نەدەی بەرامبەر ئێمە."

دوای ئەوەی کاتی سزادانەکەی تەواو دەبێت و داعشەکە دەستی کوردە دەکاتەوە، هەوڵی خۆکوشتن دەدات: "دوای ئەوەی دەستی کردمەوە خۆم بە کارەباوە کرد، دەمویست بمرم و رزگارم بێ، دوای ئەو هەوڵە ماوەی ٢٥ رۆژ لە خەستەخانە کەوتم، دوای ئەوە کتابی دەرچوون لە خەستەخانەیان بۆ کردم و منیان هێنایەوە عێراق، ئەوە کتابە بۆ ئەوەبوو کە بتوانن کڕین و فرۆشتنم پێوە بکەن."

هەر ژنێکی ئێزیدی، نووسراوێکی لەگەڵ بووە کە گرێبەست بووە، بە مەبەستی کڕین و فرۆشتن پێیانەوە. ئەو نووسراوە وەکوو تەڵاقنامە بووە.




دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە دەردەچێت، نووسراوی دادگای داعش دەدەنە کوردە، بۆ ئەوەی کەسێکی تر بیکڕێت و بیکاتە جاری، بزانن ئێستا خاوەنی نییە: "هەر کەسێک منی کڕیبوایە زۆر دڕندانەتر لەوەی پێشتر بینیبووم دەستدرێژیی دەکردە سەرم، ئەوان

زۆر حەزیان لە ئازاردانی خەڵکی بێ دەسەڵات بوو. دوای ئەوە منیان بردە مووسڵ، لە مووسڵ هەندێ ژن و کچی ئێزیدیم بینییەوە، داعش هەبوو سێ ژنی ئێزیدیی کڕیبوو، مافی ئەوەی هەبوو کە دەستدرێژی بکاتە سەریان و لێیان بدات و هەر ئیشێکیش بیەوێ پێیان بکات. دوو هەڤاڵی کچم لە سووریا خۆیان کوشت، چونکە ئەوەندە کڕین و فرۆشتنیان پێوە کردن، بە جارێک و هاوکات پێنج داعش دەستدرێژیی سێکسیان دەکردە سەریان و لێیان دەدان، بۆیە تەحەمولیان نەکرد. چوونە ناو سەیارە و هەردووکیان خۆیان کوشت. هەر سەعاتێک بۆ ئێمە مردنێک بوو. جۆرەها دەستدرێژیی جەستەیی و دەروونی دەکرایە سەرمان. سووکایەتیمان پێ دەکرا، جنێو بە ئایین و رەگەزمان دەدرا. هەر کچێکی ئێزدی ئەوکات حەزی لە مردن بوو. کاتێک یەکێک دەمرد ئەوانی تر خۆزگەمان پێی دەخواست."



دوای ئەوە داعشێکی خەڵکی سەڵاحەدین، کوردە دەکرێت: "داعشێکی خەڵکی سەڵاحەدین منی کڕی، ناوی موعتەس بوو. بردمی بۆ بە عاج، لە بەعاج هەر ماڵێک چووبوای زیاتر لە کچێکی ئێزیدیی کڕیبوو، لەوێ مامەڵە یەکجار زۆر بە کچانی ئێزیدییەوە

دەکرا. بۆ سبەی، موعتەس گوتی من دەچمە شەدادییە نایەی لەگەڵم، گوتم نا چونکە ناتوانم، گوتی دوو سێ رۆژی تر دێمەوە لای تۆ، من لە دڵی خۆمدا گوتم تا ئەو دێتەوە رادەکەم، ئەو کاتە ساڵێک بوو لەبەر دەستی داعشدا بووم.، کە بەیانی ئەو رۆیشت منیش رامکرد و چوومە گوندی ریسالە، نزیک سەعات نۆی بەیانی تا هەشتی شەو بە پێ رۆیشتم. باران و زستان بوو، سەرما و برسی بووم، ناخۆشییەکانی باس ناکرێن و ناتوانم بە زمان بیگێڕمەوە، من دەگریام دەمگوت خوایە دەبێ کەی رزگار بم، من هەموو گیانم تەڕ و قوڕ بوو، بۆ سبەی چوومە ماڵێک ئەوان نەوێران رامگرن. گوتیان بڕۆ ئەو ماڵە شێخە با ئەوان راتگرن، منیش چوومە ماڵە شێخەکە ناوی شێخ شام بوو. ١٥ رۆژ لەوێ مامەوە.



دواتر شێخەکە منی دایە داعشێکی تر، ناوی قادی بەعاج بوو. ژنەکەی خەڵکی شنگال بوو، شیعە بوو، بە منی گوت، وەرە ناو خێزانی مە ئێمە هیچ لە تۆ ناکەین. ئەو ماڵە پێیان گوتم موعتەس چووەتە زیرام، ئەوان منیان دەناسی و زانییان ئەو منی کڕیوە. پێم

گوتن ئەگەر لەوە زیاتر من ئەزیەت بدەن خۆم دەکوژم، چونکە چێتر تەحەمول ناکەم. ئەوان سوێندیان خوارد کە هیچ لە من ناکەن و گوتیان: تەنیا وەرە تا گرێبەست لەگەڵ تۆ هەڵوەشینێتەوە. منیش بە شێخم گوت: باوە ئەو کلیلە بدە من دەڕۆمە سەرەوە سەیری چیا دەکەم، دەرگام لەسەر خۆم داخست بۆ ئەوەی خۆم بکوژم . پێم گوتن: ئێوە دەڵێن دینی ئیسلام دینی حەقە و چاکەیە. ئەی چۆن ئێوە ئاوا بەسەر ژن و کچی ئێزیدی دێنن؟ ئایا ئێمە مافمان نییە؟ ئێوە قبوڵ دەکەن کەس وا لە کچ و ژنی ئێوە بکات. زۆر گریام و بەزەییم بە کچانی ئێزیدیدا دەهاتەوە، بە گریانەوە خۆم لە سەربان فڕێ دایە خوارەوە، ماوەی سێ رۆژ بێ هۆش بووم و نەمتوانی قسە بکەم، دواتر منیان بردە سووریا و مووسڵ، بۆ لای دکتۆر، کە خۆم فڕێ دا هەموو گیانم بوو بە خوێن و قاچم شکا، بەو حاڵە کەس منی نەکڕی، بۆیە ناچار بوون بەخێوم بکەن، کە چاک بوومەوە فرۆشتیانمە داعشێکی ئەڵمانی، لای ئەو لەوێ خوشکە بچووکە هەشت ساڵییەکەم بینییەوە بە داعشێک فرۆشرابوو تەمەنی ٢٢ ساڵ بوو. دوو مانگ لای ئەو داعشە ئەڵمانییە بووم. تەلەفۆن و سیمکارتێکم لێ دزی، من و هەڤاڵێکم بەو تەلەفۆنە خۆمان رزگار کرد، من تەلەفۆنم بۆ خوشکەکەم کرد، ئەویش بە پیاوێکی گوت کە کاری رزگارکردنی کچانی ئێزدی بوو."





کوردە دەیەوێ زیاتر باسی ئازارەکان بکات، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتە ناخۆشەکان زۆر رژد بوو. پێی وابوو دەبێ کچانی ئێزیدی بەهێز بن و ئەو تاوانانە ئاشکرا بکەن کە بەرامبەریان کراوە:"ماوەی ئەو یەک ساڵەی داعش بەدیل گرتبوویانم، هیچیان بۆ ئێمە نەکرِی، بە درێژایی ئەو ساڵە ئێمە لێدانمان لەسەر بوو، زۆرجار لەتاو ئازاری گیانمان نانمان بۆ نەدەخورا. جگە لە داعشە پیاوەکان، ژنەکانیش زۆریان لێیان دەداین و دەیانگوت: ئێوە قەحپە و کافرن، کە مێردەکانیان دەهاتنە لامان لەڕقا لە ئێمەیان دەدا، ژنیش هەبوو دەیگوت: ئێوە جاریەن بۆیە پێم ناخۆش نییە مێردەکەم سێکستان لەگەڵدا بکات. زۆرجار منداڵەکانیشیان جنێویان پێ دەداین و لێیان دەداین، دەیانگوت ئێوە قەحپە و کافرن."

کوردە ئاماژە بە هەبوونی خەستەخانە و قوتابخانە دەکات، کە داعشەکان هەیانبووە: "مەکتەب و خەستەخانەیان هەبوو، دائیرە و مەحکەمەیان هەبوو. جلوبەرگی ژنان عەبا و خیمارە بوو، جلی داعش جلی رەسمیی دەوام بوو. لای هیچ لە داعشەکان من خیمارەم

لەبەر نەکرد بەڵام داعشە ئەڵمانییەکە دەیگوت، دەبێ تۆ خیمارە بکەی، چونکە جوانی، ئەمیرەکان بزانن تۆم لێ دەستێنن. ئەو قسەیەی راست بوو، ژنە جوانەکان زیاتر ئەمیرەکان دەیانبردن، مەگەر یەکێک نەیانبینیبوایە. ئەوەی جوان بوایە زیاتر تووشی کڕین و فرۆشتن و دەستدرێژی دەبووەوە."



کوردە ناخۆشترین شت باس دەکات کە بە زۆر دەستدرێژییان کردووەتە سەر: "هەموو کاتەکان زۆر دژوار بوون، بەڵام ناخۆشترین کات ئەوەبوو کە زۆرترین کڕین و فرۆشتنم پێوە دەکرا. هەر رۆژەی لای دڕندەیەک بووم. بێزار بووم. داعش هەبوو چل ساڵ و پەنجا ساڵ تەمەنی بوو، خۆی دەیگوت کە کچی هاوتەمەنی تۆم هەیە، بەڵام دەستدرێژیی دەکردە سەرم و ئازاری دەدام."

سەبارەت بە ژیان و توانای دارایی داعشەکان کوردە دەیگێڕایەوە: "ژیانی داعشەکان باش بوو. شتی باشیان هەبوو، چونکە ماڵە ئێزیدییەکانیان تاڵان کردبوو."

سەبارەت بە ژیانیان لە ناوچە جیاوازەکان ئەو رای وایە کە: "مووسڵ زۆرترین داعشی لێ بوو. مەدەنیی کەم بوو. کەس

یارمەتیی نەدەداین، کە دەچووینە ماڵیان رامان دەکرد سەیرمان دەکرد داعش بوون، بەڵام سووریا باشتر بوو."

لەبارەی ئەو کچە ئێزیدییانەی کە لە داعشەکان سکپڕ بوون، دەگێڕێتەوە کە هەندێ کچ لە داعشەکان سکپڕ بوون: "هەندێ کچمان هەبوو منداڵی داعش کەوتە سکیان، هاوڕێیەکم منداڵەکەی پێنج مانگ بوو جێی هێشت و رایکرد، بابی کوڕەکەی لە شەڕ کوژرا، گوتی ئەو منداڵە داعشە من نامەوێت، ئەوەندە ئازار درابوو کە حەزی لە منداڵەکەی خۆشی نەبوو. کچی یازدە ساڵان هەبوو منداڵی بوو، پازدە ساڵی هەبوو دوو جار سکپڕ کرابوو، هەندێ لە داعشەکان کە دەیانزانی سکیان پڕ کردوون بە لێدان لەباریان دەبردن. کاتێک نەخۆش دەکەوتین نەیان دەبردین بۆ لای دکتۆر، دەیانگوت درۆ دەکەن، تەنیا بۆ مامەڵە پێوەکردن ئێمەیان نەدەکوشت. ئەگەر کچێک بە قسەی نەکردبان ئەشکەنجەی زۆر دەدرا. ئاگام لێ بوو کچ هەبوو، کە بە قسەی نەدەکردن ئەوەندە ئەشکەنجە دەدرا لەژێر ئەشکەنجەدا دەمرد."



ساتی تری زۆر دژواری کوردە دوای راکردنی ئەوە بووەک کە تا هاتووەتەوە باوکی بە حەسرەتی ئەوانەوە مردووە: "شەش مانگ دوای دەستگیرکردنی ئێمە، باوکم تەحەمولی نەکردووە و مردووە. کە هاتمەوە زانیم یەکجار سەخت بوو، چونکە من بە هیوای بینینەوەی ئەو بووم. تا ئێستاش سێ خوشکم لەژێر دەستی داعش ماون. هەوڵ دەدەین بزانین لە کوێن تا رزگاریان بکەین."





## (١٥)
## چل و چوار كەس لە خێزانەكەم بێسەرو شوێنن



“ن م ب” تەمەن ١٩٩٤ كچێكی خەڵكی كۆچۆیەو لە ژێردەستی داعش و جەلادەكانی گەڕاوەتەوە، چیرۆكی ئێش و ئازارەكانی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لە قوتابخانەی كۆچۆ كۆیان كردینەوە، جانتایان لە پێش دەرگای قوتابخانەكە داناو داوایان لێمان كرد، هەرچی مۆبایل و پارەو زێرمان هەیە بیخەینە ئەوێ و هەمویان برد. پیاوەكانیشیان بە ئۆتۆمبێل بردو نەماندەزانی بۆ كوێیان دەبەن. بەڵام یەكێك لە كەسە نزیكەكانی خۆمان هەر ئەوكاتە وتی: گوێی لەدەنگی دەسترێژی گولە بوەو لە پەنجەرەی نهۆمی دووەمی قوتابخانەكەوە چاوی لێبوە پیاوەكانیان كوشتوە.
دوای بردمانیان و تا ئەوكاتەی گەیشتینە چوار ڕییانی تەل قەسەب، ئێمە واماندەزانی بەرەو چیای شەنگالمان دەبەن و باوەڕیشمان وابوو ئازادمان دەكەن، بەڵام بر[مانیان بۆ پەیمانگای تەكنیكی سۆلاغ و

لەگەڵ گەیشتنمان لەوێ، بەم شێوەیە جیایان کردینەوە " ئافرەتە بەتەمەنەکان لەناو باخچەی پەیمانگا، ئەو ئافرەتانەی شوویان کردبوو لە نهۆمی دووەم، کچەکان لە باخچەی پشتەوە".



"ن" وردتر چیرۆکە ژاناوییەکەیان دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لەکاتژمێری ١١ی شەو، کاتێك کارەبا بڕاو لەناو تاریکیدا "١٥٠" ئافرەتیان جیاکردەوە بە ڕێگای لایتی دەستی، لە سۆلاغەوە بۆ شەنگال و لەوێشەوە بۆ موسڵ بەچوار پاسی گەورە. لە ڕێگا داعشێك هەبوو بەناوی "ئەبو بەتات"، بەناو پاسەکەدا دەگەڕاو دەستی بۆ کچەکان درێژدەکرد. منیش پیای هەڵشاخام و لێی توورە بووم. ئەویش بێ ئەملاو ئەولا، دەمانچەکەی لێ راکێشام.
لەگەڵ گەیشتنمان بە موسڵ، لە ماڵێکی گەورە دایان بەزاندین، کە ئافرەتێکی زۆری ئێزیدی شەنگالی لێبوو. بەرپرسەکەیان ناوی "نافع عەفەری" بوو، لێمی پرسی: بۆچی لەرێگا هاوار هاوارتان کردوە؟ سێ جار زلەی لێدام لەبەر ئەوەی من هاوارم کردوە. دوای ئەوەی

کردمانیانه زیندانەوە، کۆمەڵێك لە کچە ئێزیدییەکانی حەردان دەعوەتی چاخواردنەوەیان کردم، منیش نەچووم بەڵام پرسیاری زیندانەکەو داعشە پیسەکانم لێ کردن. لەوڵامدا وتیان مامەڵەیان زۆر خراپەو بەراستی پیسن و لەدەرەوەی خواو مرۆڤایەتین.
هەروەها سەبارەت بە خێزانەکەی دەڵێ: خوشکێکم و دایکم لە تەلعەفەر مانەوە، چوار لە خزمەکانم لەگەڵم بوون، ئێمەو کۆمەڵێکی تر کە ژمارەمان "٦٣" کچ بوو رەوانەی ماڵێکی تریان کردین و ئیتر بەتەواوی لە خانەوادەکانمان جیاکراینەوە.
سەرەتا هەموو ڕۆژێك داعش دەهاتن و کچە جوانەکانیان هەڵدەبژارد بەپێی حەزو ئارەزووی خۆیان و دەیانبردن بەبێ ئارەزووی کچەکان. رۆژێکیان یەکێك هات و داوای کرد من ببا، منیش بڕێك حەپم خواردو لەهۆش خۆم چوومەوە، ئەمەش وای کرد وازم لێبێنێ.



دوای چەند رۆژێك کەسێك بەناوی "حاجی شاکر" هات و من و چوار کچی تری هەڵبژاردو بە پاسەوانەکانی وت: دوای چەند رۆژێك دەگەڕێمەوە، ئەم پێنج کچە لەلایەن منەوە حجز کراون.



دوای سێ رۆژ بە کچەکانم وت: ئەمشەو چوارشەمەیە، سبەی بە ڕۆژوو دەبین بۆ "شێخ مند"، بەڵکو رزگارمان بکات لەم موسیبەتە. ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، بۆ بەیانیەکەی ئەمیرەکەیان "بەرپرسی زیندانەکە" هات، هەموومانیان کردە ناو هۆڵێك، ئەو داعشانەی دەیانویست بمانکڕن کردیاننە ناوەوەو دەستیان کرد بە هەڵبژاردن بە تایبەت لە کچە جوانەکان. داعشێك کە خەڵکی تەلعەفەر بوو "قەڵەو"، منی دەست نیشان کردو وتی: تۆ هەڵسە، منیش وڵامم نەدایەوە. قسەکەی دووبارە کردەوە، منیش بەڕوویدا هەڵشاخام و وتم: نا نا نا نا نا...
بانگی بەڕێوەبەری زیندانەکەی کرد "نافع عەفەری" و بە تورکمانی قسەی لەگەڵی کرد، پرچەکەمی گرت و بەرزی کردمەوە وتی:

ئەی سەبیە...!!! بۆچی دووژمنایەتی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەیت؟ دیسان و بۆ چەند جارێك قیژاندم و هاوارم کردەوە بە ڕوویاندا. هاوڕێکانم هەموویان بۆ من دەگریان. داعشە قەڵەوەکە جەختی دەکردەوە کە بمبا. بەڵام من لەجێگای خۆم نەجوڵام. ئەویش وتی: لێرە ناڕۆم تا ئەم کچە نەبەم و مکوڕی لەسەر هەڵوێستی خۆی دەکردەوەو داواکەی دووبارە کردەوە لێم، بۆ ئەوەی وڵامی بدەمەوە.
باسی ئەوەش دەکات، کە لە زیندانەکە دەست بەئاڵ و وێری کچەکان کرا، وەك چۆن ئاژەڵ لە بازاڕدا دەفرۆشرێ، دەکڕدراو دەفرۆشراین، ئەوانەی مناڵتربوون دەیانکڕی. نرخی هەر کچێك لە نێوان "٥٠٠ بۆ ١٠٠٠" دۆلار بوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەیانوت ئەمەیان جوانە بەڵام ئەوەیان جوانتر، یان ئەمەیان بچوکە بەس ئەوەیان باشترەو چەندین شێوازی تری نامرۆڤانە.



باسی ئەوەش دەکات و دەڵێ: بەڕای من ئەم دیمەنە، و تەسەڕووفاتەکانیان و دەم و چاوی ناشرینیان و ریشە پیسەکانیان و پرچە درێژەکانیان، وا دەهاتنە پێش چاو کە لە چەرخی بەردین و مرۆڤە سەرەتاییەکاندا دەژین. هەرلەم کاتەدا یەکێك لە داعشەکان

یەکێك لە هاوڕێکانمی دەست نیشان کرد، ویستمان بەرگری بکەین بەڵام بەبێ ویستی خۆی بردی و ئێمەش لەلایەن پاسەوانەکانەوە روو بەڕووی لێدان بووینەوە. من پێیانم وت: دەست بەرداری نابین و لەگەڵی دێین. وڵامیان دامەوەو وتیان: مانیعمان نیە.



پێش ئەوەی سەربکەوینە سەر ئۆتۆمبێل، داعشە قەڵەوەکە هات "عەفەری"، پێیانی وت: ئەم ئافرەتە مەحجوزە بۆمن. کەسێك کە لە پێشی ئۆتۆمبێلەکە راوەستابوو، پێم وت: لەدەست ئەم قەڵەوە رزگارم بکە. بەڵام داعشە قەڵەوەکە وتی: لە دوێنەوە من ئەم کچەم حجز کردوە، تۆ مافی ئەوەت نیە بیبەی. هەر لەم رۆژەدا لە کۆی "٦٣"شەست و سێ ئافرەت نزیکەی ٨٠% یان برد.
بەوردی باسی دوای ئەم رۆژە دەکات و دەڵێ: من و ئەو کەسەی نزیکم بوو، چوینە ئەوماڵەی لەگەڵ پیاوەکە رۆشتین. بینیمان "٢٠٠" داعش نوێژدەکەن، ترسێکی زۆر دایگرتین لە زۆریان و شێوەیان. خواردنیان بۆهێنایین، ئێمە نەمانتوانی نان بخۆین، هاورێ

نزیکەکەمیان برد بۆ شوێنێکی نادیارو بۆ رۆژی دووەم بەتەنیا مامەوە. داعشێك بەناوی "سەلمان" بردمی بۆ ماڵێکی تر تەنها چەند پاسەوانێکی لێبوو.
باسی هەوڵی راکردن دەکات و دەڵێ: دوای چەند رۆژێك لە ماڵ چوومە دەرو ویستم رابکەم، بەڵام دەستگیریان کردمەوەو لەبەرامبەردا لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆریان کردم و زیندانییان کردم. لە زیندانەکە کۆمەڵێك ئافرەتم بینی، بەڵام کەس لە ناسیاوەکانی خۆمم تیای نەبینی.



سەلمانی داعش هات بۆ لام و لەگەڵ خۆی بردمی، سەلمان شەش پاسەوانی هەبوو لەگەڵ شۆفێرێك. دایکی داعشەکە پێی وتم: ئێوە ئێزیدین و کافرن، مافی موجاهیدەکانە لە نموونەی کوڕەکەم ئەوەی ئارەزوویانە پێتان بکەن "ئێوە سەبایا"ن و کەوتە تف تێکردنم و بە پێڵاوەکەی کەوتە لێدانم. بۆ رۆژی دووەم بردمی بۆ ماڵێکی ترو ویستی دەست درێژی بکاتە سەرم، بەڵام رەدم کردەوە.

دوای نۆ رۆژ تەماشام کرد پاسەوانەکان هەر شەشیان زۆر مەزبووت نین لە واجبات گرتن، بەتایبەت دوای نیوەی شەو بەدواوەو دەنوستن. منیش کاتژمێری ١٢ی شەو هەڵهاتم، دوای راکردن و گەڕانێکی زۆر بەناو گەڕەکەکاندا، دوای دوور کەوتنەوەم لە ماڵی داعشەکە رۆشتمە ماڵێکەوە لە گەڕەکی "زنجیلی"، هاوکارییان پێشکەش کردم و پەیوەندیمان بە قایمقامی شەنگالەوە کرد کە هاوڕێی خاوەن ماڵەکە بوە لە سەربازی. ئیتر ناسنامەیەکی تەزویریان بۆ کردم کە من خەڵکی موسڵم و گەیانمیانە ناوچەیەکی ئارام.



لە رێگا کەس و کاری شۆفێرەکە پەیوەندییان پێوە کردو داوایان لێکرد بگەڕێتەوە، دیاربوو داعش هەواڵیان زانیبوو کە کچێکی ئێزیدی دەرباز دەکرێ. شۆفێرەکە تیلەفۆنەکەی قفڵ کردو دیارە داعشەکان باوکیان دەستگیر کردبوو، دوای گەیاندنی من گەڕایەوە بۆ موسڵ.
دەشڵێ: دواتر باوکیان ئازاد کردبوو، بەڵام دەستیان بەسەر ئۆتۆمبێلەکەیدا گرتبوو. دواتر لە گەڵ خێزانەکەی هەڵهاتن لە موسڵ

لە ترسی لێپرسینەوەو سزادان. پێش ماوەیەك پەیوەندییان پێوەکردین کە لەڕێگان بەرەو ئەڵمانیا.
تا ئێستاش چارەنووسی دایکم و براکانم و ژنەکانیان و منالّەکانیان نادیارە، کە ژمارەیان "٤٤" کەسە.



## (١٦)
## چیرۆکێکی نەبیستراوی رزگاربوویەك
## کچەکەم نرکەیەکی لێوە هات و لە جووڵە کەوت و وردە وردە زەرد بوو


ئەو منداڵەی داعشی ئامێزی دایکیان پێ رەوا نەبینی


رزگاربوو (س)

خاتوو (س) تا ڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ دانیشتووی کۆمەڵگەی (ت) بوو کە دەکەوێتە (١٠) کیلۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی شنگالەوە. تەواوی دانیشتووانەکەی لە کوردانی ئێزیدی بوون. خاتوو(س) بەم شێوەیە سەرهاتی ئەو ساڵەی بن دەستی داعش دەگێڕێتەوە:
سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٣-٨ کە بیستمان داعش لە هەرچوار لاوە هێرش دەکاتە سەر شنگال، ئێزیدی شنگالیش بە سەدان هەزار هەموویان بەرەو چیا هەڵاتوون، ئێمەش دواکەوتووین و تازە فریای هەڵاتن ناکەوین، چونکە داعش کەوتە نێو کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری چیا و ڕێگەکانی دەرچوونی گرتووە یان تەقەیان لەسەرە، ئێمە نێزیکەی دووسەد کەسێك، پیاو، ژن، منداڵ، پیرو گەنجی دانیشتووی کۆمەڵگەی (ت) دەبووین، گردبووینەوە، بۆ

خۆشاردنەوە و خۆپاراستن، چووینە گوندە ئەسڵییەکەی خۆمان گوندی (ق) لە نزیك کۆمەڵگەکەمان.



دیار بوو داعشەکان هەستیان کردبوو ئێمە، ئەم کۆمەڵە خێزانە، لەو گوندە خۆمان حەشارداوە، پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ جەماعەتێك داعش بە ئۆتۆمبێلێکەوە هاتن و بانگەوازیان کرد ئەگەر لە کەلاوە و حەشارگەکان نەهێنە دەرێ دەمانکوژن، ناچار هاتینە دەرەوە، یەکێك لە داعشەکان کە بە شێوەزاریدا دیار بوو شنگالییە، گوتی مەترسن هیچتان لێ ناکەین، لە شوێنی خۆتان بێخەم دانیشن بەنیگەرانی و ترسولەرزەوە دانیشتین، بەڵام لە دڵی خۆشماندا بڕیارمان دابوو هەر تاریك دابێت و خوا بکات داعشەکان نەگەڕێنەوە، مشوورێکی خۆمان بخۆین و ڕووە و چیا بڕۆین.
لێرەدا خاتوو (س) بە حەسرەتێکەوە، باسی مێردەکەی کرد: مێردەکەم سەرەڕای ئەوەی پێشمەرگە بوو، پیاوێکی کاسبیش بوو، دوکانی سەرتاشیی هەبوو، سووکە بازرگانی و کڕین و فرۆشتنیشی دەکرد، بۆیە وەزعمان خراپ نەبوو و پارەیەکی لەچاو شنگالییاندا، زۆر باشمان کۆکردبووەوە و ئۆتۆمبێلێکی پیکابیشمان هەبوو پێش ئەوەی داعشەکان بگەڕێنەوە گوند، مێردەکەم، چوار دەفتەر دۆلار و

برێك پارەی عێراقی و سویچی سەیارەکەی فڕێ دایە درزی دیوارێکی کۆنە کەلاوەیەکەوە.
سەعات چواری ئێوارە، ڕەتڵێك ئۆتۆمبێلی داعش هاتن، دیار بوو زۆربەیان عەرەبی عێراقی، بگرە ئی موسڵ و تەلەعفەر و دەوروبەری شنگال بوون.



هەمووانیان کۆکردینەوە و یەك یەك داوای هەویەیان لێکردین دیار بوو مێردەکەمیان دەناسی، بۆیە هەر دەیانگوت پارە و ئاڵتوون چت هەیە بییهێنە.
ئەویش دەیگوت پارەم نییە، ئەوەم هەیە کە لە گیرفاندایە. دواجار پاش وەرگرتنی هەموو پارەی گیرفانی پیاو و گەنجەکان و وەرگرتنی هەویە و سەعات و مۆبایلەکانیان، پیاوە پیر و گەنجەکانیان جیاکردەوە و بردیان(بە قوڵپی گریانەوە) تا ئەمڕۆ نەمانبیننەوە.

مێردەکەم، لە دوای دواوە بوو، بەرلەوەی لە سووچی ماڵەکان لە چاو ون بێت، ئاوڕێکی لە من و منداڵەکان دایەوە، ئیتر ئەوە ئاخر جار بوو ئێمە ببینێتەوە و ببینینەوە. ئێمەش (ئافرەت و منداڵەکان، بە پیر و گەنج و ژن و کچەکانەوە) کۆیانکردینەوە و ڕیزیانکردین. هێشتا سواری سەیارە دەبڵەکانیان نەکردبووین، گوێمان لە ڕێژنە و دەستڕێژی زۆری گوڵلەبوو. هاوارمان کرد بۆچی پیاوەکانتان کوشتین... داعشە کوردە شنگالییەکە سوێندی خوارد، وەڵڵا نەمانکوشتوون هەموویانمان برد بۆ سنونێ بەڵام کەسمان بڕوامان نەکرد، چونکە کاتێك ئەو داعشانەی پیاوەکانیان برد، گەڕانەوە دشداشەکانیان هەمووی خوێنی تازەی پێوە بوو... هەموومان ئەژنۆمان شکا.




دوای ئەوە، ئێمەیان بارکرد و بردیانین. تا گەیشتینە گوندی سۆلاخ (سۆلاخ گوندێکی ئاوەدان و سەوزی نێزیکی باشوری شاری شنگالە). لەوێ بردیانینە خانووی ماڵێکی ئێزیدی کە دیار بوو هەڵاتبوون ئێوارەیەکی گەرم، تینوو برسی لە ترس و خورپەی پیاو

و کوڕەکانماندا، ڕەنگمان بەڕووەوە نەمابوو. هەمووانیان هێشتینەوە تا سەعات ٨ی شەو، بەو برسێتی و تینوێتییەوە، دیسان سواری پشتی لۆرییان کردین، سەعاتونیوێك بەڕێوە بووین تا گەیشتینە ناو تەلەعفەر. لەوێ هەموومانیان کردە بینای قوتابخانەیەکی تاریکونوتەکەوە.
ژیانی چی؛ کولەمەرگی لە چلەی هاویندا ئاویی تانکیی سەربانمان دەخواردەوە خواردن، سێ ژەمە لە هێلکەی کوڵاو و شلە و نیسکێنە زیاتر نەبوو. وەلحاڵ ژی مەمرە و مەژی بوو، بەڵام دواتر هەزار خۆزگەمان بەو ژیانە دەخوارد.




ئەوەی لە تەلەعفەر زۆر خەممان پێ دەخوارد، داعشێکی کوردی لێ بوو، هەموو ڕۆژێك دەهاتە نێومان و بە قسە تەعەدای لێ دەکردین. ئێمەش ناوە ناوە جوابمان دەدایەوە و بەئاشکرا پێمان دەگوت: تۆ گوایە کوردیت، چۆن غیرەتت قەبووڵ دەکات ئەم عەرەبە پێپەتییانە ئەوها بەم خوشکانەت بکەن؟ لە وەڵامدا دەیگوت: ئێوە کافرن، شایستەی زۆر لەوە خراپترن.



پاش نێزیکەی چل ڕۆژ، شەوێك سواری پاسی کۆستەریان کردین و بڕۆ بۆ کوێ؟ نازانین وەلێ زانیمان ڕووە و موسڵ دەچین، کاتێکمان زانی پاش ئەوەندە سەعاتە، لە کۆمەڵێك بینایەی تەلبەندکراوی دەورەدراو بەپاسەوانییەکی قایمی داعشەکان، دایانبەزاندین و کردیانینە کۆمەڵێك هۆڵی گەورەی گەرمەوە.

بەیانی زانیمان ئەو شوێنە؛ سجنی بادووشە، دەوری بیست ڕۆژێك لەوێندەر هێشتیانینەوە، خواردنی زۆر خراپ، ئاوی پیس و گەرم، هەموو منداڵەکان تووشی سکچوون و ڕشانەوەبوون، ئەوانیش

بەوپەڕی بێبەزەییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئێمە و منداڵە ساوا نەخۆشەکانیشدا دەکرد.
بەیانییەك هاتن گوتیان لەبەر بۆردومانی فڕۆکە، دەتانگوازینەوە کۆمەڵێك داعشی پیسی ناشیرینی بێ ئەدەب، هاتن و کچەکان، ئەوانەی کچ بوون و شوویان نەکردبوو، لە تەمەنی هەشت ساڵان بەرەوژوور، ئەو ژنانەش گەنج و جوان بوون و تەمەنیان لە خوار پەنجا ساڵییەوە بوو، جیایان کردنەوە و بردیانن، منیش هەرچەند گەنج بووم، بەڵام جلوبەرگی پیرەژنانم لەبەر کردبوو (لە نێو ئێزیدیاندا، جلوبەرگ و چۆنێتیی کچان و ژنان جیاوازە، هەر ئافرەتێکی ئێزیدی بە جلك و سەرەپێچیدا بەئاسانی دەزانرێت ژنە یان کچە)، پەچەیەکیشم بە دەمولووتمدا هەڵبەستبوو، بۆیە گەنج و جوانەکانیان برد و ئێمەش (بەتەمەنەکان) سواری سەیارەیان کردین بردیانینەوە بینای قوتابخانەیەکی تر لەنێو تەلەعفەردا.



بەیانییەك هاتن گوتیان: یەڵلا کێ دەبێتە موسڵمان، ئازادی دەکەین منیش لەتاو سێ منداڵەکەم (دوو کیژۆڵە و برا چوار ساڵانەکەیان)، بە خەسوو و دایکیشمم گوت با بڵێین دەبینە موسڵمان، بەڵکو ئەمە خوایە نەجاتمان بێت. گوتیان باشە.

بە داعشەکانم گوت ئێمە ڕازین ببینە موسڵمان، کۆمەڵێك ئافرەتی بەتەمەنی تریش گوتیان ئێمەش دەبین لە تەلەعفەرەوە سواری سەیارەیان کردین، کاتێکمان زانی گەیشتینە دوو گوندی عارەبان؛ کەسر ئەلمیحراب و قزلقیو.
لەوێ چی ببینین! نزیکەی ٣٠٠ گەنجی ئێزیدی کە گوایە کردوویاننەتە موسڵمان لەو گوندانەن (نێوان تەلەعفەر و شنگال).
ئیعلانیان کرد هەر ژن و مێردەی بچنەوە لای یەکتر و پێکەوە بژین.
(من ئەڵبەت دەمزانی مێردەکەم نەماوە، بەڵام کوڕێکی خزممان لەنێو پیاوەکاندا بوو، ئیتیفاقمان کرد و گوتمان ئێمە ژن و مێردین). لەگەڵ ئەو خزمەمدا، بە ناوی ژن ومێردایەتییەوە، بەڵام وەك خوشك و برا و بەمەردایەتیی ئێزیدییانە، ماوەیەك لە ماڵێکدا ژیاین تا شەوێك ئەو کوڕە و چەند گەنجێکی تری هاوڕێی، فورسەتیان هێنا و شەو بەرەو چیای شنگال، بەرەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە، هەڵاتن و قوتار بوون.



**بەرەو ڕەققە!**

بەیانییەك کە لەگەڵ منداڵەکانم و دایك و خەسوومدا لە ماڵێکدا دەژیاین، دیسان داعشگەلێك هاتن کۆیان کردینەوە. یەکێکیان پێی گوتم: ئەو پەچەیەی ڕووخسارت لابدە، تۆ دیارە گەنجی گوتم منداڵەکەم نەخۆشە و بە بیانووی منداڵەکەمەوە دوور کەوتمەوە. وەلێ ئەو بێناموسە، دوام کەوت و بەزۆر پەچەکەی لادام. یەکسەر

گوتی ئێستا ئەو جلوبەرگە پیرانەیەت لا دەبەیت و دێیتەوە دەنا کچەکەت دەکوژم ناچار خۆم گۆڕی، یەکسەر منیان لە ژنە بەتەمەنەکان جیاکردەوە و لەگەڵ نێزیکەی ١٠٠ کچ و ژنی گەنجی تردا، ڕیزیان کردین و سواری کۆستەریان کردین، گوتمان: بۆ کوێمان دەبەن؟ بە لاقرتێوە دەیانگوت بۆ لای مێردەکانتان! چەند سەعاتێك بەڕێوە بووین. گەیشتینە دەروازەی شارێك، لە کچە ژیکەڵەیەکی هەشت و نۆ ساڵانی تەنیشتم پرسی: تۆ خوێندەواریت، بزانە بە تابلۆکاندا ئێرە کوێیە؟ دەمودەست وەڵامی دامەوە: ئێرە شاری ڕەققەیە، لەوێ بردیانینە ماڵێکی گەورەوە ئەمیرێکی سەرسەری و کۆمەڵێك داعش هاتن گوتیان، یەڵلا بە قورعە (تیروپشك)هەر دە ئافرەتان بۆ ماڵێك دابەش دەکەین، دواجار من لەگەڵ نۆ کچی گەنجی دەستەدا، بەر ماڵێك کەوتین دوو سێ ڕۆژی یەکەم، دەستە دەستە داعش و پیاوانی عەرەب کە بە شێوەزاریاندا دیار بوو، لە مەغریب و جەزائیری و میسری و لیبی و خەلیجی و عێراقییان تێدا بوو.



پاش نێزیکەی سێ هەفتە، ڕۆژێك داعشێکی پیس هات و منی کڕی دواتر زانیم ئەمە یەکێکە لە بێناموسترین و دڵڕەقترین ئەمیرەکانی داعش و ناوی (ئەبو میسعەبی تونسی) بوو. ئەم ئەمیرە نامەردە، لەژێر هەڕەشەی کوشتنی منداڵەکانمدا، تەعەدای زۆری کرد تەعزیبی زۆری خۆم و منداڵەکانمیدا شەوێك هاتەوە گوتی: سبەی دەگەڕێمەوە بۆ شەڕ بۆ شنگال، ئێوە بە موەقەت دەفرۆشمە برادەرێکم. سواری سەیارەی کردین و بردینییە شوێنێکەوە وەك چایخانە وابوو پڕ بوو لە داعش هەموویان دانیشتبوون هاواری کرد، ئەمانە بە موەقەت دەفرۆشم دووان هاتن، هەردووکیان کورد بوون بە شێوەزاریاندا دیار بوو، یەکیان هی دەڤەری دهۆك بوو، ئەوی تریان سووری زۆریان لێ پاڕامەوە بمانکڕن. چونکە ئەو ئەمیرە تونسییە تا بڵێی نامەرد و پیس و دڵڕەق بوو. نەخێر ئەو دوو کوردە نامەردە، غیرەتیان نەجووڵا و بەدەم گاڵتە پێکردنمانەوە، گوتیان نامانەوێت، دواتر ئەبو میسعەبی تونسی بردینی بۆ ماڵێك لەوێ داعشێکی پیسی تری لێ بوو بەناوی (ئەبو نایفی لیبی).



سەیر دەکەم لە ماڵەکەیدا، کچێکی ئێزیدی کڕیوە و لەگەڵیدا دەژی کچەکە زۆر بەسەرمدا گریا: خوشکەکەم تۆ چی گەیاندوویتە ئێرە ئەی هاوار هەر ئەبو میسعەب ڕۆیشت، ئەبو نایفی لیبی هەڕەشەی کرد ئەگەر نەچمە لای، کوڕەکەم دەکوژێت تەسلیم نەبووم، ئاخری نەواری کوڕە چوارساڵانەکەمی بە پشتی سەیارەکەیەوە بەستەوە و بەدوای خۆیدا ڕایکێشا هاوارم کرد چیت دەوێت بەس ئەو منداڵە ڕامەکێشە.

لێرەدا خاتوو (س) دایە کوڵی گریان و گوتی: کە کوڕە چوارساڵەکەمی لە سەیارەکەی کردەوە، هەموو گیانی بریندار بووبوو تا دوو هەفتەش چاك نەبووەوە. هەفتە و دوا، بە داخەوە، ئەبو میسعەبی تونسی نەکوژرا و دیسان گەڕایەوە و بردینییەوە لای خۆی. هەفتەیەکی تر هاتەوە موسڵ و ئەو هەفتەیە فرۆشتینی بە داعشێکی سووریایی. هاتەوە و ماوەیەك مایەوە، دواتر شەوێك گوتی دەتانفرۆشمەوە بۆ سبەی شەو بردینی بۆ ماڵی داعشێکی ئیماراتی.



هێندەم زانی سێ ژن و کچی شنگالی هاتنە ژوورەوە(ع، و، ن)، دیارە ئەو ئیماراتییە هەرسێکیانی کڕیبوو. هەفتەیەك لەوێ مانەوە، کاتێکم زانی، ئەبومیسعەبی تونسی دیسان هاتەوە پێش ئەوەی

بمانباتەوە، کە زانی من لای ئەو داعشە ئیماراتییە سکاڵام کردووە لەوەی بەرانبەرمان خراپە، گوتی: سەرکەوە ناچار سەرکەوتم و منداڵەکانمان لای(ع، و، ن) بەجێ هێشت بە ئۆتۆمۆمبێل لە ناوەڕاستی شاری ڕەققەدا، لە فولکەیەکدا دیاربوو چاڵێکی گەورەی تێدابوو، بەو شەوە فڕێی دامە نێو چاڵەکەوە، چەندی هاوارم کرد بەو شەوە تاریکە و لەو چاڵەدا دەرم بێنێت سوودی نەبوو سەعات دوازدەی شەو ڕایکێشام و دەریهێنامەوە. لە ئۆتۆمبێلەکەدا بەدەم هاژووشتنەوە زۆری لێدام و تەنانەت قژی گرتم و سەری کێشام بە پێشی سەیارەکەدا و برینداری کردم.



بردمی بۆ نەخۆشخانە، پزیشکەکان کە ناسیانم و مەسەلەکەیان زانی بۆم گریان ڕۆیشتینەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە، ئەو داعشە تونسییە بێناموسە، پیستر بوو، خراپتری لێ بەسەرهات، دەستی کرد بە تەعزیبی ڕۆژانەی خۆم و ئەو مندالّە وردانە. گوتی ئەگەر بیست سورەت لەبەر نەکەی دەتکوژم بەناچاری لەبەرم کردن ڕۆژێك هاتەوە، گوتی خۆتان حازر کەن، ئەمجارە دەڕۆم بۆ شەڕ و زۆرم پێ دەچێت، بۆیە سبەی دەتانفرۆشمەوە. گوتم، بمانفرۆشە بەو کابرا ئیماراتییەی ڕەفیقەکانمی کڕیوەتەوە تووڕە بوو. بۆ سبەی سواری سەیارەی کردین و بە چەند سەعاتێك گەیشتینە تەلەعفەر لە مالّێکدا داینان و ڕۆیشت.



کاتێکم زانی، پیاوێکی ناشیرینی بێناموس هات نانێکی هاکەزایی هێنابوو بۆمان .دواتر زانیم ناوی (ئەبو جیهادی لیبییە). ئەبو جیهاد گوتی: من تۆم لە ئەبو میسعەبی تونسی کڕیوەتەوە و چووە دەرەوە بۆ سبەی هاتەوە و کیسێکی بەدەستەوە بوو مادەیەکی تێدا بوو وەك ئارد. گوتم ئەوە چییە؟ گوتی: موخەدیراتە حازری کرد و دەستی کرد بە کێشانی. لێم پرسی :ئەوە خراپ نییە؟ گوتی: با، بەڵام چی بکەم پێی مورتاح دەبم.



**ئەشکەنجەی بەردەوام**

ئەم داعشە لیبییە، دووسێ ڕۆژی یەکەم خۆی زۆر شەریف و نەرمونیان پێشان داین ڕۆژێك هاتەوە هار بووبوو گوتی: ئەگەر بیست سوورەت لەبەرنەکەی کچە چکۆلانەکەت (تەمەنی ٢ ساڵ بوو) سەردەبڕم. گوتم بەسەرچاو، بەڵام تولای و خوشکوبراکەی منداڵن و گوناحیان نییە، وەرە من سەربڕە گوتی: ئەوە منداڵە کافرە و دەیکوژم. بیست سوورەتەکەم لەبەرکرد هەرچۆنێك بوو، دە

سوورەتم لای کابرای تونسی لەبەر کردبوو، دەی تریش هەرچۆنێك بوو شتێکم لێ لەبەرکردن، بەڵام ئەو بە لەبەرکردنەکەم ڕازی نەبوو، دەمگوت، ئاخر منێکی نەخوێندەوار هەروا دەتوانم، یەکسەر دەستی دەبەستمەوە و تەعزیبی منداڵەکانی دەدا.



ڕۆژێك هاتەوە، گوتی دەبێ فێری تەقەکردن ببیت گوتم بۆچی؟ گوتی: دەتبەم بۆ شەڕی شنگال تا پێشمەرگە بکوژیت، ئیتر تا چەند ڕۆژێك بتلێك، قوتوویەکی لەسەر قەراغی دیوارەکە دادەنا و دەیگوت دەی وەك نیشانە تەقەی لێ بکە، دوای ئەوەی بەیانییەك سواری سەیارەی کردم و پاش کەمێك خۆشی لە ماڵەکە هاتە دەرەوە، گوتی دەڕۆین بۆ جەبهە لە شنگال دابەزیم گوتم: ئەدی منداڵەکانم؟ گوتی چارەسەرم کردوون، حەز دەکەیت وەرە ببینە چۆن کە چوومە ژوورەوە چی ببینم خودایە! دوو کچە بچکۆلەکەم لە ژوورێکی گەرمدا بێ نان و ئاو داناوە و دەرگای لەسەر داخستوون، ئەدی کوا کوڕە چوارساڵانەکەم؟ دەرگای خانەی هەرە سەرەوەی دۆڵابەکەی کردەوە و بینیم کوڕەکەمی لەو خانەیەدا داناوە و دەرگاکەی

داخستووه شێت بووم و هاوارم کرد. نەخێر بە شەقوزڵلە ڕایکێشام بۆ نێو سەیارەکە و دەرچوو بەرەو شنگال.
لە ڕێگا دەستی منیشی بەستەوە تا گەیشتینە نێو شنگال من هەر هاوارم دەکرد لەتاو منداڵەکانم هەفتەیەك بە دەستبەستراوی لە شنگال لەنێو سەیارەکەدا مامەوە خۆی دەچوو بۆ جەبهەی پێشەوە و جار جار دەهاتەوە نازانم چۆن لەتاو منداڵەکانم نەمردم.



هەفتەو دوا هات گوتی: ئەوە شەڕیشت نەکرد و پێشمەرگەشت نەکوشت، یەڵلا با بڕۆینەوە بۆ تەلەعفەر، لە ترس و خۆشیاندا خەریك بوو شێت بم، هەر بیرم لای منداڵەکانم بوو، ڕاستییەکەی دەستیشم لێ شووشتبوون، ئاخر هەفتەیەك لەناو دۆڵاب و ژووری گەرمدا، بێ نان و ئاو چۆن چۆنی ئومێدی ژیانیانم مابێت بەهەرحاڵ کاتێك گەیشتینەوە لای ماڵەکە، خێرا دابەزیم و ڕامکرد بۆ زانینی وەزعی منداڵەکان چی ببینم؟! دوو کچەکەم لە ژووره گەرمە کزۆڵە دانیشتوون و ماون، بەڵام ڕەنگی بەشەریان پێوە نەماوە دوایی لە خۆیانم زانی، دیارە لە دەرگایەکی تەختینەی پشتەوەی ژوورەکەوە

هەرچۆنێك بووە خۆیان گەیاندووەتە مەتبەخ و سەلاجەکە و چی تێدا بووە خواردوویانە، بۆیە بێ توانا و لاواز بوون، بەڵام نەمردبوون. ئەدی کوڕەکەم؟ پەلاماری خانەی دۆڵابەکەم دا و کردمەوە، هەرچەندە ئەبو جیهادی لیبی پێی ناخۆش بوو، گوتی بۆی مەگەڕێ مردووە پەلاماری کوڕەکەمم دا و ڕامکێشا، نام بە سنگی خۆمەوە، ڕەنگی مردوو و بێ هۆش، بەڵام هەناسەی دەدا ئەو دڕەندەیە ویستی لە دەستم بیڕفێنێت و فڕێی بدات، بەڵام نەمهێشت... وەلحاڵ، هەر چۆنێك بوو، قەترە قەترە ئاوم کرد بە دەمییەوە و دەیخواردەوە، تا سێ ڕۆژ و سێ شەو ئەوها شیر و ئاوم دەدایە تا هۆشی هاتەوە و چاوی کردەوە، لەگەڵ چاوکردنەوەدا، خۆی فڕێ دایە سەر باوەشم. ئەبو جیهادی لیبی زۆری پێ ناخۆش بوو کوڕەکەم نەمردبوو. هاواری بەسەردا دەکردم، بشمری ئەو منداڵە کافرانە هەر دەکوژم، بەڵام دەمەوێت بە تەعزیب بیانکوژم، چونکە ئەگەر بە تەعزیبەوە بیانکوژم، خێری زۆرترم دەگاتێ.



لەناکاو عەسرێك، ئەبو میسعەبی تونسی خۆی کرد بە ماڵدا، بە ئەبو جیهادی گوت من دوو شەو لە تەلەعفەر دەبم، لێرە دەمێنمەوە گوتی باشە ئەبو میسعەب، پێش ئەوەی دانیشێت بە ئەبو جیهادی گوت: بۆچی ئەو منداڵە کافرانە ناکوژیت؟ یەکسەر دەستی کوڕەکەمی گرت و بردی بۆ ئاودەستەکە.
لەوێ هەردوو دەستی بە بەلووعەی ئاودەستەکەوە بەستەوە و دەستی کرد بە میزکردن بەسەریدا ئەو دوو ڕۆژ و شەوە هەر وای کرد نازانم چۆن کوڕەکەم ڕۆحی دەرنەچوو دواتر کە ئەبو میسعەب گەڕایەوە، پاش دوو شەو و دوو ڕۆژ، ئەبو جیهاد دەستی کوڕەکەمی کردەوە و بێ هۆش و لاواز هەموو گیانی میز هێنایەوە لە هەیوانەکە فڕێی دا.




دوای ڕۆیشتنی ئەو دڕندە تونسییە، ئەم دڕەندەیەی تریان، ئەبو جیهاد، دەستی کرد بە تەعزیبدانی بەردەوامی خۆم و منداڵەکانم ڕۆژانە دەستی منی کەلەپچە دەکرد و لە منداڵەکانی دەدا، بەتایبەتی هەرە چکۆلانەکەیان، کچە دوو ساڵانەکەم، هاوارم دەکرد، دەگریام، سوودی نەبوو داعشێکی تورك هاوسێی ماڵەکە بوو، ڕۆژێك ئەو

هوڤییە دەرچووبوو، پێم گوت، ئەم دڕەندەیە تەعزیبمان دەدات، بۆچی تۆ نامانکڕیتەوە لێی تا نەجاتمان بێت؟ گوتی: ناوێرم
تا بەیانییەك ئەبو جیهاد بە هەموو هێزی بە شەق و مست کەوتە لێدان کچە دوو ساڵانەکەم و بەبەرچاوی من و منداڵەکانەوە، پشتی کچەکەمی شکاند و قرتەی هات و کەوتە ناڵەناڵ، ئێمەشی بەستووەتەوە ئەوجا لەنێو گریان و فیغانی من و کوڕەکەم و کچەکەی ترمدا، دەستی کچە دوو ساڵەکەمی گرت و بەتوندی بای دا تا شکاندی منداڵ لەتاو ئازار دەیناڵاند، هەر نەمرد.



چەند سەعاتێکە ئێمە بەستراوینەتەوە و کچەکەشم دەناڵێنێت، تا دواجار بێ دەنگ و هۆش بوو هاوارم کرد کچەکەم مرد... کچەکەم مرد... لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و گوتی ئەوە نییە هەناسە دەدا... هەر هەڵیگرت و بەرزی کردەوە و بە هەموو هێزی خۆی بەسەردا کێشای بە ئەرزدا و کچەکەم نرکەیەکی لێوە هات و لە جووڵە کەوت و وردە وردە زەرد بوو... دیار بوو بەبەرچاوی من و ئەو دوو منداڵەوە مرد! پاش کەمێك کە زانیم مرد و هیچ چاریشم نییە، چونکە بەستراومەتەوە هاوارم کرد و لێی پاڕامەوە هەڵیگرێت بیبات

بینێژێت بە شۆرت و فانیلەکەیەوە هاتە دەرەوە و قیڕاندی بەسەرمدا: ئەوە بۆچی وا دەکەیت؟ ناشتن ناشتنی چیتە، نابێت قاوەکەم بخۆمەوە!. خاتوو (س) چیتر نەیتوانی قسان بکات و پێی گوتین: توخوا لێم گەڕێن و دایە کوڵی گریان... هەرچۆنێك بوو کەمێك هێورمان کردەوە و گوتی: گرینگ ئەوەیە پاش ئەم دەرد و مەینەتییە بێ ئەندازە، کەسوکارم توانیان پارە قەرز بکەن و لە ڕێی خێرەومەندێکەوە من و دوو منداڵەکەی ترم بکڕنەوە ئێستاش وەك دەبینن، لەبن ئەم خێوەتە شڕۆڵە ساردوسڕەدا دەژین.
گوتم: دوا گوتەت؟ گوتی: ئەگەر دەڵێن ئێزیدی کوردن، ئەگەر دەڵێن کورد غیرەتی هەیە، نابێت ئەوە بەسەر ئەو داعشانەوە بچێت!.







## (١٧)
## منم کیژی کوردان، هێمای شەرەف و بەرخۆدان




ڕاگەیاندنی خەلافەتەکەی داعش کۆمەڵێك دروشمی چەواشەکارانەی هەڵگرتبوو، بەوەی کە ئەوان دەیانەوێ شەریعەتی ئیسلامی وەك خۆی جێبەجێ بکەن، بەڵام هەر زوو بە پەلاماردانی خاکی کوردانی زۆرینە موسڵمان و کۆمەڵکوژیی شنگالییەکان و ڕفاندنی پتر لە ٥٠٠٠ کچ و ژنی ئێزیدی و شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە سەریان، خۆیان ڕیسوا کرد. خەلافەتەکەی ئەبووبەکر بەغدادی بوو بە خەلافەتی کوشتنی ڕەمەکی و بێ پاساو و تیرۆر و ڕەشەکوژی و سێکسبازی لە ژێر ناوی جیهادی نیکاح و کڕین و فرۆشتنی کچان و ژنانی سەر بە ئایینەکانی دیکە. یەکێك لە پاکیزەکانی ئێزیدی کە لە دەستی دڕندە چەکدارەکانی داعش ڕزگاری بووە، بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە.

پاش داگیرکردنی شنگال لە سەرەتاکانی ئابی ساڵی رابردوو(٢٠١٤) چەکدارانی داعش پیاوانی ئێزیدییان لە ناوچەکەیان کۆمەڵکوژ کرد و ئافرەتانیان کردە سەبایە و بە ئەمیرەکانی داعشیان دەبەخشین و دواتر بە چەکداری دیکەیان دەفرۆشتن. سەدان کچ و ژنی ئێزیدی ئەو بەسەرهاتە هانی داون پەنا بۆ خۆکوشتن بەرن.



مەروە-ی تەمەن ١٧ ساڵ یەکێکە لەو کچانەی کە باسی کوشتنی پیاوەکان و دۆخی ئافرەتان لە گرتووخانەی بادوش لە مووسڵ دەکات و دەڵێت: من، باوکم و سێ برام و مامێکم لە بەر چاوی خۆم گوڵلەبارانکران، چارەنووسی دایکم و دوو خوشکیشم نازانم چی بەسەرهاتووە، داعشەکان دوای دەستبەسەرداگرتنی شنگال و گوندەکانی، هەموو ژن و منداڵەکانیان لە شنگال و دەوروبەری بۆ گرتووخانەی بادوش لە مووسڵ گواستەوە، لەوێ هەر کچێك کە ئامادە نەبوو سێکس لەگەڵ داعشەکان بکات، دەیانکوشتن. داعشەکان کچە تازەپێگەیشتووەکانیان جیا دەکردەوە و بە دیاری بۆ ئەمیرەکانی

خۆیانیان دەبرد. ژمارەیکی زۆری ئافرەتانیان بۆ سووریا برد، ئەوەندە بەس بوو ئێزیدییەك بڵێت نابم بە موسڵمان، داعشە سوورییەکان بە بەرچاوی هەموو دیلەکانەوە دەیانکوشتن، دەیان ئافرەتیان کوشت تەنیا لەبەر ئەوەی ملکەچ نەبوون و بە سێکسی داعشییەکان رازی نەبوون، ساڵی رابردوو لە مووسڵ منیان بە ئەمیرێکی داعش دا، ناوی ئەبوو ئەحمەد تکریتی بوو. ئەوکات من ١٦ ساڵم تەمەن بوو، تا سێ رۆژ دەست و پێمی بەستەوە و بە رۆژ و شەو لێی دەدام، زۆر جار لە ژێر دەستی ئەو دڕندەیە بوورامەوە. هەموو کچە گەنجەکانیان جیا کردەوە و داعشییەکان دەستیان بە کڕین و فرۆشتنی ئافرەتی ئێزیدی لە بازاڕی شارەکانی مووسڵ لە عێراق و رەقە لە سووریادا کرد.




من دوو مانگ لە لای ئەبوو ئەحمەد تکریتی بووم، دواتر منی بە ١٥٠٠ دۆلار بە دێوەزمەیەکی وەك خۆی فرۆشتەوە کە لە سووریا و لە مووسڵیش ژن و منداڵی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژانە دەیان ئافرەتی دەهێنا ماڵەوە و کە هەموویانی کڕیبوو، دواتر یەك بە

یەکیان و بە نرخی زیاتر دەیانفرۆشتەوە. داعش ئایین و سێکسی تێکەڵ کردووە. ڕەبولعالەمین لێیان خۆش نابێت، ئەوانە بازرگانی بە نامووسی خەڵك دەکەن، ئەوانە دڕندەن نەك مرۆڤ. من ئامۆزایەکی خۆم لە ماڵێکی ئەو داعشانەدا بینی و سەرەتا بیرمان لەوە کردەوە کە خۆمان بکوژین، بەڵام دواتر بڕیارمان دا هەڵبێین، شەوێك پێکەوە دەرفەتمان بۆ هەڵکەوت پێکەوە هەڵاتین، نزیکەی شەش سەعات بە بیاباندا ڕۆیشتین، هەر خوا نەیویست بمرین، هەمووی مین بوو.



نزیکەی بەرەبەیان پیکابێکمان بینی، سەرەتا وامان زانی داعشە، خۆمان شاردەوە، بەڵام دواتر چەند سەیارەی دیکەمان بینی، ئاڵای کوردستانیان لەسەر بوو، ئیتر خۆمان ئاشکرا کرد و ئەوان کە زانییان ئێمە هەڵاتووین زۆر ڕێزیان گرتین و بەپەلە ئێمەیان گواستەوە و ئێستا لەم ناوەندەدا زۆر بە ڕێزەوە چارەسەری دەروونی و پزیشکیمان بۆ دەکەن. ئێمە تەنیا بەوە دڵخۆشین کە سەرۆك بارزانی لە ناو شنگال ئێمەی لە یاد بوو، باسی ئێمەی کرد و وتی سەربەرز بکەنەوە. هیوادارم خوا ئەو سەرۆکەمان بپارێزێت تا هەموو دیلەکانی ئێزیدی رزگار بکات. من کیژی ئەو نەتەوەیەم کە سەرۆکی وڵاتەکەم پێی وتم: سەر بەرز بکەوە و بڵێ: «منم کیژی

کوردان، هێمای شەرەف و بەرخۆدان». زۆر سوپاسی سەرۆك بارزانی دەکەین و هەزار سڵاو دەنێرین بۆ سەرۆك و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان کە بە قوربانیدان شنگالیان رزگار کرد.»

داعش لە گۆڤارەکەی «دابق»دا زۆر بێ شەرمانە باسی لە هێرشەکانی بۆ سەر شنگال لە سێی ئابی ساڵی رابردوو(٢٠١٤) کردووە و بە فەرمی رێگەی بە کڕین و فرۆشتنی ئافرەتانی ئێزیدی وەکو «سەبایا» داوە.



داعش دەوڵەمەندترین گرووپی تیرۆریستی جیهانە کە جگە لەوەی دەستی بە سەر بەشێك لە بیرە نەوتییەکانی عێراق و سووریادا گرتووە، ملیۆنەها دۆلاریشی لە بانکەکانی مووسڵ سەلاحەدین و دیالە و ئەنبار دزیوە، لەگەڵ ئەوەشدا کڕین و فرۆشتنی ئافرەتانی دیل و رفێندراو بووەتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ چەکدارەکانی. جگە لەوەش لە ئاداری ٢٠١٣ فەتوای «جیهادی نیکاح»یان دەرکرد بۆ ئەوەی لە چەند کاتژمێرێکدا چاوبرسییەکانی شەهوەتپەرست سێکس بکەن، هەر لەو بوارەشدا داعش بە فەرمی و لە بڵاوکراوەکانیدا رێگەی بە چەکدارانی داوە تەنانەت ئەو کچانەی کە زۆر منداڵن و تەمەنیان بۆ سێکس گونجاو نییە، سێکسیان لەگەڵ بکەن.





# (١٨)
# جۆگەلەی خوێن لە سکمەوە رژایە سەر عەرز




“ع ش ا” لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٦، دانیشتووی کۆچۆو یەکێك لە دەربازبوەکان، بەم شێوەیە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: بە ئۆتۆمبێلێکی دێری سپی باوکمیان برد، دوای ئەوەش پیاوەکانی گوندیان بە ئۆتۆمبێلەکانی گووندەکە برد، کاتێك لە نهۆمی دووەمی قوتابخانەکە هاتینە دەرەوە، بینیم باپیرم بەتەنیا لەناو قوتابخانەکە ماوەتەوەو داعشەکانی بانگ کردو لەگەڵیان رۆشت.

ئەم ئافرەتە خوێندکاری شەشەمی زانستی بووەو دەڵێ: ئێمە ١٥ ئافرەت بووین، وایان هەڵبژارد ئێمە جوانترین کچی گوندی کۆچۆین و بردینیان بەرەو پەیمانگای گوندی سۆلاغ، لە ڕێگا پرسیاریان لە ئەمیرەکەیان ''ئەبوە حمزە حەمیدی'' کرد، ئافرەت و منداڵەکان بۆ چ لایەك دەبەین؟ بۆ پەیمانگای سۆلاغ.




دوای ئەوە ئەو خانەوادانەی مابوونەوە هەموویان کۆکردەوەو لە پەیمانگاکە پێمان وتن: چارەنووسی پیاوەکان چیە؟ ئێمە گوێمان لە دەنگی تەقە بوو؟ یەکێکیان کە سعودی بوو، وتی: وەڵاهی هەموویانمان کوشت. داعشێکی عێراقی وتی: باوەڕ بەقسەی ئەم سعودیە مەکەن، تەنها گولەمان بە هەوادا تەقاند بۆ خۆشی سەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی.
هەروەها دەڵێ: کاتژمێری ١١ی شەو، ئێمە ''١١٤'' ئافرەت لە گەڵ ''٧٠'' منداڵ لە تەمەنی ''٣ بۆ ١٠'' ساڵ، بەسێ ئۆتۆمبێلی گەورە پاسی ''٤٤'' چل و چوارنەفەری، ڕەوانەی تەلعەفەریان کردین، کاتێك گەیشتینە ئەوێ، منداڵەکانیان نار بۆ مەرکەزی گەرەکی کیفاح لەناو تەلعەفەر، بەڵام ئێمە بۆ موسڵ و لەوێش لەناو ماڵی قایمقامی موسڵ. لەم ماڵە دە ئافرەتی تری ئێزیدی لێ بوو، لێیان سك پڕبوون

و نەیانیان فرۆشتبوو، سێیان لە ئافرەتەکان هەوڵی خۆکوشتنیاندابوو، لە دۆخێکی خراپدا بوون.
دوای دوو رۆژ والی موسڵ "ئەبو لەیس" لە عەشەرەتی "تی" لەگەڵ قازی "حجی عەبدوڵا ئەل عەفەری" و وەکیلی خەلیفەی موسل "حجی مومتز ئەل عەفەری – ئەبو موسلم تورکمانی" و کۆمەڵێکی تر هاتن و داوایان لە ئافرەتەکان کرد سەرپۆش "رووپۆش"کانیان لەسەر دەم و چاو لابەن و دەستیان بەدابەشکردن کرد.





ئێمە "٣٧" ئافرەت بەسەر ئەو ماڵە مەسیحیانەی هەڵاتبوون دابەشمانیان کرد، منیان هەڵبژارد بۆ ماڵی والی موسل "ئەبو لەیس - رزوان تالیب حەمدوون"، دوو ژنی هەبوو، من خوشکەکەم لەگەڵم بوو، چوار رۆژ ماینەوەو داعشەکان بەمەبەستی کڕین دەهاتنە تەماشامان، ئەمیرێك هات ناوی "شاکر" بوو، داوای لە پاسەوانەکان کرد سەرم بخەنە سەر ئۆتۆمبێلەکەی. بەڵام پێیان وت: ئەمە گیراوە بۆ والی موسڵ. دواتر خوشکەکەمی هەڵبژارد، سلوکیان نائەخلاقی بوو، منیش رێگریم لێکردن لە بردنی خوشکەکەم، بە کێبڵ زۆر خراپی لێدام و خوێن لەناو سکمەوە کەوتەڕێ. والی هات و سکاڵام کرد، ئەویش من و خوشکەکەمی برد بۆ ماڵێکی تر، لەگەڕەکی ئەندازیاران کە کۆمەڵێك ئافرەتی تری ئێزیدی لێبوو لەوانە "ر، ن، ف، ە"، و هتد لە کۆی "٤٤" ئافرەت تەنها "١٠" ئافرەت ماینەوە. هەروەها دەڵێ: داوام لێیان کرد با هەموومان ئینتحار بکەین، بەڵام یەکێکمان داوای کرد کەمێك راوەستم لەم بڕیارە، چونکە ئێمە کەوتینەتە ژێر دەسەڵاتی تاوانکاری ئەوان، پێویستە سەبرمان هەبێ

و بەرگەی ئەمە بگرین تا کاتی دەرچونمان. والی موسڵ داوای لێم کرد: بچم بۆ ژووره تایبەتەکەی، من رەدم کردەوە، بۆیە بۆ ماوەی یەك مانگ بە شێوەیەکی بەلێدان و توندوتیژی مامەڵەی لەگەڵم دەکرد. زۆر جار پرسیارم لێکرد، بۆچی بەم شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن و دەتانەوێ دەست درێژیمان بکەنە سەر؟ وەڵامی دامەوەو وتی: خوای گەورە ئافرەتە ناموسڵمانەکانی بۆ ئێمە حەڵاڵ کردوە بە ئیغتساب و فرۆشتنیشەوە، دەبێت هەموو جیهان بزانێ دەبێت شەریعەتی ئیسلام تەتبیق بکرێت لەسەر گۆی زەوی و لەنزیکترین وەختاو بە پەلە دەگەینە رۆماو دەیکەینەوەو موسڵمانان سەیتەرە دەکەن بەسەر ئەورپاداو رۆژ دوای رۆژ ژمارەی موسڵمانان روو لە زیادبوون دەکەن تیایدا، لە دایکبوونی هەموو ئاینەکانی رادەگرین و شەریعەتی ئیسلامی بەسەر هەموو جیهاندا بەرجەستە دەکەین و هیچ مەجالێکی تیا نیەو تا دەگەینە سین و رۆما.



ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

دەشڵێ: بە زۆر وەسیلە هەوڵمدا ئیقناعی بکەم لە زانیاری پێدان دەربارەی چارەنووسی کەس و کارەکانمان لە کۆچۆ، بەڵام ئەو یاری دەکردو نەیدەویست نهێنی دەوڵەتی ئیسلامی بدرکێنێ. پاش یەك مانگ پێی وتم یان شووم پێبکە یان دەتنێرم بۆ زیندانی رەقە لە سوریا، بەناچاری و بەمەرجێ قبوڵم کرد کە خوشکەکەم لام بمێنێتەوەو نەیدەن بەکەس، ئیتر بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ ماینەوە، دەیەویست من لێی حەمل بم، وەکاتێکیش کە دەیبینی لەنوێژکردن دوا دەکەوم بە شێوەیەکی تووڕەو غەزەباوی تەماشای دەکردم. ئەبو لەیس دەیوت لەسەرەتای درووستبوونی قاعیدە لەعێراق من پەیوەندیم پێیانەوە کردوەو دواتر بووین بە دەوڵەتی ئیسلامی و بۆ زانیاری ئەبو لەیس هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی بوو.

ئێمە، من و "ن" لەگەڵ "ئەبو لەیس" و خوشکەکەم "ش" لەگەڵم بوو، "ر" لە گەڵ "سەدام" و لەم ماوەیە هەموو ئافرەتەکان هەموو ئافرەتەکان هەڵهاتین تەنها "٧" کەس مانەوە.



دەشڵێ: جارێك كە هەڵهاتین، زۆر شەقام گەڕاین، دواتر چوینە ماڵێك و ئەوانیش خەبەریان لێماندا‌و دەستگیرکراین و لەناو تەوالیتی پاسەوانەکان رایانگرتین. والیش ئەبو سەعدی ئاگادار کردبوەوە، کە دەستگیرمان بکەن، کاتێك هات لەگەڵ جێگرەکانی ئەبو بەکر ئەوانیش "حەجی معتز ئەل عەفەری و ئەبوحارس" بوون، گەڕاندمانیانەوە.



بە کێبڵ ئەشکەنجەیەکی زۆریاندا‌ین تا هۆشمان لەدەستدا‌و خوێن لە دەممانەوە تا پەنجەی پێمان رێی دەکرد، کاتێك حاجی معتز بینی

خوێنمان لێ دەچۆڕێ داوای کرد لێدان بەسە، ئێستاش ئاسەواری برینی لێدانەکە بە گیانمەوەیە. دەیانەویست پێیان بڵێین کێ خاوەنی بیرۆکەی هەڵهاتنەکە بوە؟ وە چۆن دەستمان گەشتوە بە مۆبایل و سیمکارت؟ بەڵام هەموومان رەدمان کردەوە بە پێدانی زانیاری لە بارەی پرۆسەی هەڵهاتنمان، پێمان وتن: مۆبایلمان لەماڵەکەدا دۆزیوەتەوەو کەس و کارمان لە دهۆك ئاگادار کردوەتەوە.




حاجی معتز پرسیاری لێکردم و وتی: بۆچی دەتانەوێ هەڵبێن، ئەوەتانێ ئێمە خواردنتان بۆ دابین دەکەین. پێم وت: ئێوە سوود مەندن و لێرەوە هیچ خواردنێکمان مەدەنێ، دوان کە لەگەڵی بوون هێرشیان بۆ هێنام و لێیاندام و هۆشم لە دەستدا. دوای ئەوە چوار رۆژ نانیان پێنەداین، والی پێی وتم: ئەگەر تۆ لە خێزانێکی ناسراو موحتەرەم نەبوایت کە ناسراون لای خەڵکی موسڵ و ئێمەش

پەیوەندیمان هەبوە لەگەڵیان، دەتم نارد بۆ سوریا. پێم وت: بەڵێ کاتی خۆی لەنێوان ئێمەو ئێوە خزمایەتی خوێن هەبوو، بەڵام ئێستا لەجیاتی ئەوەی داکۆکی لەو خزمایەتیە بکەن دێن و ئیغتسابی دەکەن؟ ئایا ئەمە قیمەتی ئێوەیە؟ ئەمەیە رەسەنایەتی و کەرامەت و غیرەتی ئێوە؟ ئایا سەیری خۆتان ناکەن تەنها بەدوای شەهوەتەکانتانەوەن وەك وەحش؟ بیر لەوە ناکەنەوە ئیغتسابکراو بەدوای هەموو ئامرازێکدا دەگەڕێ بۆ وڵام تەنانەت ئەگەر زەمەنیش درێژبێتەوە؟ ئایا لەناوتانا پیاوێك نیە بیر لە ئایندەی شەرەفتان بکاتەوە؟ باش دەزانم ئەوەی دەست درێژی بکاتە سەر شەرەفی خەڵك، دەست درێژی دەکرێتە سەر شەرەفی زوو یان درەنگ؟ مومکین نیە کەس و کارەکانمان بێدەنگ بن لە بەرامبەر لەدەستدانی شەرەفیان، بەڵام مرۆڤایەتی ئێوەی ناسی چۆن و بەچ شێوازێکی وەحشیگەرییانە مامەڵە دەکەن، کە نەپەیوەندی بە مرۆڤایەتی و نە بەخواوە هەیە.

دەشڵێ: دواتر بەزۆر ناردمیانە پەیمانگای قورعان و زۆر ئایەت و حەدیسیان پێ لەبەرکردم، کە بەدرێژایی کاتژمێرێك و زیاتر دەمانخوێند.



ئەو باسی ئەوەش دەکات و دەڵێ: ڕۆژی ١٩-١١-٢٠١٤ فڕۆکەکان بارەگای والی "ئەبو لەیس"یان بۆردومان کردو کوشتیان، کاتێك هەواڵەکەم بیست زۆر دڵخۆش بووم، بەڵام لەهەمانکاتا دڵتەنگیش بووم چونکە دەموت داعشەکان رادەستی یەکێکی ترم دەکەن لەو پیستر، خوشکەکەشم هەرلەگەڵمایەو تا ئێستا نەیانبردوەو ئەویش دەدەنە داعشێك و لەیەکتر جیامان دەکەنەوە. خوایە گیان ئەم موسیبەتە لە هەموو موسیبەتێك گەورەترە، لە گەورەوە بۆ یەکێکی تر! ئەبو لەیس لە گۆڕستانی گووندی ژنەکەی نێژرا.
دوای یەك هەفتە حاجی معتز هات و داوای لێمکرد: شووی پێبکەم. ئەوەم رەد کردەوە، بەڵام زۆری لێکردم و لەگەڵی مامەوەو خوشکەکەمی رادەستی داعشێك کرد.




باسی ئەوەش دەکات کە زۆر جار رایان کردوەو بەڵام دەستگیرکراونەتەوەو دەڵێ: لە کۆتایدا ڕۆژێك هەموو داعشەکان ڕۆشتن بۆ نوێژ، دەرگا سەرەکیەکانیان قفڵکرد. ڕۆشتمە سەربانی خانوەکە نهۆمی دووەم، چۆنێتی شوێنەکەو هەڵهاتنم تاقی کردەوە،

بۆیە بانگی هاوڕێکانم کرد کە سیان بوون، داوام لێکردن بە یەکەوە بچینە خوارەوە، یەکەمجار من رۆشتمە خوارەوە، ماوەی نێوان سەرەوەو خوارەوە نزیك بوو.
شتێکی کەم لەنێوان من و عەرزەکە مابوو، خۆم خستە خوارەوەو ئازارم پێنەگەیشت، یەکێکی تریان هاتە خوارەوەو پێش ئەوەی بکەوێت من گرتم و بەو شێوەیەو ئەو شەوە هەڵهاتین و پەیوەندیمان بە کەس و کارمانەوە کردو رزگارمان بوو.




---

تێبینی: "حاجی معتز- فازل ئەحمەد ئەل حیالی"، ئەو یەکێك بوو لە یاریدەرەکانی ئەبو بەکر بەغدادی و راسپێرابوو بە سەرپەرشتی کردنی کارو چالاکییەکانی داعش لە عێراق، لە قەزای تەلعەفەر لەدایك بوە، پێشووتریش لە سوپای عێراق پلەی عەقیدی هەبوە تا رووخانی بەعس لە ٢٠٠٣، لە ١٨-٨-٢٠١٥ لە ئاکامی بۆردومانەکانی هاوپەیمانان کوژراوە.



چەند پاکیزەیەکی رزگاربووی دۆزەخی داعش



## (١٩)
## کچێکی کوردی رزگاربوو
## منیان دایە ئەمیرێکی داعش کە باوك و براکانمی گوڵلەباران کردبوو



هدیە و ئەبوو زیاب

ئافرەتێکی ئێزیدی کە ماوەی ساڵێك و سێ مانگ لە ماڵی بەرپرسێکی داعشدا بووە لە بەعاجی نزیك ناحیەی گرعزێز، دەڵێت ئەو بەرپرسەی داعش بەپێکەنینەوە پێیگوتووە "ئەوە ئێمە بووین تەقینەوەکەی گرعزێر و سیبا شێخ خدرمان کرد".

ئەو دوو تەقینەوەیە هەرگیز لە بیری ئێزیدییەکان ناچنەوە. رۆژی ٢٠٠٧/٨/١٤ چوار ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو لە هەردوو ناحیەی گرعزێر و سیبا شێخ خدر تەقینەوە و بەو هۆیەوە نزیکەی ٣٠٠ کەس بوونە قوربانی.

هەدیە، کچێکی تەمەن ١٨ساڵی کوردی ئێزیدیە، دوای ئەوەی هێزەکانی داعش لە رۆژی ٢٠١٤/٨/٣ شنگال و چەند ناحیە و گوندێکی دەوروبەری شنگالیان داگیرکرد، هەدیە و سەدان کچی

دیکەی ئێزیدی کەوتنە دەستی چەکدارانی داعش و وەکو تاڵانی بران.
داعش، هەدیە دەداتە کەسێك بەناوی شەهاب ئەحمەد عەلی خاتوونی کە بەرپرسیارێتی لە نێو داعشدا هەبووە و بە (ئەبوو زیاب) بانگیان کردووە. هەدیە گوتی "ئەو بەرپرسەی داعش کەسێکی ناسراوە لە بەعاج، زۆربەی خەڵکی ناوچەکە دەیناسن". بە گوتەی هەدیە، ئەبوو زیاب لە نێو داعشدا بەرپرسی دابەشکردنی چەك و تەقەمەنی بووە.



**باوك و براکانی کوشتوون**
هەدیە دەڵێ لەلای ئەبوو زیاب رووداوی زۆر ناخۆشی بینیون، بەڵام یەکێکیانی قەت لەبیر ناچێتەوە و ئێستاش بیر و خەیاڵی هەر لەلای ئەوەیە چۆن تۆڵە لە ئەبوو زیاب بکاتەوە.
هەدیە گێڕایەوە "رۆژێکیان ئەبوو زیاب چووە دەرەوە، مۆبایلەکەی لەبیرچوو، بە دەرفەتم زانی سەیری مۆبایلەکەی بکەم، بەڵام خۆزگە سەیرم نەکردبا. سەیری وێنە و ڤیدیۆکانی نێو مۆبایلەکەم کرد، لە یەکێك لە ڤیدیۆکاندا کە بە بینینی خەریك بوو شێت ببم، بینیم ئەبوو

زیاب باوك و هەردوو برام و چەند کوردێکی دیکەی ئێزیدی گوڵلەباران دەکات".
ئەبوو زیاب خێزاندار بووە و چوار منداڵی هەبووە. هەدیە دەڵێت "زۆرجار ژنەکەی ئەبوو زیاب لێیدەدام و سووکایەتی پێدەکردم، منیش هەموو جارێك پێمدەگوت ئەگەر هێندە رقت لە منە، یارمەتیم بدە با لەم ماڵە بڕۆم، بەڵام ژنەکە دەیگوت، ئەگەر یارمەتی تۆش بدەم بڕۆیت، ئەبوو زیاب ژنێکی دیکە دێنێ".
نزیکەی حەوت ساڵ بەر لە پەیدابوونی داعش، دوو تەقینەوەی گەورە لە هەردوو ناحیەی گرعزێر و سیبا شێخ خدر روویاندا و بەو هۆیەشەوە ٣٠٠ کەس بوونە قوربانی.
هەدیە دەڵێت ئەو زۆرجار لەگەڵ ئەبوو زیاب و چەکدارانی دیکە کە زۆربەیان خەڵکی بەعاج بوون، دەبووە شەڕە قسەیان، هەموو جارێك گاڵتەیان بە هەدیە کردووە و ئەو دوو تەقینەوەیان بەبیر هێناوەتەوە.



هەدیە گوتی "کە دەبووە شەڕە قسەمان، ئەبوو زیاب و عەرەبی خاتوونی پێدەکەنین و پێیاندەگوتم لە گرعزێر و سیبا شێخ خدر خراپمان بەسەر ئێوەی کافر هێنا. ئەبوو زیاب خۆی دەیگوت من یەکێك بووم لەپلاندانەرانی ئەو تەقینەوانە".
بە گوتەی ئێزیدییان، ئەبوو زیاب پێش تەقینەوەکانی ئەو دوو ناحیەیە، لە ناوچەکە بینراوە، دوای ڕووداوەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا، بەڵام دواتر دادوەر ئازادی کرد.



**دەیبات بۆ ڕەققە**

بە گوتەی هەدیە، چەکدارانی داعش ترسێکی زۆریان لە بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان هەیە و بەشێکی زۆر لەوانەی دەکوژرێن یان بریندار دەبن، بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانە کە ئەبوو زیاب خۆیشی یەکێك بوو لەوان. هەدیە گوتی "ئەو چەند مانگێك لەمەوبەر بە بۆردومانی فڕۆکە بریندار بوو، بەناچاری لەگەڵی چووم بۆ ڕەققە و ١٢ ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە، هەموو ڕۆژێك دووعام دەکرد بمرێ و لە کۆڵم ببێتەوە".



**لەسەر (ڕووداو) لێیداوە**

هەدیە بەر لەوەی بکەوێتە دەستی داعش، دەڵێت بەردەوام سەیری تەلەڤزیۆنی (ڕووداو)ی کردووە. کە لە ماڵی ئەبوو زیابیش بووە، (ڕووداو) تاکە سەرچاوەی ئەو بووە بۆ ئەوەی هەواڵێك لەبارەی شنگالەوە بزانێ، بەڵام تەماشاکردنی ڕووداو بێ باج نەبووە.

هەدیە دەڵێت "فریکوێنسی ڕووداوم دەزانی، لە تەلەفزیۆنەکەی ماڵی ئەبوو زیاب خەزنم کرد، تەماشای هەواڵەکانم دەکرد، کە ئەبوو زیاب دەهاتەوە کەناڵەکەم دەگۆڕی، بەڵام هەندێکجار بیرم دەچوو، کە ئەبوو زیاب دەهاتەوە دەیبینی لەسەر ڕووداوە لێی دەدام و ڕووداوی دەسڕییەوە، بەڵام من دووبارە خەزنم دەکردەوە".

دوو هەفتە لەمەوبەر- مانگی ١٢ / ٢٠١٥، هەدیە لە ڕێگەی سووریاوە هاتە نزیك ڕەبیعە و بە کەسوکاری شادبووەوە، بەڵام ئامادە نییە ڕێگەی ڕزگاربوونی خۆی بگێڕێتەوە، چونکە هێشتا ئافرەتی دیکەی ئێزیدی ماون کە بە هەمان ڕێگەی ئەودا ڕزگار دەکرێن.





سەرچاوەکان
(١) تۆڕی میدیایی ڕووداو، لەلایەن نەوزاد مەحموود، کەنیزەکەکانی خەلافەت، زنجیرە ستۆرییەکە لەبارەی ئەو ئافرەتە ئێزیدیانەی کە داعش لە ئابی ٢٠١٤ ڕفاندوونی و دواتر وەکو "کەنیزەك" مامەڵەی لەگەڵ کردن، لە هەر زنجیرەیەکدا یەکێك لە ڕفێنراوان بەسەرهاتی خۆی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە.
(٢)ماڵپەری باسنیوز، ڕیساله شارکانی
(٣) سایتی جینۆسایدی کورد، کازیوە ساڵح
(٤) سایتی جینۆسایدی کورد، کازیوە ساڵح
(٥)مألیەری باسنیوز، ڕیساله شارکانی
(٦) ماڵپەری باسنیوز، ڕیساله شارکانی
(٧) ماڵپەری باسنیوز، ڕیساله شارکانی
(٨) سایتی کوردستان ٢٤
(٩)ئەنفالستان، وەرگیرانی لەئینگلیزییەوە، ڕەگەز کەمال حەمە عەلی
سەرچاوە:
أ- دەیلی تیلیگرام
ب- مۆنتریال گازەتی
(١٠)ماڵپەری وشە- بڵند ئیبراهیم
(١١) وەرگێرانی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
(١٢) تۆری میدیایی ڕووداو، ناسر عەلی
(١٣) سایتی باسنیوز، ئەمیر ئەترووشی
(١٤) سایتی باسنیوز، بەهرە حەمەڕەش
(١٥) ئا: تەها سلێمان، سەرچاوە: داود موراد خەتاری
(١٦) ماڵپەڕی باسنیوز
(١٧) سایتی گۆلان
(١٨) سایتی جینۆساید کورد
(١٩) تۆری میدیایی ڕووداو- فارس مشکۆ و کاروان نەهێلی

**زۆر سوپاس بۆ برای ئازیز و خۆشەویست کاك ( هیوا نەجار ) بەڕێوەبەری کۆمپانیای ( نیازی هەژار ) کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەی گرتە ئەستوو.**